دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥٢٨

www. kurdistanukurd.com

پێنج شەممە١٥ی ڕێبەندان ١٣٨٨ ـ ٤ی فێورییەی٢٠١٠ ـ ١٥٠ تمەن ● ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی



وتاری سکرتێری گشتیی حیزب لە ٢ی ڕێبەنداندا

٤

بەیاننامە

ئێعدام پاشەکشە بە بزووتنەوەی گۆڕانخوازانە ناکا

٥

سیاسی



بزووتنەوەی سەوز و پێویستی ئاڵوگۆڕ لە گوتاردا

٧

بیروڕای ئازاد



دەرفەتێك بۆ خەڵکی کوردستان لە ٢٢ی ڕێبەنداندا

٨

### سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان:

# ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ دەرفەتێکە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کۆماری ئیسلامی تەنگی پێ هەڵچنرێ

## بۆ ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ دەبێ چی بەخەڵکی خۆمان بڵێین؟

**قادر وریا**

٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ، هەم بۆ سەرانی کۆماری ئیسلامی و هەم بۆ بزووتنەوەی سەوز گرینگییەکی تایبەتی هەیە. جارێکی دیکە دەرفەتێک هاتۆتەوە سەر ڕێی ئەم بزووتنەوەیە تا بە سەرانی کودیتاچیی ئەم ڕێژیمەی بسەلمێنێ تەسلیمی هەڕەشەکانیان نابێ و ئەم بۆنەیەش دەکاتەوە بە سەحنەی بێزاری دەربڕینی بەرینی خەڵک لەم دەسەڵاتە دیکتاتورو ناشەرعی‌یە.

لە حاڵێک دا لە ٢٢ی ڕێبەندان نزیک دەبینەوە کە پێویستیی هاوپێوەندی و پشتیوانی لەبزووتنەوەی سەوز، بووە بە پرسی ڕۆژی زۆربەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەگەر لە سەرەتادا، ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو لە پێویستیی پشتیوانی لەم بزووتنەوەیەو ڕاکێشانی سەرنجی بزووتنەوەکە بۆ لای پرسی نەتەوەیی دەدوا، ئێستا کۆمەڵێک حیزب و ڕێکخراوی دیکە تێکەڵ بەم گوتارە بوون.

٢٢ی ڕێبەندانی داهاتوو، هەلێکە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستانیش ـ کە لە بەربەرەکانیی ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی دا هەموو کات پێشەنگ بووە ـ پشتیوانی و هاوپێوەندیی خۆی لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ئێران پێشان بداو بە خەڵکی تاران و شارە گەورەکانی ئێران و سەرانسەری دنیا ڕابگەیەنێ کە کوردستانیش لە داواکردنی ئازادی و دێموکراسی و کۆتایهاتن بە دیکتاتۆری و ملهوڕی دا، هاودەنگی هەموو خەڵکی ئێرانە. بەڵام خەڵکی کوردستان لە ٢٢ی ڕێبەندان دا چ بکەن و کام هەڵوێست لەخۆیان نیشان بدەن تا لەلایەک هاوپێوەندیی خۆیان لەگەڵ بزووتنەوەی سەوز پێشان دابێ و لەلایەکی دیکەش ئەم کردەوە و هەڵوێستەیان بە قازانجی ڕێژیم نەشکێتەوە؟

لە تاران و شارە گەورەکانی وەک تەوریز، ئیسفەهان، شیراز، مەشهەد و .. خەڵک کە دێنە سەر شەقامەکان، بە ڕەنگی سەوزو هەڵگرتنی وێنەی ڕێبەرانی ئەم بزووتنەوەیە و زیاتر لە درووشمی "یا حسین میر حسین" ریزی خۆیان لە لایەنگرانی تاقمی دەسەڵاتدار جیا دەکەنەوە. جگە لەمەش چوونە سەر شەقام لە بۆنە حکوومی و مەزهەبی و گشتی یەکان داو دروشمدان بە دژی دەوڵەتی کودیتا و خامەنەیی دیکتاتۆر بووە بە عادەت، ئەگەر چی ئەم کارە هەزینەشی هەڵگرتبێ. لە کوردستان، خەڵک لەگەڵ ئەوەی لە خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێران زیاتر لە کۆماری ئیسلامی بێزارن، تا ئێستاش شوناس و ویست و داخوازەکانی خۆیان لە ڕەنگی سەوزدا نەدۆزیوەتەوە. کوردستان لە ٧ مانگی ڕابردوو دا نیشانی داوە بە ڕەنگی سەوزو بە هەڵگرتنی وێنەی ڕێبەرانی ئەم بزووتنەوەیە، نایەوێ بێتە سەر شەقام، ئەم هەڵوێستەشی لە خۆرا نیە. ئەوەش بە جێگای خۆی کە بە شێوەیەکی گشتی و تێکڕایی، خەڵکی کوردستان هەم سەبارەت بە بوونی ٣ دەیە سەرکوتی خوێناوی و بێرەحمانە،

ل ٢



**کوردستان ـ بەشی سیاسی:** "خالید عەزیزی" لە لێدوانێکی تایبەت بە "کوردستان"دا لەمەڕ سی ویەکەمین ساڵڕۆژی شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند کە ٣١ ساڵەی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی باشترین دەرفەتە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەو سیستمە بە چالش بکێشرێ و بنەمای شۆڕشێکی دیکە بەو جیاوازییە کە ئێستا خەڵك دەزانێ چی دەوی و خۆی حکوومەتی داهاتووی خۆی دیاری دەکا، دابنرێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە ئاماژە بەوەی ئێستا دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی ، ئابووری، نێونەتەوەیی و تەنانەت مەزهەبییش دا تووشی قەیرانێکی زۆر گەورە بووە وتی:" لە ساڵرۆژی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و ساڵڕۆژی بەلاڕێدا بردنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧دا باشترین کار ئەوەیە کە خەڵك هەر بەو چاوەڕوانی و ئێستعداد و تواناییەکانی ئەو کات کە دژی سیستمی پاشایەتی ڕاپەڕین، هەر بەو ئێستعداد و یەکدەنگییەوە بۆ جارێکی دیکە ئەو سیگناڵە بدەن بە کۆماری ئیسلامی کە هیچ داهاتووەیەکی نییە و هاوکات بە هێنانە گۆڕی دروشمی جۆراوجۆر تەعبیر لە فرەنەتەوە بوونی ئێران بکەن".

ل ٣

### کرماشان

## دەستبەسەر کردنی سەرنووسەری بڵاوکراوەی "نوای وقت"



**کوردستان ـ تایبەت:** "عەلی محەمەد ئیسلامپوور"، سەرنووسەری بڵاو کراوەی "نوای وقت" ی کرماشان ڕۆژی سێ شەممەی ڕابردوو کە لە لایەن لقی نۆهەمی دادگای شۆڕشی ئەو شارەوە بانگ کرابوو، بە بڕیاری دادوەر قۆڵبەست کرا.

بە پێی ئەم هەواڵە، ئەم ڕۆژنامەنووسە کوردە، تۆمەتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست و درۆ بەمەبەستی وروژاندنی ڕای گشتی و جنێودانی لە ڕێگای وێبلاگی"قەسر نیوز"ە دراوەتە پاڵ.

دادوەری دۆسیەی ئەم ڕۆژنامەنووسە بە پشت بەستن بە نامەیەکی ئیتلاعاتی کرماشان کە لەو نامەیەدا هاتوە کە گوایە دوو کەس لە گیراوەکانی ئەم دواییە لە ئیتلاعات دانیان بەوەدا ناوە کە وێبلاگی "قەسر نیوز" لە لایەن عەلی محەمەد ئیسلامپوورەوە بەڕێوە دەچێ. ئەمە لە کاتێکدایە کە لەم دواییانەدا لە یەکێك خوتبەکانی نوێژی هەینی دا "عەلی خامنەیی" ڕایگەیاندبوو کە ددانپێدانانی تۆمەتباران دژی یەکتر نادروست و هەر کەس ئەوەی لەسەر خۆی دەیڵێ دروستە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەم بارەوە پیی ڕاگەیاندین کە سەرنووسەری "نوای وقت" لە بەردەم دادوەردا هەموو ئەو تۆمەتانەی کە دروانەتە پاڵی ڕەت کردۆتەوەو وتوویەتی کە وێبلاگی "قەسر نیوز"یش هیچ پێوەندیی بەوەوەنیە.

بڵاو کراوەی "نوای وقت"ی کرماشان کە پشتگیری لە بزووتنەوەی سەوز دەکا تا ئێستا لە لایەن کاربەدەستانی قۆڵی پاوانخوازەوە چەندین جار ئاگادار کراوەتەوەو هەڕەشە لە بەڕێوە بەرانیشی کراوە.

## ئەحمەدی نژاد دەیهەوێ سێ ئەمریکاییە دەستگیر کراوەکە بگۆڕێتەوە

"مەحموود ئەحمەدی نژاد"، سەرکۆماری ئێران ڕۆژی سێ شەممەی ڕابردوو لە وتووێژێکدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی دەوڵەتیی ئێران ڕایگەیاند کە ئەو دەیهەوێ ئەو سێ ئامریکاییە کە لە سنووری نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستگیر کران بگۆڕێتەوە.

سەرکۆماری ئێران لە قسەکانیدا ئاماژە بەوەدا کە ئەمریکا لە وڵاتانی جۆراوجۆر ژمارەیەك هاووڵاتی ئێرانیی ڕفاندوە، بۆیە ئەگەر ئەمریکا ئەو ئێرانییە دەستگیر کراوانە ئازاد بکا ئەوا ئەوانیش ئەو سێ ئەمریکاییە ئازاد دەکەن.



ئەم سێ ئەمریکاییە شەش مانگ لەمەوبەر لە سنووری نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە دەستگیر کران و ئێستا لە بەندیخانەی "ئێوین"ی تاران دان.

## حیزبی "اعتماد ملی" ئامادەیی خۆی بۆ وتووێژی دوو قۆڵی لەسەر تەلەڤزیۆن ڕاگەیاند

حیزبی "اعتماد ملی" کە لە لایەن "مێهدی کەڕوبی"، پاڵێوراوی ناڕازیی خولی دیەمی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئێرانەوە سەرۆکایەتی دەکرێ، ئامادەیی خۆی ڕاگەیاند بۆ هەر چەشنە وتووێژێکی تەلەڤزیۆنی لەگەڵ قۆڵی پاوانخواز ڕاگەیاند.

"رحمت الله بیگدلی"، ئەندامی شووڕای ناوەندیی حیزبی"اعتماد ملی" لە لێکدوانێکدا ئاشکرای کرد کە مێهدی کەڕوبی جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ناوبراو(رحمت الله بیگدلی) لە بەرنامەی تەلەڤزیۆنی "دوێنێ، ئەمڕۆ سبەی" کە لە کەناڵ سێی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامییەوە بڵاو دەبێتەوە وەك ئەندامی شووڕای ناوەندیی حیزبی"اعتماد ملی" بەشدار بێ.

ئەم ئەندامەی شووڕای ناوەندیی حیزبی"اعتماد ملی" ڕاگەیاند کە ئەو بە بێ هیچ مەرجێك ئامادەیە لەو بەرنامەیەدا لەگەڵ یەکێك لە لایەنگرانی قۆڵی پاوانخواز بەشدار بێ و سەبارەت بە دۆخی ئێستای ئێران و هەڵبژاردنەکان و زۆر بابەتی دیکە قسە بکەن."

بە پێی ئەم هەواڵە ئەم داوایە ئاراستەی بەرپرسی گشتیی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی کراوە، بەلام تا ئێستا هیچ وڵامێك لەم بارەوە نەدراوەتەوە.

## ڕۆیتێر: لە گەمارۆکانی داهاتوودا بانکی ناوەندیی ئێران دەبێتە ئامانج




ئاژانسی هەواڵی "ڕۆیتێر" لە زمانی دیپلۆماتێکی ئەمریکاییەوە بڵاوی کردۆتەوە کە ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ فەرانسە، بریتانیا و ئەڵمانیا دەیهەوێ لەو گەمارۆیانەدا کە لە داهاتوودا دەخرێتە سەر کۆماری ئیسلامی، بانکی ناوەندیی ئەو وڵاتە بکەنە ئامانج.


بە پێی ئەم هەواڵە وڵاتانی ١+٥ لەسەر ئەو باوەڕن کە بانکی ناوەندیی ئێران لە سەرمایەرێژیدا بۆ گەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ناوکی و پیتاندنی ئۆرانیۆم ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ.

ڕۆیتێر لە زاری دیپلۆماتێکی ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکاوە کە نەیویستوە ناوەکەی ئاشکرا بکرێ بڵاوی کردۆتەوە کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پرۆژەیەکی پێشنیاری سەبارەت بەو گەمارۆیانەی کە لە داهاتوودا دەبێ بخرێنە سەر کۆماری ئیسلامی ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا، ئەڵمانیا و بریتانیا کردوە.

بەرپرسانی ئەم چوار وڵاتە(ئەمریکا، فەرانسە، بریتانیا و ئەڵمانیا) بڕیارە لە ڕۆژانی داهاتوودا لەم پێوەندییەدا کۆ ببنەوە.

### نامەی نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات

# بۆ ڕێکخراوەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ



لە نامەیەک دا کە کاک مستەفا شڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ڕۆژی ٢٠١٠/١/٢٦ بۆ ڕێکخراوەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ لە سەرانسەری جیهان و ناوەندەکانی بەدواداچوونی مافی ئینسانەکانی ناردوە، باس لە بارودۆخی نالەباری چالاکانی بەندکراوی کورد لە ئێران دا کراوە و هاوکات لە بابەت ئەگەری لە سێدارەدانی ٢١ کەس لەو چالاکانە، هەموو ئەو لایەنانە وریا کراونەتەوە.

لە بەشێکی ئەو نامەیەی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هاتوە :

**ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاریەوە دژایەتییەکی زۆری لە گەڵ نەتەوەکانی مافخوازی ئێران هەبووە، لە تەواوی ئەو ماوەیە دا ڕق و قینی خۆی بە گەلی کورد لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا ڕشتوە. هەر ئێستاش دەیهەوێ تەواوی خەڵکی ئێران بە هۆی ئەو جینایەتانەوە کە دەرهەق بە کوردەکانی دەکا، چاو ترسێن بکا.**

**بەو مەبەستەش دەستی کردوە بە سەپاندنی حوکمی لە سێدارەدان بە سەر لاوانی کورد دا و لە کوردستان هەر کەسێک بگیرێ، مەترسیی حوکمی ئیعدامی لە سەرە.**

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی ئەو نامەیە دا نووسیویەتی : هەر ئێستا ٢١ کەس لە چالاکانی مەدەنی و سیاسی لە کوردستان حوکمی ئیعدامیان بە سەر داسەپاوە لە نامەکەدا هاتوە:

**بەم هۆیەوە داواتان لێ دەکەم هەرچی زووتر هەوڵێکی پیشگیرانە بدەن و نەهێڵن دەستە دەستە لاوی کورد بە بێ تاوان بچنە بن سێدارە. پێشگرتن لە درێژەدانی ئەو جینایەتە، ئەرکی ئینسانیتانە و پێشنەگرتنی ئەو جینایەتانە بە مانای ئازادکردنی دەستی جینایەتکارانی دژی مرۆڤایەتییە.**

پێویستە بگوترێ نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لەو نامەیەدا داوای کردوە فشار بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی تا دەست لە کوشتاری لاوانی کورد هەڵ بگرێ.

# پشتیوانیی ناوەند و لایەنە جۆراوجۆرەکان لە بانگەوازی نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات

بە دوای بڵاوبوونەوەی نامەی بەرپرسی کومیتەی بەڕێوەبەری و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات کاک مستەفا شڵماشی، بۆ بە دەنگەوە هاتنی ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ و ناوەندەکانی بەدواداچوونی مافی ئینسانەکان لە بابەت بارودۆخی بەندکراوانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و مەترسی ئیعدامی ٢١ کەس لەو بەندکراوانە، چەندین حیزب و ناوەندی نێونەتەوەیی پشتیوانیی خۆیان بۆ زیندانیانی کورد لە ئێران، بە تایبەت ئەوانەی حوکمی لە سێدارەدانیان بە سەر دا سەپاوە ڕاگەیاند. ئەمنێستی ئینتەرناشناڵ، حیزبی سۆسیالیستی هولەند، حیزبی سەوزەکانی ئوتریش و ، حیزبی سۆسیالیستی ئوتریش بە ناردنی نامەی ڕاستەوخۆ بۆ بەرپرسی دەرەوەی حیزب کاک مستەفا شڵماشی، پشتیوانیی خۆیان بۆ ئازادیی ئەو بەندکراوانە ڕاگەیاندوە. هەروەها، هەروەک پێشتریش لە هەواڵەکان دا هاتبوو، لە دیداری بەر پرسی پەیوەندییە کانی حیزب بۆ پارلمانی ئوروپا،لە دیداری نێوان هاوڕێ کاوە ئاهەنگەری لە گەڵ خانمی باڕبارا لۆخبیهلێر سەرۆکی لیژنەی پارلمانی ئورووپا بۆ کاروباری ئێران دا، ناوبراو پشتیوانیی خۆی بۆ ئازادیی زیندانیانی سیاسی و مەدەنیی کورد ڕاگەیاند.

شایانی باسە کە داوای پشتیوانی نوێنەری حدک لە دەرەوەی وڵات بە زۆر ناوەند و ڕێکخراوی مرۆڤدۆست و حیزب و ناوەندی سیاسی هەر لە کاناداوە تا ئوسترالیا و نیوزیلاند گەیشتوەو چاوەڕوان دەکرێ لە ڕۆژانی داهاتوودا زۆر لەو ناوەند و ڕێکخراوانە پشتیوانیی خۆیان بۆ بانگەوازەکەی نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات دەربڕن

# دیداری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

پێشنیوەڕۆی چوارشەممە ٢٠١٠/١/٢٧ (٧ی ڕێبەندانی ١٣٨٨) هەئیەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سەردانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە هاوینە هەواری سەلاحەدینی کرد.

هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لایەن بەڕێز فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی و کۆمەڵێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا. لە دانیشتنی هاوبەشی هەیئەتی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دا، سەرەتا ڕێزدار فازڵ میرانی، بە گەرمی بە خێرهاتنی هەیئەتی میوانی کرد. سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات دوای ئاوردانەوە لە پێوەندییەکانی پارتی و حیزبی دیموکراتی کوردستان و، خوشحاڵی دەربڕین لە چۆنیەتی و ئاستی ئەم پێوەندییانە، باسێکی سیاسیی لە چەند تەوەر دا خستەڕوو. لە چوارچێوەی ئەم باسە دا ڕوانگە و هەڵویستی پارتی دیموکراتی کوردستانی لە بارەی بارۆدوخی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان، هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق، ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردووی ئێران، ئاڵوگۆڕەکانی تورکیە و پرسی کورد لەم وڵاتە دا ڕوون کرانەوە.

دواتر بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، باسێکی لە بارەی سیاسەت و ڕوانگە و هەڵوێستەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێشکەش کرد.

بەڕێز عەزیزی وێڕای بەرز نرخاندنی پێوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکرات، ئەزموونی ئەم پارتە و کوردەکان لە وڵاتی فرەنەتەوەو فرەئایینی عێراقی بۆ حیزبەکەی و گەلی کورد لە ئێران بە گرینگ دانا. گوتیشی هاوبەشیی کورد لە دەسەلاتی سیاسیی عێراق دا و دابین بوونی مافەکانی لەم وڵاتە دەتوانێ بۆ وڵاتانی دراوسێ جێگای لێ وردبوونەوەو فێر بوون بێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان پاشان چووە سەر ڕووداو ئالۆگۆڕەکانی چەند مانگی ڕابردووی ئێران. لەم پێوەندییە دا هەڵوێستی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لە بارەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری و ڕووداوەکانی دواتر خستە ڕوو و، ڕوونیشی کردەوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوە دایە کە خەڵکی کوردستانی ئێران هیچ دەرفەتێک بۆ هێنانە گۆڕی داخوازەکانیان و شوێندانان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان بە قازانجی پرسی نەتەوەیی خۆیان لە دەست نەدەن. لەم دیدارەدا عەزیزی ئامادەیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی بۆ دیالۆگ و هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ لایەنەکانی دیکە، چ کوردو چ ئێرانی دووپات کردەوە. پێشبینیی ئەوەشی کرد کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی فشاری زیاتر بخاتە سەر ڕێژیمی ئێران.

سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان خوشحالیی خۆی لە نزیکبوونی ڕوانگە وهەڵوێستەکانی هەردوو حیزب لە بوارە جیاوازەکان دا دەربری و دووپاتی کردەوە کە پێوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان هەڵکشان و بەرەوپێشچوونی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێ.

پێویستە بگوترێ هەئیەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سکرتێری گشتیی حیزب و بەڕێزان مستەفا مەولوودی جێگری سکرتێر، حەسەن ڕەستگار و قادر وریا ئەندامانی دەفتەری سیاسی و عومەر باڵەکی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە هەولێر پێک هاتبوو.

لە پارتی دیموکراتی کوردستانیش وێرای سکرتێری مەکتەبی سیاسی، بەڕێزان محەممەد مەلاقادر، عیزەدین بەرواری و مەحموود محەممەد ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، ڕەمزی شەعبان، ئەندامی سەرکردایەتی، سەلاح دەلۆ بەرپرسی مەکتەبی پێوەندییەنیشتمانی و کوردستانییەکان و ئەحمەد مایی، سکرتێری ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی، بەشداری ئەم دانیشتنە بوون.





# لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب، یادی ٦٤ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان کرایەوە

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بۆنەی هاتنی ٢ ی ڕێبەندان، شەست و چوارەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕێوڕەسمێکی بە شکۆ و تایبەتی بەڕێوە برد.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە، ١ ی ڕێبەندان بە بەشداریی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگەکان و بەشێکی زۆر لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب و کۆمەڵێک لە ئەندامانی بنەماڵەکانی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب لە ساڵۆنی گشتیی بۆنەو ڕێوڕەسمەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب بەڕێوەچوو، یاد و بیرەوەریی شەست و چوارەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەرز ڕاگیرا و لە گەڵ ئامانجەکانی کۆماری کوردستان و بیر و ڕێبازی قازی محەممەد، سەرۆک کۆماری کوردستان بەڵێنی وەفا نوێ کرایەوە.



ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ساتێک بە بێدەنگی ڕاوەستان بۆ ڕێز گرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد.

پاشان کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنە تایبەتییە باسێکی پێشکێش کرد. دەقی قسەکانی بەڕێزیان لەم ژمارەیەدا بڵاوکراوەتەوە.

بەشی ئەدەبی و هونەریی ئەو ڕێوڕەسمەش کۆمەڵە بڕگەیەکی سەرنج ڕاکێشی لە خۆ گرتبوو کە لە لایەن بەشدارانەوە پێشوازییان لێ کرا.

سروودی ڕێبەندان لە لایەن گرووپی ژیلەمۆ، خوێندنەوەی هەڵبەستێک لە لایەن نادر قازی، خوێندنەوەی پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی لاوان و ژنان، چەند گۆرانییەک لە لایەن هونەرمەندانی دەنگخۆش حەبیب قادری و جەلیل فەرهیختە، پەخشانە شیعرێک لە لایەن هەباس حەقبین، حەیرانێک بە دەنگی دڵبزوێنی ئەبووبەکر پەساوەندی و چەند تابلۆیەکی هەڵپەرکێی گرووپی پێشمەرگە و هەڵپەرکیی گشتی، ڕازێنەرەوەی ئەو ڕێوڕەسمە تایبەتییە بوون.

درێژەی:

# بۆ ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ دەبێ چی بە خەڵکی خۆمان بڵێین؟

هەم بە هۆی بچووکبوونی شارەکان و لە پەراوێزدا بوونی ناوچەکە ودەنگنەدانەوەی تاوان و سەرکوتی ڕێژیم لەکاتی خۆپیشاندانەکان دا و بە تەنیا مانەوە لە ڕابردوودا، ڕوویان لە خۆپیشاندان نیە. لە بەرامبەردا، زیاتر پێشوازییان لە مانگرتنی گشتی وەک شێوەیەک لە ناڕەزایەتی دەربڕین کردوە کە هەزینەشی لە خۆپیشاندان کەمترە.

لە ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ دا، خەلکی کوردستان ئایا بە مانگرتنی گشتی دەبێ هاوپێوەندیی خۆیان لەگەڵ خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێران نیشان بدەن؟ ئەویش لەکاتێکدا کە لەلایەن ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوزەوە، بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ تاقمی دەسەڵاتدار لە تاران و شارە گەورەکانی دیکە، هاتنە دەر لە ماڵ و چوون بۆ سەر شەقام لەم ڕۆژەدا پێشنیار کراوە! ئایا خەڵکی کورستان ئەگەر وەک عادەتیانە، بێ ڕەنگی سەوزو نیشانەکانی ئەم بزووتنەوەیە بچنە سەر شەقام، ڕێژیم لە حوزووری بێڕەنگی سەوزی ئەوان بە قازانجی خۆی کەڵکی تەبلیغاتی وەرناگرێ؟ ئایا دەگونجێ خەڵکی کوردستان بە مۆرکی کوردانە و دروشمی تایبەت بە خۆیانەوە کە هەم هاوهەڵوێستی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕانخوازانەی خەڵکی ئێرانی پێوە دیار بێ، هەم ناڕەزایەتی و بێزاری لە ڕێژیم، بێنە سەر شەقام؟

لێرەدایە کە جارێکی دیکە پێویستیی دیالۆگ، هاوکاری و هاهەڵوێستی لەنێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆی دەردەخاتەوە. خەڵکەکەمان چاویان بڕیوەتە هەڵوێست و دەنگ و ڕەنگی حیزبەکانیان . حیزبەکانیش سەرەڕای دانانی بە پێویستی و هاوپێوەندیی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە کوردستان و ئێران و پێشبڕکێی شوێندانان لەسەر بزووتنەوەی سەوز، کارێکی ئەوتۆیان بۆ هاوهەڵوێستی و هاوهەنگاوی لەنێوان خۆیان و لەنێو خەڵک دا نەکردوە!

تا ٢٢ی ڕێبەندان حەوتوویەکی ماوە. با لەم یەک حەوتوویە دا هەڵوێستمان بکەین بە یەک و، ئەوەندەمان ئازایەتی و هەستکردن بە بەرپرسایەتی تێدابێ، کە هەڵوێستێکی شیاوی چاوەڕوانیی خەڵک لەم ساتە مێژوویییە دا بگرین.

# له نزیک هەولێر بە هاوبەشی یادی ٢ی ڕێبەندان کرایەوە

پێشنیوەرۆی رۆژی پێنجشەممە، ٨ ی ڕیبەندان ، ناوەندی٣ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وفەرمانگەی روشنبیریی پارتی دیموکراتی کردستان لە بەحرکە بە هاوکاریی یەکتر ریۆرەسمێکیان بە بۆنەی شەست و چوارەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان پێک هینا.

لەو رێوڕەسمە کە کاتژمێر ١٠ بەیانیی پێنجشەممە، ٨ ی رێبەندان بەسرودی نەتەوایەتی دەستی پێ کرد، سەرەتا پەیامی فەرمانگەی روشنبیریی بەحرکە لە لایان بەرێوەبەری فەرمانگەکەوە خویندرایەوە.

پاشان دوای نیشاندانی فیلمێکی دیکۆمێنتیی بەرهەمی تەلەویزیونیی کوردکانال لە سەر یادی ٢ی رێبەندان وکۆمار ودەستکەوتەکانی، تیکوشەری ماندویی نەناس جەلیل گادانی وتەیەکی لەسەریادوبیرەوەریی ٢ی ریبەندان ودەسکەوت و خزمەتەکانی ئەم کۆمارە پیشکەش کرد.

بڕگەیەکی دیکەی رێورەسمی یادی ٢ی ریبەندان لەفەرمانگەی روشنبیری بەحرەکە پێشکەش کردنی سروودی ٢ی ریبەندان بە دنگی هونەرمەند هەمزە ئاگوشی بوو کەدوابەدوای ئەو، پەیامی چەند حیزب ولایەن و رێکخراو خویندرانەوە کە بەشێکیان بریتی بوون لە پەیامی پارتی دیموکراتی کودستان، پەیامی مەڵبەندی ١٨ی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، پەیامی حدک ناوندی ٣ی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

پاشان شاعیر نادر قازی بەپیشکەش کردنی ٢ پارچە شیعری بەهەست چێژیکی زیاتری بە رێوەرسمەکە بەخشی.

هەرلەم رێورەسمەدا پێشمەرگەی هونەرمەند "شورش پایمەرد" بەرهەمێکی هونەری خۆی پێشکەش بە ناوەندی روشنبیری و یادی ٢ی رێبەندان کرد.

بڕگەیەکی دیکەی ئەم یادە نەتەوەییە ، پێدانی خەڵات ولەوحی رێزلێنان بوو بە دوتێکوشەری دیرینی نیوخەباتی دور و درێژی کورد کە لە رۆژە سەختەکانەدا کە هاورێ لەگەڵ بارزانیی نەمر لە کۆمار و لە ناخوشیە کانی دواتری ناوشورش دا بەشداربوون.

# ڕێوڕەسمی ٦٤ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە وڵاتی سۆئێد بەڕێوەچوو





کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سوئێد بۆ ڕێز گرتن لە ٦٤ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆی بۆ کوردانی دانیشتووی وڵاتی سوئێد ، بە بەشداریی بەرچاوی کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، لەم وڵاتە و نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سوئێدی و کوردستانییەکان، کۆمەڵێک لە کەسایەتییە سیاسییە کوردەکان و دۆستان و دڵسۆزانی گەلی کورد پێک هێنا.

ڕۆژی شەممە ١٠ی ڕێبەندان، بەشێکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتووی وڵاتی سوئێد لە گۆڕەپانی بەردەم " ڤیستروس هاللێن"ی شاری ڤیستروس بە مەبەستی بەشداری و ڕێزگرتن لە ٦٤ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان کۆبوونەوە و بەرەو ساڵۆنی ئاهەنگەکە چوون.

ئەو ڕێوڕەسمە کە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب لە لایەن پۆلێک لە کیژ و کوڕانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پاشان خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و بە تایبەت شەهیدانی کۆمار دەستی پێ کرد، پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سوئێد لە لایەن کاک حەمە ڕەسووڵ کەریمی بەرپرسی کۆمیتەی سوئێد پێشکەش کرا.

لە درێژەی پەیامەکان دا ئەو چەند پەیامە لە لایەن نوێنەرەکانیانەوە خوێندرانەوە:

حیزبی لیبرالی گەل، حیزبی چەپ ، حیزبی سوسیال دێموکرات ، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ، ناوەندی سوئێدی کوردی ، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پەیامی مامۆستا شێخ عێزەددین حوسێنی کە لە لایەن مستەفا فەتحیانەوە خوێندرایەوە.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە دا ، محەممەد ئیسماعیلی بەرپرسی بەشی پەیوەندییە سیاسییەکانی کومیتەی سوئێد چەند وتەیەکی سەبارەت بە بەشداریی نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردو کوردستانی و کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکانی کورد لەم یادە پیرۆزەدا پێشکەش کرا و بە نوێنەرایەتیی کۆمیتەی حدک لە ولاتی سوئێد سوپاسی ئامادەبوون و بە دەنگەوە هاتنی نوێنەری حیزبو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی کە بریتی‌بوون لە :یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان ، پارتی دێموکڕاتی کوردستان ، کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران ، پارتی سەربەخۆیی کوردستان وپارتی سۆسیال دێموکراتی کوردستان ، فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان ، پارتی سەربەستیی کوردستان ، ڕێکخراوی خەباتی شۆرشگێری کوردستان ، حیزبی شیوعیی کوردستان ، بزوتنەوەی دێموکراتیکی یارسان ، کۆمەڵگەی ئاشتی و گەشە پێدانی کوردستان ، کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان ، کۆمەڵەی ڕێکخستنە دێرینەکانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان ، کۆمەڵەی کولتوری کوردی (وێستروس) و کۆمەڵەی کولتوری کوردی ئۆرێبرۆ.

دوابەدوای پێشکەش کرانی پەیامەکان، لە لایەن بەرێوەبەرانی یادی ٢ی ڕێبەندانەوە چەند هۆنراوە پێشکەش کران و دواتر کیژ و کوڕانی دێموکرات بە ریزە هەڵپەرکێ‌یەکی جوان پێشوازیان لە ٦٤ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان کرد.

لە نێوئاخنی بەرنامەکە دا سەید کەماڵ بە سروودێکی نیشتمانی ، کیژۆڵەی دەنگخۆش شنۆ ئەحمەدی بە گۆرانی‌یەک و ڕەحمانی نستانی بە حەیران، هەستی خۆیان سەبارەت بە کۆماری کوردستان دەربری.

پاشان بەشی هونەریی یادی ٢ی ڕێبەندان بە بەشداریی ٢ کەس لە هونەرمەندانی دەنگخۆشی گەلی کورد واتە ناسر ڕەزازی و بەختیار ساڵح درێژەی بەو جێژنە دا وبەم شێوەیە ئامادەبووان ، خۆشحاڵی خۆیان بەبۆنەی ٦٤ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەربڕی.

# نوێنەری حیزب بۆ کاروباری پارلمانی ئوروپا لە گەڵ بەرپرسی لیژنەی پارلمان بۆ کاروباری ئێران کۆ بۆوە

رۆژی هەینی رێکەوتی ٢٩ی ژانویەی ٢٠١٠ هاورێ کاوە ئاهەنگەری نوێنەری حیزب بۆ کاروباری یەکێتی ئوروپا لەگەڵ خانمی باربارا لۆخبیهلێر ( Barbara Lochbihler) ئەندامی پاڕلمانی ئوروپا لەسەر لیستی ئاڵمان و بەرپرسی لیژنەی پاڕلمانی ئوروپا بۆ کاروباری ئێران، دیدارێکی پێکهێنا. لەم دیدارەدا هاورێ کاوە ئاهەنگەری وێرای دەسخۆشی لە ئەندامانی پاڕلمانی ئوروپا بە گشتی و لیژنەی تایبەت بە کاروباری ئێران بە تایبەتی بۆ بەدواداچونی ئەم دوایانەی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران، ئاماژەی بە چالاکانی کوردی نێو بەندیخانەکانی ئێران کرد کە لەم نێوەدا ٢١ چالاکوانی کورد حوکمی ئێعدامی‌یان بۆ بەرێوەبراوەتەوە.



هاورێ ئاهەنگەری وێڕای ئاماژە بە اعدامی ٢ کەس لە تاران و ئێحسان فەتتاحیان و فەسیح یاسەمەنی لە کوردستان، وەرێخستنی شەپۆلی ئێعدامی چالاکانی سیاسی لە ئێراندا وەک سیاسەتی ترساندن و پاشەکشەکردن بە بزووتنەوەی جەماوەری دوای هەڵبژاردنی خوولی دەیەمی سەرکۆماری لە ئێراندا وەسف کرد و داوی لە بەرێزیان کرد کە بۆ پێشگیری لە بەرێوەبردنی ئێعدامی زندانیانی سیاسی و مەدنی کورد یارمەتی چالاکانی بەندکراو بدەن

دواتر خانمی لۆخبیهلێر سەبارەت بە پێکهاتەی ئێران و چۆنێتی پێوەندی نیوان ئۆپوزیسیون ئێرانی و بزووتنەی کەسک و کێشەی ناوەکی ئێران پرسیارگەلێکی هێنایە ئاراوە کە هاورێ کاوە وێڕای وڵام و شەرحی پێویست لەم پێوەندیەدا ئاماژەی بە پشتیوانی بزووتنەوەی کورد لە بزووتنەوەی ناسراو بە کەسک کرد و تەئکیدی کردەوە کە لەگەڵ ئەوەیکە کورد بزووتنەوەی کەسک وەک پرۆسەی دێموکراتیزەکردنی ئێران چاو لێدەکات بەڵام کورد لە ئێراندا خاوەن شوناسی سیاسی تایبەت بە خۆیەتی و رێبەرانی بزووتنەی کەسکیش پێویستە سرنجی زیاتر بدەنە تایبەتمەندییەکانی کوردستان. لە کۆتاییدا هاورێ کاوە ئامادەگی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆ هاوکاری لەمەر ئێران و پرسە پێوەندیدارەکانی تایبەت بە ئێران راگەیاند و نامەی بەرێز کاک مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کۆمیتەی رێبەری حیزب لە دەرەوەی وڵات کە بۆ رێکخراوە نێوەدەوڵەتییەکانی لەمەڕ چالاکانی کوردی ژێر حوکمی ئێعدامدا نووسیوە، لەگەڵ راپۆرتی ئامادەکراوی کۆمیتەی دەرەوەی وڵات سەبارە بە رەوشی مافی مرۆڤ لە ئێراندا پێشکەش بە بەرێزیان کرد. جێی ئاماژەیە کە خانمی لۆخبیهلێر بەڵێنیدا کە لە دانیشتنی حەفتەی داهاتوو ئەندامانی پاڕلمانی ئوروپا لە ستراسبورگی فەڕانسە لەگەڵ تاوتوێکردنی کیشەی مافی مرۆڤ لە ئێراندا باسی حوکمی ئێعدامی زیندانیانی سیاسی و مەدەنی کورد بێنێتە بەرباس.

شایانی باسە کە ئەم دیدارە لە ئۆفیسی خانمی لۆخبیهلێر لە پاڕلمانی ئوروپا لە بروکسێل بەرێوەچوو و کاتژمێرێکی خایاند.

# بەرزراگرتنی یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ

ئێوارەی رۆژی هەینی ٢٩ی رێبەندان، بە بەشداریی سەدان کەس لە ئەندامان، لایەنگران ، دۆستان و رەوەندی کورد لە وڵاتی نۆروێژ، شەست وچوارەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەرز راگیرا.

بەشدارانی ئەو جێژنە بە شەوقێکی لە رادەبەدەر بەرەوپیری ئەو یادە مەزنە نەتەوەیی‌یەوە هاتبوون. لەو رێزگرتنەدا پەیامو شیعر پێشکەش کران کە لە هەموویاندا، داوای لێک نزیک بوونەوەی هێزەکانی کوردستان کرابوو.

ئەو رێوڕەسمە بە خوێندنەوەی سرودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" دەستی پێ کرد کە لە لایەن کوڕی مێرمندالانی سەر بە یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی رۆژهەلاتی کوردستانەوە ئامادە کرابوو، پاشان خولەکێک بێدەنگی بۆ رێز گرتن لە شەهیدانی ریگای رزگاریی کوردو کوردستان راگیرا.

دواتر وێنەیەک کە بە بۆنەی ٦٤ەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان و بە ٦٤ مۆم دروست کرابوو، لە لایەن مریەم حوسێنی هاوسەری خواڵێخۆشبوو مامۆستا مەلا خدر دۆڵەگەرمی وتێکۆشەری دێرین کاک رەشە داگیرسا.

لە بەشێکی دیکەی رێورەسمەکەدا پەیامی ئەو حیزب و لایەنانە خوێندرانەوە:

کومێتەی حدک لە وڵاتی نۆروێژ، یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان، یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی رۆژهەلاتی کوردستان، پارتی دێمۆکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆمەلەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، رێکخراوی خەباتی شۆرشگێری کوردستان، ئەنجومەنی بزوتنەوەی گۆران، پارتی سەربەخۆی کوردستان ،یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، پارتی سەربەستیی کوردستان، ئەو رێکخراوانەی، بروسکەپیرۆزباییان بۆ ئەو رێوڕەسمە ناردبوو: کۆمەڵەی زەحمتکێشانی کوردستان، کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان، رێکخراوی ئێ سۆئێ س راسیزمە، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، پارتا یەکەتیا کورد لە سوریا.

لە برگەکانی دیکەی رێزگرتن لە ٢ی رێبەندان ، بە پێشکەشکردنی شێعرێک لە لایەن حاجی حوسێن حەددادەوە و خوێندنەوەی هۆنراوەیەک بۆ کۆماری کوردستان لە لایەن کوێستان عومەرزادەوە ، رێورەسمەکە زیاتر رازایەوە.

پێویستە بگوترێ کۆتایی ئەو رێوڕەسمە شایی و هەڵپەرکێی ئامادەبووان بە گۆرانییەکانی هونەرمەندان بەکر لەگزی و هێرش هەورامی بوو.

درێژەی:

## سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان: ٢٢ی رێبەندانی ئەمساڵ دەرفەتێکە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کۆماری ئیسلامی تەنگی پی هەڵچنرێ

خالید عەزیزی لە درێژەی وتەکانیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بە ئەزموون وەرگرتن لە ٣١ ساڵ کێشە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی پێویستە بە هەموو لایەکەوە بیر لە پرۆژەیەك بۆ داهاتووی ئێران بکەینەوە کە بێ هەڵاواردن، هەموو جیاوازی و فرە چەشنیی کۆمەڵگەی ئێران لەبەرچاو بگرین و خەڵك لە دەوری ئەو پرۆژەیە کۆ ببێتەوەو ئەرکی هەموو حیزبەکانە(بە کوردستانی و سەراسەرییەوە) لەو پێوەندییەدا هەوڵ تواناکانی خۆیان بخەنە گڕ.

عەزیزی لە کۆتایی لێدوانەکەیدا بە ئاماژە بە رووداوەکانی ئەم دواییەی نێوخۆی ئێران وتی:"دوای ٣١ ساڵ کۆمەڵانی خەڵك بۆ جارێکی دیکە رژاونەتە سەر شەقامەکان و ئەو خەڵکەی کە ٣١ ساڵ پێش ئەمڕۆ شۆڕشیان کرد ئێستا ئێستعداد و توانایی ئەوەیان هەیە بەو رێژیمە بڵێن کە چون ٣١ ساڵ پێش ئەمڕۆ شۆڕشمان کرد و سیستمی پاشایەتیمان نەویست، ئێستاش لەو چوارچێوەیەدا هاتووینەتە سەر شەقامەکان بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕێك لە ئێراندا پێك بێ."

# بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی ٢ی ڕێبەندان لە وڵاتی بریتانیا

بۆ ڕێز گرتن لە یاد و بیرەوەری ٢ی ریبەندان ٦٤ هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، ڕێو ڕەسمێکی بەشکۆ لە شاری لەندەن پێک هات .

ئەو ڕێوڕەسمە کە بە بەشداری سەدان کەس لە ئەندمانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، نوێنەرانی لایەنە سیاسییە ئێرانی و کوردستانی‌یەکان و ژمارەیەکی زۆر لە میوانانی تایبەتی ، کاتژمێر ٣ ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ٣١ی ژانویەی ٢٠١٠ لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری لە شاری لەندەن بەڕێوەچوو.

ئەو ڕێوڕەسمە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتی ئەیٚ ڕەقیب و ڕاگرتنی دەقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان، بە تایبەتی شەهیدانی کۆماری کوردستان دەستی پێ کرد.

دواتر پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە لایەن محەممەد میراوەیی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە بریتانیا پێشکەش کرا .

پاشان حیزبەکانی میوان لەو بۆنەیە دا پەیامی خۆیان پێشکەش کرد: پارتی دێموکراتی کوردستان ، یەکێتی نیشتمانی کوردستان ، مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی ، پارتی ئازادیی کوردستان ، جنبش ملی بلوچستان لەلایەن کاک شەهاب ، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و جبهە دمکراتیک مردم الاحواز.

جێی ئاماژەیە کە کۆتایی ئەو ڕێورەسمە شایی و هەڵپەڕکێی ئامادەبووان بوو.

# وتاری سکرتێری گشتیی حیزب

# هاوڕێی بەڕێز خالید عەزیزی

## لە ڕێوڕەسمی ٦٤ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان دا

**کـۆمەڵانی خەڵـکـی خەباتکـار، مافخواز، ئازادیخوازو سوڵحخوازی کوردستان!**

**هاوڕێیانی حیزبی!**

**خوشک و برایانی خۆشەویست!**

ئەمـڕۆ شێسـت و چـوار سـاڵ بەسـەر دامەزرانـی کۆمـاری کوردستان لە سەر دەستی حیزبی دێمـوکراتی کوردسـتان و بە ڕێبەرایەتی پێشەوای نەمر، پێشـەوا قـازی محەمـەد رادەبـڕێ. بیرەوەریی کۆماری کوردستان، لە راسـتیدا بیرەوەریـی ڕۆژێکـی مێژووییە کە لە باری کۆمەڵایەتی، سیاسـی، حیزبـی، نەتەوەیـی، بـۆ کـۆمەڵانی خەڵـک لە ڕۆژهەڵاتـی کوردستان، ئاوڕ لێ دانەوەی، پڕ بە پێستی خۆیەتی و، ئەرکی هەمـوو لایەکی ئێمەیە بە ئەندامانی حیزب و هەروەهـا بە کـۆمەڵانی خەڵـک لە نێوخـۆی وڵاتەوە، ئـاوڕ لەم ڕۆژە بدەینەوە.

باشترین یادکردنەوە لە کۆماری کوردستان وێـڕای بەرزنرخانـدنی ئەرکـی بەڕێـوەبەران و دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان، لە هەمـان کاتیشدا ئـاوڕدانەوەیەکە لە دەسکەوتەکان و ئیفتخاراتی ئەم ڕۆژە. تەبـیعەتەن دامەزرانـی کۆمـاری کوردسـتان لە لایەن حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان لە هەمـان کاتیشـدا ئیلزامـات و تەعوهوداتی ئەو حیزبە بۆ ئێستاو بـۆ داهـاتوو زۆرتـر دەکـاو دڵنیام ئەنـدامانی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان و کـۆمەڵانی خەڵکـی کوردستان، هەموو پشت بە پشتی یەکتـر دەتـوانین لە داهـاتوودا دەسـکەوت و سـەرکەوتنی لەم جـۆرە کە کـاتی خـۆی کۆمـاری کوردستان بە ڕێبەرایەتیی پێشـەوا قازی محەمەدو لە سەر دەستی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان تۆمـاری کـرد، دیسـان تۆمـار بکەیـنەوە. بە شـەرتێک هەر بەو شێوەیە کە کاتی خۆی لە کۆماری کوردسـتاندا هەمـوو چـین و توێژەکـانی کۆمەڵگـاو ڕێبەرایەتیی ژێری ئەو کاتی حیزبی دێموکراتی کوردسـتان توانیـان لەگەڵ ڕووداوەکـان هەڵسـوکەوت بـکەن، ئێمەش لە ئێستاو لە داهاتوودا ئاوا واقعبینـانە لەگەڵ ڕووداوەکـان هەڵسوکەوت بکەین.

بیرەوەریی کۆماری کوردستان، بیـرەوەری سـەرکەوتنە، یـادکردنەوەی دەسـکەوتێکی مێـژووییە، بیرەوەریـی کـارو نەتـیجەی خەبـاتی تێکۆشـانی کـۆمەڵانی خەڵکـی کوردستان بە ڕێبەرایەتیـی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانە کە ئەو کـاتە کۆمـاری کوردستانیان دامەزراند. ئەگەر وایە بیرەوەریـی سـەرکەوتن بەو مەعنایەیە کە ئێمە بە دوای کۆماری کوردستانیشـدا ئاوڕێـک لە سـەرکەوتنەکان بدەینەوەو، لە ژێـر ڕووناکـایی هەمـووی ئەو سـەرکەوتنانەو ئەزموونـانەدا تـێ بکۆشین لە داهـاتوودا سـەرکەوتنی گەورەتـر بە هەمـوو لایەکمـان مسۆگەر بکەین. ئەگەر ئەو کات لە بەتاڵاییەکـدا کە دوای شـەڕی دووهەمـی جیهـانی یـا لە کـاتی شەڕی دووهەمی جیهانی لە ئێران هـاتە گـۆڕێ بە شـێوەیەکی زۆر ژیـرانەو وریایـانە، ڕێبەرایەتیـی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان و بەتایبەت پێشەوا قازی محەمەد لە دەرفەتەکە کەڵکـی وەرگـرت و دەرفەتەکەی قۆسـتەوەو واقعبینـانە لەگەڵ هەلسـوکەوتەکان موعـاملەی کـردو کۆمـاری کوردسـتانی دامەزرانـد، ئـێمە دوای کۆمـاری کوردسـتانیش دەرفەتـی وامـان بـۆ هەڵـکەوتەوە. کـاتی خـۆی کە لە ئێـران شـۆڕش کـرا، شۆڕشـی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکـی کوردسـتانیش تێـی دا بەشدار بوون دوای ئینقلاب دیسان کـۆمەڵانی خەڵـک لە ڕۆژهەڵاتـی کوردستان و یەکێک لەوانە حیزبی دێمـوکرات هەمـوو هەوڵ و تێکۆشانی خۆی هێنا گۆڕێ کە لە دەرفەتەکان کەڵک وەربگرێ و ئەو هەلومەرجەی کە هاتبووە پێشێ، بۆ جارێکی دیکە (سی و چوار ساڵ دوای ئەو ڕۆژە) دیسـانەکانە بە شـێوەیەکی دیکە دەسـکەوتەکانی کۆماری کوردستان دوای ئینقلابی ئێـران تۆمـار بکـاتەوەو لە کوردستانی ئێران فەزایەک دروست بکا کە کۆمەڵانی خەڵک هەموو بە یەکەوە لە ژێـر ڕووناکـایی بۆچوونەکانی حیزبی دێموکرات و لایەنەکـانی دیـکە بتـوانن کۆمەڵگـایەکی موتەمەدینـانەو قانوونی دابمەزرێنن و لەمەو بەدوا دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان پتـر نەهـادینە بکـرێ. ئەگەر بە داخەوە ئەو وەختـی سـەرەڕای هەمـوو هەوڵ و تێکۆشـانی ئـێمە، سـەرەڕای هەمـوو بۆچـوون و ڕێگاچارەکـانی واقعبینـانەی ئـێمە دەوڵەتـی مەرکەزی لە ڕێگـای وتـوویژو دیالۆگ مافەکانی ئێمەی ئیعتراف پێ نەکردو بە شەڕ وڵامی داوە، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێـران لە خەبـات رانەوەسـتان و خەبایتـان بە شـێوەی جۆراوجـۆر دژی کۆماری ئیسلامی ئیدامە پێدا.

سـی ساڵ دوای ئەو سـەردەمە، واتە شێسـت و چـوار سـاڵ دوای کۆماری کوردستان، لە تەواوی ئەو مـاوەیەدا تـا ئەو جێـی پێوەنـدی بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە بێ، بە شـێوەی جۆراوجـۆر لە مەیـدانی خەباتـدا بـوون و هەوڵیـان داوە لە تەواوی مافەکـانی خۆیـان دیفـاع بـکەن و تـێ بکۆشـن بە شـێوەیەکی زۆر موتەمەدینـانە حکـوومەتە مەرکەزییەکـان بەوە قەنـاعەت بێنن مادام قسـە لە ئێرانێکی فرەڕەنگ و هەمەلایەنەیە، گەلـی کـورد فـاکتۆرێکی حاشـاهەڵنەگرەو دەبێ بەشـێک بێ لە چۆنیەتیی ئیدارەی وڵات و، لە هەمـان کاتیشـدا لە تەنیشـت ئەو واقعیـیەتە، مـافی نەتەوایەتییەکـانی قـانوونی بکرێ و بچەسـپێندرێ. ئێسـتا ئـێمە لە هەلومەرجێکـدا، یـادی کۆمـاری کوردسـتان دەکەیـنەوە لە ژێـر ڕووناکـایی تەجـروبەی ئەو سـی ساڵەو لە ژێر ڕووناکایی ئەوەی کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چۆتە پێشێ، لە هەمـان کاتـدا شـعوورو هەسـتی نەتەوایەتـی لە کوردسـتانی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ لە حـاڵی گەشـە ئەسـتاندندایەو، کۆمەڵگەی ئێران بە دەیـان قـات بە بەراورد لەگەڵ رابـردوو پێشـکەوتوو بـووە، دەرفەتەکان لە ئێستاو لە داهـاتوودا - ئەگەر ئێمە بە شێوەیەکی موناسب و ژیرانەو هەماهەنگ کار بکەین - دەکـرێ کەڵکـی باشـتریان لـێ وەربگیرێ.

بەشـێک لە ئەرکـی سیاسـی حیزبێکی سیاسـی ئەوەیە لە هەمان کاتـدا کە تێدەکۆشێ بە خەباتی بێ وچـانی خـۆی بە کەڵکـوەرگرتن لە هەمـوو مێتۆدەکـانی خەبـات هەلـومەرجی ڕەخسـاندنی جێبەجێکردنـی پێـڕەوو پرۆگرامـی خـۆی لە کـۆمەڵگەدا جێبەجـێ بکـا ئەوەیە کە چـۆن بتـوانێ لە دەرفەتەکـان کەڵـک وەرگـرێ. هەر ئەو کەڵکوەرگرتنە لە دەرفەتێک کە شێست و چوار ساڵ پێش ئەمڕۆ شەخسی پێشەوا قازی محەممەد بە شـێوەیەکی زۆر ژیـرانە هێنـایە گـۆڕێ، لە مێـژووی نەتەوەی کـوردا بـۆتە سـەنەدێکی حاشاهەڵنەگر کە ئەمڕۆ ئێمە ئاوڕ لە رابردوو دەدەینەوە.

لە سـەردەمی ئێسـتادا، ئـێمە لە ئێـران دا لەگەڵ سـەحنەیەکی سیاسی ڕووبەڕووین کە مافەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکـی کـورد بە تـایبەتی لە سیستمی جمهووریی ئیسلامی دا نەتەنیا سەرنجی نەدراوەتێ بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو ڕێـژیمە لە بەرامـبەر ویسـت و داخـوازی کـۆمەڵانی خەڵکدا هـارتر دەبـێ و تێدەکۆشێ بە مێتۆدو بە شێوەیەک ڕەفتـار بکـا کە لەگەڵ سـەردەمی دنیـای ئەمـڕۆدا نـایەتەوە. ئـێمە لە سـەردەمێکدا بـۆ جـارێکی دیـکە بیرەوەریـی کۆمـاری کوردسـتان دەژێنینـەوەو نـوێی دەکەیـنەوە کە ئێران لەگەڵ قەیران و بـوحرانێکی یەکجـار زۆر بەریـن و جیـددی ڕووبەڕوو بووە. هەمیشە کە ئێران لەگەڵ بوحران و قەیران ڕووبەڕوو دەبێ دەرفەتی گونجاو دێتە گۆڕێ کە کـورد چـۆن بتـوانێ لەو موعـادلات و موعـاملاتەدا لەگەڵ واقعییەتەکـان ڕووبەڕوو بێـتەوەو ڕێگاچارەکـان بێنێـتە گـۆڕێ. لە قۆنـاغی ئێسـتادا ئـێمە دەتـوانین بەشـێک بە کەڵـک وەرگـرتن لە بیرەوەرییەکـانی کۆمـاری کوردستان و ژیریی پێشـەوا قازی محەممەدو ڕێبەرایەتیی ئەو وەختی کۆمـار لەگەڵ بەشـێکی ئەو وەزعیەتە تەعامول بکەین. ئەویش ئەوەیە تا زەمانێک کۆمار تێدەکۆشا کە یەکگرتـوویی لە نێـو کـۆمەڵانی خەڵک و لە نێو ڕێبەرایەتیی کۆمارو ڕێبەرایەتیـی حیزبـی دێموکراتـدا بەهێز بکاو لە ژێر ڕووناکایی ئەو واقعیەتەدا توانی لەگەڵ چۆنیەتیی ڕووداوەکانی ئێران تەعامول بکاو تـا ڕادەیەک خـۆی وەک فاکتۆرێـک جـێ بخـاو لە سـەحنەی سیاسـی ئێرانـدا کەم و زۆر وەک ئەمـری واقـع بێـتە گـۆڕێ. ئەگەر ئـێمە بمـانهەوێ لە سەردەمی ئێستادا بە جۆرێک تەعامول لەگەڵ ئەو قەیران و وەزعیـیەتە بکەیـن، دەتـوانین لە چەندین ناحیە ئاوڕ بدەینەوە سەر ڕووداوەکان. ناحیەی یەکەم ئەوەیە، مادام ئێمە قسە لە مەسەلەی کورد لە کوردسـتانی ئێـران دەکەیـن، لە سەحنەی سیاسیی ئێراندا بە دوای ڕێگاچـارەو دەرفەتەکـان دەکەویـن، قەزیەی کورد لە کوردستانی ئێران مەحـدوود بە حیزبێکـی سیاسـی نـابێتەوە بەڵکـوو قەزیەو مەسـەلەو موشکلەی سیاسیی کۆمەڵانی کورد لە کوردسـتانی ئێـران بە تێکـڕایە. لەو خـانەیەدا ئێمە کاتێک دەتوانین بە شـێوەیەکی بـاش لە ئێرانێکـی ئـاڵۆزدا، لە ئێرانێـک دا کە نـازانین ئێستا بە راستی داهاتووەکەی بە چ لایەک دا دەشکێ موعـاملە بکەیـن، کە ڕیزەکـانی نێوخـۆی خەڵکـی کوردسـتان لە هەنگـاوی یەکەمـدا حیـزب و سـازمانە سیاسـییەکان یەکگرتوو بن و، ئێمە بە دەرکی ئەو واقعیـیەتە کە داهـاتووی ئێـران تـا ئەو جێـی پێوەنـدی بە مەسـەلەی کـوردەوە هەیە نـاڕوونییەکی تێـدا هەیە بتـوانین بە هاوکـاری و هەمـاهەنگی لە بەینـی خۆمانـدا بە گوێرەی توانـای خۆمـان قورسـایی بە قەزیەی کورد لە ئێران بدەین و بـۆ ئەوەی کە لە ئیحتمـالاتی داهاتوودا کورد بتوانێ لە سەحنەی سیاسیی ئێراندا بە گوێرەی ئیمکان و وەزنی خۆی بێتە گۆڕێ.

کاتێک ئـێمە قسـە لە گـۆڕان لە ئێراندا دەکەین، قسە لە پاشەکشـەی جمهـووریی ئیسـلامی دەکەیـن یـا قسـە لەوە دەکەیـن جمهـووریی ئیسـلامی نەمێنـێ، ئەوە بەشـێکی قەزیەیە. ئینتقاد گرتن لە سیستمی جمهـــووریی ئیســـــلامی و نەقدکردنەوەی جمهووریی ئیسلامی لە پێناو ئێحترام دانەنان بۆ مافی مرۆڤ و مەسـەلەی کوردو ئێعدام و زینـدانی و کوشـتن و ئەوەی کە حکوومەتێکی سـەرەڕۆیە لە دنیـای ئەمـڕۆدا بـۆتە بەدیهیـات. یەعنـی شتێکە دەتوانم بڵێم زۆربەی زۆری وڵاتـان لە دنیـادا، کـۆڕو کـۆمەڵی جیاواز، کۆمەڵانی خەڵک لە ئێران، خەڵکی کوردستانی ئێران و هەمـوو حیـزب و سازمانەسیاسـییەکان بە تەواوی لێی ئاگادارین و شارەزاین کە مـاهییەتی جمهـووری ئیسـلامی چیەو ئەو حکوومەتە چۆن تەعامول لەگەڵ خەڵـک دەکـا. ئەگەر وایە ئەرکـی سـەرەکیی ئـێمە ئەوەیە لە هەمـان کاتـدا کە هەمـوو هەوڵ و تێکۆشـانی خۆمـان دەدەیـن، جمهـووریی ئیسلامی مەجبوور بە گۆڕان بێ یان نەمێنێ، و کۆمەڵانی خەڵکـی ئێـران لە چنـگ ئەم حکـوومەتە ڕزگاریـان بـێ شـتی گرنگترو مەوزوعـی سـەرەکیتر بۆ ئێمە کە بە دەیان قات گرنگە ئەوەیە کە دوای جمهـوووریی ئیسـلامی، ئێران چی لێ دێتەوەو ئێمەی کورد چیمـان وەگیـر دەکەوێ؟ یـا ئەگەر جمهـووری ئیسـلامی لە موقابیـل ئیعتـرازی بەربەرینـی کـۆمەڵانی خەڵـک ئێسـتا لە نێوخـۆی ئێـران مەجبوور بە پاشەکشە بووە ئەوەی کە ئێسـتا دەسـەڵاتیان هەیەو مەجبـوور بە جۆرێـک سـازش و تەعـامول لەگەڵ ئەوەی کە پێـی دەگوترێ جووڵانەوی سەوز بن، دیسان ئێمەی کورد لەو موعادلەو موعاملەیەدا چین و چیمان وەگیر دەکەوێ. یـا نەخێـر ئەگەر جمهووریی ئیسـلامی لە ئیدامەی سـەرکوتی خۆیدا بـۆ مـاوەیەک کۆمەڵانی خەڵک لە ئێران مەجبوور بە پاشەکشـە بکـا ئـێمە چـۆنی تەعامول لەگەڵ دەکەین. لێکدانەوەی ئێمە ئەوەیەکە بوحران و قەیرانێک کە ئێسـتا جمهووریی ئیسـلامی لە ئێرانـدا لەگەڵـی ڕووبەڕوو بـووە لە باری ئابووری، لە باری سیاسی، لە بـاری کـۆمەڵایەتی، لە بـاری مـافی مـرۆڤەوە بـوحرانێکە کە وا بە ئاسانی ناتوانێ لێی بێتە دەرێ یا مەجبوور دەبێ و پاشەکشە دەکاو تەسلیمی داواو ویستی خەڵک دەبێ کە ئەوە جمهـووریی ئیسـلامیی ئێستا نیەو شتێکی دیکەیە یا نەخێر ئەو حکـوومەتە دەبـێ بـڕوا. وەلحاسڵ حکـوومەتی جمهـووریی ئیسـلامی لە سـەردەمی ئێسـتادا وەڵامدەری کۆمەڵگەی ئێران نیە بە هەر لێکدانەوەیەک بێ ئەو ڕێژیمە نـامێنێ و دەبـێ بـڕوا یـا دەبـێ ئاڵوگۆڕی بە سەردا بێ و عاقڵ بێ و ملکەچ بێ بۆ ویست و داخوازی کـۆمەڵانی خەڵـک. بـۆیە بـۆ ئـێمە گـرنگە کە چـۆن تەعـامول لەگەڵ وەزعـی نـاڕوونی داهـاتووی ئێـران دەکەین. ئێمە شۆڕشـی سـی ساڵ پێش ئەمڕۆمـان تەجـروبە کـرد. لە شۆڕشـی ئەو سـەردەمدا کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەتێکڕایی، بە شـارو بە دێ، بە چـین و توێژەکـانی جۆراوجۆر، بە حیزب و ڕێکخراوی سیاسـی جۆراوجـۆر بەشـداربی شۆڕشیان کرد. بەڵام ئەو لایەنەی کە ئەمـری لە ژێـر سـازماندەهیی ئیمـام خـومەینی و سـازماندەهیی مزگەوتەکـانی ئەوان وەردەگـرت و وردەوردە شۆڕشیان قەبزە کرد، هەموو لایەنەکانی دیکەیان وەلانا. ئەزمـوونی شۆڕشـی پێشـوو بە ئێمەی گوت کە ئینقلاب کرا بەڵام پاش ماوەیەک ئێمە وەک نەتەوەی کورد، وەزعییەتی میللەتی کورد لە حکوومەتێک دا کە تازە دەسـەڵاتی بە دەستەوە گرتبوو، بە دەیان قات لە حکـوومەتەکەی پێشـوو خراپتـر بوو.

> **ئێمە کاتێک دەتوانین بە شێوەیەکی باش لە ئێرانێکی ئاڵۆزدا، لە ئێرانێک دا کە نازانین ئێستا بە راستی داهاتووەکەی بە چ لایەک دا دەشکێ موعاملە بکەین، کە ریزەکانی نێوخۆی خەڵکی کوردستان لە هەنگاوی یەکەمدا حیزب و سازمانە سیاسییەکان یەکگرتوو بن**



## بەیاننامە

# (ئێعدام پاشەکشە بە بزووتنەوەی گۆڕانخوازانە ناکا)

هەر وەک بۆ زۆر کەس چاوەڕوان کرابووو، سەرەنجام پاوانخوازان لە درێژەی هەوڵە نەزۆکەکانیان بۆ بە چۆکداهێنانی بزووتنەوەی گۆڕانخوازانەی خەڵکپەنایان بردە بەر ئیعدامی نارازی‌یانو لە یەکەم هەنگاوی ئەم پیلانە شوومە دا رۆژی پێنچ شەممەی رابردوو دوو کەسیان بە ناوەکانی ئارەش رەحمانی پوورو، محەممەد رەزا عەلی زەمانی ئیعدام کردن. ئیعدامی ئەو دوو کەسە لە درێژەی ئەو دادگا فەرمایشی‌یە دایە کە لە چەند مانگ لەو پێشەوە وەک شۆیەکی تلویزیۆنی دەستی پێ کردووەو لەودا تۆمەتبارکراوان بە"ئاژاوەگێری"، "دژایەتی لەگەڵ خودا" و "بەستراوەیی بە دوژمنانو بێگانەکان " بە کۆمەڵ لە دادگا ئامادە دەکرێنو ئیعترافیان لێ وەردەگیرێ یان باشتر بڵێین ئەو قسانە دەکەنەوە کە لە ژێر فشارو شکەنجە دا ناچار بە گوتنیان کراون. ئەو دادگا رواڵەتی یانە کە لە لایەک بە ئامانجی چاوترسێن کردنی نارازی یانو لە لایەکی دیکەوە بە ئامانجی دەرخستنی لایەنەکانی ئەو پیلانە کە پاوانخوازان بە پیلانی شۆرشی رەنگی لە قەڵەمیان دابووو بە پێی سێناریۆکەی ئەوان دەبوو بەند کراوان دان بەوە دا بنێن کە فێر کراوی ئەمریکاو ئیسرائیلو بریتانیان، ساز دەکران. ئیعدامی دوو کەس لە بەند کراوان کە تۆمەتی بەشداری لە خۆپێشاندانەکانی دژ بە حکومەتیان لێدرا بوو لە حالێک دایە کە هەر ئێستا چەند کەس لە خۆپێشاندەرانی نارازی تۆمەتی موحاربەیان دراوەتا پاڵ ولەوانەیە چارەنووسێکی هاوشێوە چاوەروانیان بکا. رەنگدانەوەی ئەم ئیعدامانە لە راگەیەنو تریبونە رەسمی یەکانی دەسەڵات دا دەری دەخا کە پاوانخوازان دەیانەوێ کارێک بکەن کە شوێنەواری دەروونیی ئەم کردەوە قیزەونەیان لەسەر ورەی خەڵکی نارازی هەست پێ بکەن. لە خۆرانیە ئەحمەد جەنەتی دەبیری شورای نیگەهبانو خەتیبی نوێژی هەینیی تاران بە بەرچاوی هەموو جیهانیانەوەو بە بێ سڵ کردنەوە قسەی دڵی خۆی‌وخامنەیی‌و باقی پاوانخوازان دەکاو دەڵێ: دەستی دەزگای دادوەری خۆش بێ‌و پێی وایە ئەگەر زووتر پەنا بردرابایەتە بەر ئیعدام رۆژە رەشەکانی دوای هەڵبژاردنی سەرکۆمارییان نەدەدی. هەروەک بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە پەنا بردنی پاوانخوازان بۆ ئیعدام نیشانەی شکستی پیلانەکانی رێژیم وەک قۆڵبەست کردنی بە کۆمەڵ، ئازارو ئەشکەنجەی نامرۆڤانە، کوشتاری خۆپێشاندەران لە شەقامەکانو تیرۆری جیابیرانو تۆمەتبار کردنیان بە پێوەندی لەگەل بێگانەدایە. پیلان گەلێک کە بەمەبەستی بیانوو دۆزینەوە بۆ سەرکوتی هەرچی زیاترو ترساندنی خەڵک تاقی کراونەتەوەو دەریش کەوتووە کە بە هیچ شێوەیەک ناتوانن کاردانەوەی خراپ لەسەر ورەی خەڵک دابنێن.

کە باس لە ئێعدامی چالاکانی ئازادیخواز لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەکرێ جێی خۆیەتی ئاورێکیش لە کوردستان بدرێتەوە کە پاوانخوزان لەوێ بە بێ سڵ کردنەوە حوکمی ئیعدام بەسەر تێکۆشەرانی سیاسی‌و مەدەنی کورد دا دەسپێنو جێبەجێی دەکەن. ئێستا نیزیکەی ۲۰ کەس لە تێکۆشەرانی سیاسی‌و مەدەنی کورد لە ژێر حوکمی ئێعدام دانو تەنیا لەماوەی چەند مانگی رابردوو دا دوو کەس لە تێکۆشەرانی کورد لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دا ئیعدام کراون.بۆیە لێرە دا جێی خۆیەتی کەباسی ئەم پیلانە نوییەی پاوانخوازان دەکرێ ئاورێکیش لە سیاسەتی شەلم کوێرم کەس نابوێرمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بدەینەوەو بارودۆخی زۆر نالەباری بەندییە سیاسییەکانو بەتایبەتی بەندییە مەحکوم بە ئیعدامەکان بدەینەوە کە نەک رێگایەک بۆ سووک کردنی حوکمەکانیان نیە بەڵکوو بەردەوام لە ژێر سێبەری مەرگ دا هەناسە دەکێشن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لەمێژە بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەگەڵ پیلانو سیاسەتە سەرکوتکەرانەو دژە مرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی بەرەورووییە وێرای مەحکوم کردنی ئیعدامی ئارەش رەحمانی پوورومحەممەد رەزا عەلی زەمانی، پێی وایە کۆنەپەرستانی دەسەلاتدار لەگەڵ ئەوە دا رۆژ بە رۆژ لە پیلانەکانیان دا شکست دێنن، زیاتر پەنا دەبەنە بەر رشتنی خوێنی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران. بۆیە پێی وایە دەبێ هەوڵی زیاتر بۆ ریسواتر کرانی ئەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی بدرێ‌و ئەم هەوڵەش لەگەڵ ئەوەدا کە دەبێ هەمە لایەنە بێ نابێ زۆرتر لەسەر ناوەندی ئێران چڕ بکرێتەوە. لەم پێوەندی‌یەش دا هەڵوێستی بەجێی دەوڵەتانی دەرەوەو ناوەندەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ وەک پشتیوانییەکی بەجێ لە خەباتی رەواو ماف خوازانەی خەڵکی ئێران چاو لێدەکەینو بەتایبەت هەڵوێستی هاوبەشی موسەوی‌و کەروبی لە پێوەندی لەگەڵ مەحکوم کردنی ئیعدامی ئەم دوو لاوە بە تایبەتی داواکردن لە خەڵک بۆ بەشداری لە خۆپێشاندانی ۲۲ی رێبدان دا بە هەڵوێستێکی بوێرانە لە قەڵەم دەداو درێژەی خۆپێشاندانەکان بە تەنیا رێگای پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی پاوانخوازان دەزانێ.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١١ی رێبەندانی ١٣٨٨**
**٣١ی ژانویە ٢٠١٠**

---

درێژەی:

## وتاری سکرتێری گشتیی حیزب لە رێوڕەسمی ٢ی رێبەندان دا

ئێمە کە ئیستا بەرەوڕووی ئاڵوگۆڕێک لە ئێران دەبینەوەو حکوومەتی ئێران لەگەڵ قەیرانێک رووبەڕووە ئەگەر سی ساڵ پێش ئەمڕۆ ئەو تەجروبەیە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا زۆر کەم بوو، تەنانەت رەنگە بەشێک لە رێبەرانی ئێمەش زۆر بە باشی ئاگاداری نەبووبن، ئێستا ئێمە بە تێکڕایی هەموو حیزب و سازمانەکان و کۆمەڵگەی ئێران و رێبەرایەتیی حیزبەکان دەبێ ئەو تەجروبەیەمان هەبێ و بۆمان گرنگ بێ کە ئێرانی داهاتوو چی لێ دێتەوەو بۆمان گرنگ بێ کە دەچینە نێو کێشەو موعادلات و موعاملاتدا، بزانین بەش و سەهمی ئێمە لەو ئاڵوگۆڕانە چییە. بۆ ئەوەی کە لەو خانەیەدا ئێمە سەرمان بێ کەڵاو نەمێنێتەوە بە قورس و قاییمی بێینە گۆڕێ و دەرسمان لە رابردوو وەرگرتبێ، ئەوەیە بەرانبەر بە هیچ ئاڵوگۆڕ و کێشەو ناکۆکییەک لە تاران بێ تەفاوەت نەبین. مادام حەلی مەسەلەی کوردستانی ئێران لە سەردەمی ئێستا لە نێوخۆی ئێراندا دەبینین، دەبێ هەمووی ئەو رووداوو ئاڵوگۆڕانەش لە نێوخۆی ئێراندا [هەن] بە تەواوی بایەخیان پێ بدەین. تا ئەو جێی پێوەندی بە جوولانەوەی ئیستای بەربەرینی کۆمەڵانی خەڵکەوە هەیە کە چین و توێژی جۆراوجۆر تێی دا بەشدارن و دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران بە شێوەی جۆراوجۆر جمهووریی ئیسلامی بە چالش کێشراوەو رۆژ بە رۆژ ویست و داخوازی کۆمەڵانی خەڵک دێتە نێو ئەو جوولانەوەیەو، رادیکاڵ دەبێتەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چەند مانگی رابردوودا زۆر واقێعبینانە لەگەڵ وەزعییەتەکە تعامولی کردووەو هەوڵی داوە لە حەددی خۆیدا تێ بکۆشێ دەنگ و رەنگی کورد لە سەحنەی سیاسیی ئێراندا لە پەراوێز نەخرێ و بێتە گۆڕێ. بۆیە ئێستاش بۆ ئێمە گرنگە لە موقابیل ئەوەی لە ئێستادا بە نێوی جوولانەوەی سەوز ناوی دەرکردوە، ئێمە دیسانەکانە بەو قورس و قاییمیە بەشدار بین، بەو قورس و قاییمیە کۆمەڵانی خەڵک هان بدرێن بەشدار بن، پشتیوانییان لێ بکەن، بۆچوونی خۆیان بەرنە نێو ئەو جوولانەوەیە، ماف و داخوازییەکانی خۆیان مەترەح بکەن، رادیکاڵی بکەن، بە گوێرەی وەزعییەتێک کە هەیە مەسەلەی کورد لە نێو ئەو جووڵانەویەدا دیار بێ. یەکێک لە هونەری سیاسەت بۆ ئێمە وەک کوردو بۆ ئێمە وەک حیزبە سیاسییەکان ئەوەیە کە هەمیشە لە ناکۆکی و کێشەکان کە لە دەسەڵات و لە مەرکەز دێتە گۆڕێ بە گوێرەی بەرژەوندی خۆمان کەڵک وەرگرین. زەمانێک ئێمە دەتوانین ویست و داخوازەکانی خۆمان بە سەر رێبەرانی ئەو جوولانەویەدا - چ ئێستا چ ئەگەر لە داهاتوودا ئەوان دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت و بە شێوەیەکی دیکە خوێندەوەیان لە جمهووریی ئیسلامی کردو بە قەولی خۆیان جمهووریەکی ئیسلامیی برێک ئارام وموتەعارفیان هێنا گۆڕێ - [بسەلمێنین] لە ئێستاوە ئەو مەوزوعانەمان باس کردبێ. ئەگەر ئێمە لەو کێشانەدا بە وەزن نەیەینە گۆڕێ، [ئەوان] بۆ خۆیان بە وەزن و توانای خۆیان بتوانن سەحنەی سیاسیی ئێران بکێشنەوەو بڕیاری لە سەر بدەن، ئێمە لە پەراوێزدا ببین، ئەو وەختە درەنگە، رەنگە ئێمە نەتوانین تەئسیر دابنێین. لە سیاسەت و کێشەی سیاسی و موعادلات و تەوازوندا زۆر جار بە رادەی بەشداری و وەزنی خۆت بەشت پێ دەدرێ. جا بۆ ئەوەی کە ئێمە لەو کێشانەدا ئەوەی کە بەراستی بەشی مافی نەتەوەی کوردو سەهمی میللەتی کوردە بتوانین جێی بخەین هەر ئەوەیە کە ئێمە بەرامبەر بە رووداوەکانی ئێران بێ تەفاوەت نەبین و تێ بکۆشین کە لەو مەیدانەدا فەعال بین. بۆ ئەوەی کە ئەو بۆچوونە لە مەیدانی عەمەلدا ببێ بە ئەمری واقێع و ئێمە بتوانین لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی ئێران بە هەر لایەکدا بکەوێ و دوانەکەوین ئەوەیە کە حیزب و سازمانەکانی کوردستانی ئێران بە دەرکی وەزعییەتی مەوجوودو بە ئیعتراف کردن بە پیچیدەگیی ئەوزاعی ئێران و بە دەرس وەرگرتن لە شۆڕشی پێشوو و لەبەر چاوگرتنی ئەوە کە ویستی نەتەوایەتیی کورد لە کوردستانی ئێران چۆتە سەرێ و شعووری سیاسیی خەڵک چۆتە سەرێ، ئێمە تێ بکۆشین حیزبەکان هەماهەنگییەکی زۆرتر لە نێو خۆمان دا دروست بکەین و رێگاچارەیەکی موناسب بێنینە گۆڕێ نەوعێک هەماهەنگی و هاوکاری لە گۆڕێدا هەبێ کە لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی ئێراندا نە تەنیا وەپاش نەکەوین بەڵکوو بە قورساییەکی زۆرتر بچینە نێو چەندو چۆنی هێنانە گۆڕی نوسخەی جۆراوجۆرو چەندوچۆنی ئیدارەی داهاتووی ئێران و، لەو پێوەندییەدا [بزانین] مافەکانی ئێمە وەک نەتەوەی کورد لە کوێ قەرار دەگرێ. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان عەقیدەمان بەوەیە، باوەڕمان بەوەیەو لە رابردووشدا رامان گەیاندوە کە مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێران لە ئێرانێکی ئاڵۆزدا مەسەلەی گشتیی هەمووی نەتەوەی کوردە بە هەموو شارو گوندەکانی کوردستان، بە هەموو ئوستانەکانی کوردستان، بە هەموو تەنەووعاتی ئایینی و تەنەووعاتی لەهجەیی کە کورد هەیەتی. مادام ئەوە ئەمری واقیعە ئیلزامی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پڕۆژەیە بە شتێکی باش دەزانین، بە شتێکی مەسئوولانە دەزانین و ئێمە بۆ خۆمان وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە ئێمەو سیاسەتی ئێمە هەیە هەمیشە هەوڵمان داوەو لەمەو بەدوا تێ دەکۆشین زۆرتریش هەوڵ بدەین، بە هێنانە گۆڕی ئەو باسەو هێنانە گۆڕی وەزعییەتی واقعیی ئێران، ئەهەمییەتی لێک نزیکبوونەوەو بە جۆرێک گوزەشت لە موقابیل یەکتر لە پێناوی بەرژەوندی مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێران هێندەی دیکە بە قووەتتر بکەینەوە.

هیوادارم بۆ جارێکی دیکە هەموو لایەکمان تێ بکۆشین بۆ ئەوەی کە سێناریۆی لێک نزیکبوونەوەی هەموو لایەکی ئێمە پرۆسەیەکی سەریعتر بپێوێ، ببێ بە ئەمرێکی واقع، و بە ئیعتباری ئەو ئەمرەو ئەو واقیعە هیواو ئۆمێدێکی زۆرتر بە هەموو لایەکمان، بە کۆمەڵانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات بدەین کە ئێمە حیزبەکان بە ئامادەگییەکی زۆرترەوە هەموو لایەکمان بە پشتیوانیی ئێوە دەچینە نێو هەر ئێحتمالاتێک کە لە ئێراندا بێتە پێشێ و بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵک تێ دەکۆشین لەو مەیدانەدا هەموو لایەکمان باش لە ئاو بێینە دەرێ و بتوانین دەستەبەری جێبەجێ کردنی مافەکانی سیاسیی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بین.

لە کۆتاییدا بۆ جارێکی دیکە هەر بەرزو پیرۆز بێ بیرەوەریی شێست و چوار ساڵەی کۆماری کوردستان کە سەنەدێکی گەورەی مێژوویی لە چۆنیەتی تەسبیتی هۆوییەتی نەتەوەیی شێست و چوار ساڵ پێش ئەمڕۆ لە کەشو هەوایەکی زۆر ئاڵۆزی نێودەوڵەتی و لە ژێر واقعبینی و زیرەکیی ئەو وەختی رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەتایبەت شەخسی پێشەوا، کە بوحران لە ئێراندا هاتبووە پێشێ قۆستیەوە. هیوادارم ئەو دەرسە دوای شێست و چوار ساڵ بۆ جارێکی دیکە لە نێو کۆمەڵگای خەڵکی کوردستان و حیزبەکاندا جێ بکەوێ کە ئێمە بە واقعبینییەکی دیکە دیسان هەلومەرجەکە بقۆزینەوەو بتوانین بە یەکگرتوویەکی بەقووەتتر لاپەڕەیەکی دیکە زیاد بکەین لەو لاپەڕانەی کە لە مێژووی بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتی و شعووری سیاسیی ئێمە لە رابردوودا هاتۆتە گۆڕێ. بە هیوای سەرکەوتن، هەموو لایەکتان هەر خۆش بن.

# لە سەعید ئیمامییەوە هەتا سەعید مورتەزەوی

مەسعوود ڕەواندوست

بە دوای کودیتای ٢٣ی جۆزەردانی ئەمساڵ و ڕاپەڕینە بەرینەکەی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران لە دژی زوڵم و سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامی و کوشتن و گرتن و ئەشکەنجەی گیراوەکان لە زیندانەکانی ڕێژیمدا، ناڕەزایەتیی گشتی لە ئاستی ئێران و جیهان لە دژی سەرکوت و گرتن و کوشتن و ئێعدامەکان لە ئێراندا زیادی کرد و هاوکات لێک دوور بوونەوەی زیاتری باڵەکانی نێو دەسەڵات و زیاتر بوونی ناکۆکیی نێوانیان و ترسی ڕێژیم لە پەرەسەندنی ڕاپەڕینی جەماوەری و لەرزینی بناغەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی، ئەم فشارانەی بۆ سەر ڕێژیم زیاتر کرد. لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا ئاشکرابوونی جینایەتی زیندانی کەهریزەک و مەسەلەی دەستدرێژییەکان بۆ سەر زیندانیان کە لە لایەن کەرووبییەوە هاتنە گۆڕێ، بەرپرسانی ڕێژیمی گەیاندە ئەو جێیە کە خامنەیی ناچاربوو بڕیاری داخستنی ئەم زیندانە بدا. بەڵام کێشەی ئەم زیندانە و ئەو جینایەتانەی لەم زیندانە و زیندانەکانی دیکەی ڕێژیمدا ڕوویان‌داوە هەر بە داخستنی کۆتایی نەهات و مەجلیسی شووڕای ئیسلامی بڕیاری‌دا کۆمیتەیەکی پێکهاتوو لە چەند نوێنەری مەجلیس بۆ لێکۆڵینەوە لەم جینایەتە دیاری بکا. ئەم کۆمیتەیە دەستی بەکار کرد و سەرەڕای هەموو گوشارەکانی ڕێژیم و ئاستەنگ و لەمپەرەکان و تەنانەت تێبینییەکانی خۆیان دوای چەند مانگ سەرەنجام ڕاپۆرتێکیان پێشکەشی مەجلیس کرد کە گۆشەیەکی بچووکی لە جینایەتەکانی ڕێژیم ئاشکرا کرد.

ئەم ڕاپۆرتە کە بە گشتی لە دوو بەش پێک دێو بەشی یەکەمیان ئاشکراکردنی گۆشەیەک لە ڕاستییەکان و بەشەکەی دیکەی شەریک کردنی مووسەوی و کەرووبی و لایەنگرانیان لە تاوانەکانە، وێڕای ئەوەی هەروەک باسکرا بەشێکی بچووکی لە ڕاستییەکان تێدایە بەڵام خۆی لە ئاشکراکردن و ناوهێنانی بڕیاردەرانی سەرەکیی ئەم جینایەتانە بواردوە و سەعید مورتەزەویی وەک تۆمەتباری ڕەدیفی یەکەم دیاریکردوە کە بڕیاڕی ناردنی ١٤٧ کەس لە گیراوانی ڕۆژی ١٨ی پووشپەڕی کە زۆربەیان خوێندکار بوون بۆ کەهریزەک دەرکردبوو کە بە وتەی بەرپرسانی ئینتزامیی ڕێژیم شوێنی ڕاگرتنی ئەرازل و ئۆوباشە.

لێرەدا نامانهەوێ لایەنەکانی ئەم ڕاپۆرتە بخەینە بەرباس و کەم و کوڕییەکانی بۆ خوێنەران شی بکەینەوە بەڵکوو ئاکامی ئەم ڕاپۆرتە بێ وەبەرچاوگرتنی ڕاستی یان ناڕاستییەکەی دەکەینە هەوێنی ئەم نووسینە و دەیخەینە بەر ڕای خوێنەران.

هەروەک گوترا ڕاپۆرتەکەی کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی مەجلیس، سەعید مورتەزەویی وەک تۆمەتباری ڕەدیفی یەکەم لە پەروەندەی کەهریزەکدا دەناسێنێ و تاوانی کوشتن و جینایەت و تەنانەت دەستدرێژییەکان بۆ سەر گیراوەکان دەخاتە ئەستۆی ناوبراو. بەڵام داخوا سەعید مورتەزەوی کێیە کە لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا ئەوەندە خاوەن دەسەڵاتەو دەتوانێ بەم شێوەیە یاری بە چارەنووس و گیانی لاوانی ئەم وڵاتە بکا؟!.

سەعید مورتەزەوی لە ساڵی ١٣٨١ەوە تا خەرمانانی ١٣٨٨، قازیی دادگاکانی پارێزگای یەزد، دادگای ئەمنییەتیی تاران، دادگای چاپەمەنییەکان و دادستانی تاران بوو. ناوبراو بە جەللادی چاپەمەنییەکان ناسراوە و لە ماوەی ٨ ساڵ دەسەڵاتی



قەزایی ناوبراودا ١٢٠ ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی داخستوە کە لە مێژووی ئەم پیشەیەدا بێ وێنەیە. لە لایەن دەوڵەتی کانادا و کۆمیتەی ئەسلی ٩٠ی مەجلیسی شەشەمەوە بە قاتڵی زارا کازمی، ڕۆژنامەنووسی ئێرانی کانادایی ناسرا. سەعید مورتەزەوی دوای شەڕی ئێران و عێراق بە سەهمییەی بەسیج چووە زانستگا و هەر ئەو ساڵە لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا لە دەزگای قەزاییدا دامەزرا و زۆر زوو بوو بە دادیار و دوای چەند مانگ و لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا بوو بە سەرۆکی دادگای حقووقیی شاری بابەک. ناوبراو هەر لەو ساڵانانەی سەرەتادا پەروەندەیەکی لە دادگای ئینتزامیی قازییەکاندا هەبوو کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی چووە تاران و لەوێ پەنای بۆ ئایەتوڵڵا محەممەدی یەزدی سەرۆکی ئەوکاتی دەزگای قەزایی ئێران برد. هەر لەوێڕا مورتەزەوی لەگەڵ جەماعەتی موئتەلیفە کە دەسەڵاتی قەزاییان لە دەستی خۆیان گرتبوو ئاشنابوو و بەم جۆرە تێکەڵی دەسەڵات بوو و زۆر زوو ڕێگەکانی چوونەسەری دۆزییەوە. ناوبراو لەباری بیروباوەڕ بە نیزام و



بنەما ئیدۆلۆژییەکانی ڕێژیم لە ئاستێکی بەرزدا نیە، بەڵام هەر لە سەرەتاوە تێگەیشت کە ئەوەی بۆ نیزام گرینگە مانەوە و پاراستنی خۆیەتی و ئەو کەسەی بۆ مانەوەی نیزام جینایەت دەکا لای ڕێبەرانی ڕێژیم دڵخوازترە. مورتەزەوی بەرەبەرە لە خامنەیی نزیک بۆوە و بوو بە کەسی جێی متمانەی خامنەیی. هەربۆیە کاتێک شاهروودی بوو بە سەرۆکی دەزگای قەزایی و بە وتەی خۆی بۆ چاکسازی لە وێرانەی قەزاییدا زۆربەی بەرپرسانی ئەم دەزگایەی گۆڕی، لە گۆڕینی مورتەزەویدا لەگەڵ دژایەتیی خامنەیی بەرەوڕوو بۆوە و ناچار بوو بە پێچەوانەی ویستی خۆی مورتەزەوی تەحەممول بکا. هەر بۆیە ناوبراو مایەوە و تا ئەمساڵ دەستی لە هیچ جینایەتێک لە پێناوی پاراستنی ڕێژیمدا نەگێڕاوەتەوە.

هەمووی ئەوانەی باسکران گۆشەیەکی بچووکن لە کەسایەتی و پێگەی مورتەزەوی لە کۆماری ئیسلامیدا. بەڵام هەروەک گوترا ئەمڕۆ بۆ جاری دووەم بەڵام لە دۆخێکی جیاوازدا لە لایەن مەجلیسەوە بە کوشتن و جینایەت تۆمەتبار دەکرێ. جیاوازیی ئەم دۆخەی ئێستا لەوەدایە کە ڕێژیم کەوتۆتە قەیران و تەنگانەیەک کە بۆ مانەوەی خۆی دەست لە هیچ جینایەتێک نابوێرێ و ئەگەری ئەوەی ڕێژیم یەک یان چەند مۆرە فیدای مانەوەی خۆی بکا هەیە.

ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێراندا ڕوو دەدا وەبیرهێنەرەوەی سیناریۆیەکە کە ڕێژیم ١١ ساڵ لەمەوبەر بەڕێوەی برد و مۆرەیەکی بە ناوی سەعید ئیمامی کردە قوربانیی مانەوەی خۆی.

سەعید ئیمامی یەکێک لە بەڕێوەبەرانی پایەبەرزی وەزارەتی ئیتلاعات و یەکێک لە نزیکانی خامنەیی بوو کە دوای قەتڵە زنجیرەییەکانی پاییزی ١٣٧٧ ناوی کەوتە سەر زمانان.

ناوبراو چەندین ساڵ لەژێر چەتری پشتیوانیی خامنەیی بەڕێوەبەری زنجیرەیەک تیرۆر و جینایەت و مرۆڤکوژی بوو کە دوای ڕیسوایی قەتڵە زنجیرەییەکان و هەوڵەکانی دەوڵەتی خاتەمی و ڕیفۆرمخوازان و گوشاری ڕای گشتی بۆ ئاشکراکردنی بڕیاردەرانی ڕاستەقینەی جینایەتەکان لە سیناریۆیەکی لەپێش داڕێژراودا بە ڕواڵەت خۆی کوشت.

ئەوەی بەسەر سەعیدی ئیمامی هات وێدەچێ ئەمڕۆ بو ئەم سەعیدەش دووپات بێتەوە و مورتەزەوی بە دەردی ئیمامی بچێ. ئەگەرچی لەم بوارەدا خاوەن ڕایان بۆچوونی جیاوازیان هەیە و هێندێک پێیان وایە ئەگەری ئەوەی مورتەزەوی بە دەردی ئیمامی بچێ زۆر کەمە و خامنەیی ئەمجارە پشتی ئەم سەعیدە بەرنادا، بەڵام ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر هەیە و ئەویش ئەوەیە کە ئەم ڕێژیمە خوێنڕێژ و خوێنمژە تا ئێستا سەلماندوویەتی کە بۆ مانەوەی خۆی دەست لە هیچ جینایەتێک نابوێرێ و ئەگەر کەس یان کەسانێکیشی دەوێ تەنیا و تەنیا لە پێناو مانەوەی خۆیدایە. ئەمڕۆش کە ڕێژیم لە هەموو کات زیاتر کەوتۆتە ژێر تەوژمی ڕق و بێزاریی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و بناغەکانی کۆشکی دەسەڵاتی ئاخوندەکان خەریکە دەکەوێتە دارمان، فیداکردنی سەعیدێکی دیکە بۆ مانەوەی نیزام شتێکی چاوەڕوان نەکراو نیە.

بە تایبەت کە لەم دواییانەدا لە لایەن هێندێک لە کەسایەتییە میانەڕەوەکانی باڵەکانی ڕێژیم باس لە یەکێتی و پێکهاتن بۆ چارەسەریی ئەو قەیرانە دەکرێ کە خەریکە هەموو نیزام دەکاتە قوربانی، ئەگەری سازان و سات و سەودایەک و، لەو پێناوەشدا قوربانی کردنی یەک یان چەند مۆرەی بێزراوی وەک سەعید مورتەزەوی بۆ دامرکاندنەوەی ئاگری ڕق و بێزاریی خەڵکی وەزاڵەهاتوو بەدوور نازانرێ.

هەر ئەوەی مەجلیسی دەستەمۆ و گوێ لەمستی ئێران ئیجازەی ئەوەی پێدرا لەو بارەدا لێکۆڵینەوە بکاو ئەگەر بۆ بەلاڕێدا بردنی ڕای گشتی و شاردنەوەی بڕیاردەرانی ڕاستەقینەی جینایەتەکانیش بێ، کەسێکی وەک سەعید مورتەزەویی بە تۆمەتباری ئەم جینایەتانە ناساند و لەم چەند ڕۆژەی دواییشدا ٥٥ نوێنەری مەجلیس بۆ جارێکی دیکە خوازیاری بەدواداچوونی پەروەندەی سەعید مورتەزەوی بوونەتەوە، نیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە سەعید ئیمامی و سەعید مورتەزەوی و هەموو سەعیدەکانی دیکەش کە بۆ پاراستنی ئەم نیزامە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیە جینایەت دەکەن، ئەگەر پێویست بێ بۆ مانەوەی ڕێژیم دەکرێن بە قوربانی و جگە لە بێزاری و ڕووڕەشی لە بەرامبەر میللەتدا، ئەو چارەنووسە ڕەشەش چاوەڕوانیان دەکا.

# دەوری توندوتیژی لە بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیدا

نوسین بە فارسی: ڕەحمان سەلیمی

وەرگێڕان بۆ کوردی بابی سۆما

ڕووداوی ٢٢ی جۆزەردان و ئاکامەکانی ئەم ڕاپەڕینە جەماوەرییە لە تاران و چەند شاری گەورەی ئێران، بەرەو ئەوە دەڕوا کە ببێ بە گوتارێکی نوێ و، شێوەیەکی نوێ لە خەباتی دێموکراسیخوازانە و بەربەرەکانی لەگەڵ سەرەڕۆیی لێبکەوێتەوە. دیارە ئەم ڕەوتە لە دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ەوە تا ئێستا چەند قۆناغی بڕیوە کە لانیکەم لە ١٣٧٦ەوە بەم لاوە زیاتر هەستی پێدەکرێ. شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەم ڕەوتە و چۆنیەتیی پێکهاتن و گەشەی ئەم بزووتنەوە جەماوەرییە کە زیاتر بە بزووتنەوەی مەیلەو دێموکراسی ناودەبرێ، لەم وتارەدا ناگونجێ و مەبەستی ئەم وتارەش نیە بەڵکوو هەوڵ دەدرێ شێوازەکانی مامڵەی دەسەڵات لەگەڵ ڕووداوەکانی ئەم دواییانە و دەورگێڕەکانیدا تاوتوێ بکرێ.

بەر لەوەی بچینە نێو باسەکە دەبێ ئاماژە بە خاڵێک بکەین و ئەویش ئەوەیە کە گەشەی خێرای پێوەندییەکان و پەرەی بیاقی دەرهەست و، ئاسانیی گواستنەوەی ڕووداو و ڕوانگەکان، لەمپەرێکی گەورەیە لەبەردەم بەردەوامیی کەڵک وەرگرتنی حکوومەتە سەرەڕۆییەکان لە شێوە نەریتییەکانی سەرکوت و بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ دژبەران لە بەراورد لەگەڵ ڕابردوودا، بە واتایەکی دیکە دیکتاتۆرەکانی لە سەرکوت و تۆقاندنی دژبەرەکانیاندا تووشی دوودڵی و تەنانەت ترس کردۆتەوە، یا لانیکەم تێچووەکانی سەرکوتی خەڵکی زۆر بردۆتە سەر.

بە تێڕوانینێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی نیزامی ئێستای زاڵ بەسەر ئێراندا دەتوانین ناوەندە سەرەکییەکانی دەسەڵات و بڕیاردان بەمجۆرە پۆلێن بەندی بکەین: وەلیی فەقیه لە لوتکەی قووچەکەی دەسەڵات و بنیاتە نیزامی و ئەمنییەتییەکان دایە کە سپای پاسداران هێمای بەرچاوییەتی و لە هەموو بیاقەکانی سەرچاوەی دەسەڵات وەک بیاقی نیزامی، ئابووری و سیاسیدا تەشەنەی کردوە. کەوابوو ڕێبەر و سپای پاسداران کە دەوڵەتی ئێستاش لە پاوانیان دایە بەرژەوەندیی بەرچاویان لە پاراستنی دۆخی هەنووکەیی و بەردەوامی و پتەوکردنی کۆماری ئیسلامیدا هەیە و ئەم هاوبەش بوونەی بەرژەوەندییەکانیان ئەم دوو جەمسەرەی بە توندی بە یەکەوە بەستوەتەوە.

کەوابوو بزووتنەوەی ئێستای خەڵکی ئێران بە داخوازیی نە زۆر ڕوون، بەڵام دژی نەزمی سیاسیی ئێستا لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ سیستەمێکی سیاسیی لەم دەستە، ڕێگەیەکی دژواری لەبەردەم دایە. لەوانەیە هەر بۆیەش بێ کە ڕێبەرانی بزووتنەوە لە دەربڕینی داخوازەکانی خەڵکدا زۆر قایمکار و بە ئیحتیاتەوە دێنە پێش و ڕێگەی چوونەدەر لە قەیرانی هەنووکەیی و تێپەڕین بەرەو کۆمەڵگەی مەدەنی و دێموکراتیک لە هەڵبژاردنی ئازاددا ڕادەگەیەنن.

خەڵک لە قۆناغی ئێستای بزووتنەوەدا ڕوویان لە شێوازە مەدەنی و ئاشتیخوازانەکان کردوە و لە مانگەکانی دواییدا خۆپێشاندانەکانی خەڵک جگە لە چەند نموونەی گومانلێکراو، لە توندوتیژی دوور بووە و ڕاست ئەم مەسەلەیە لایەنی دەسەڵاتخوازی حکوومەتی تووشی کێشە کردۆتەوە. چونکە سەرکوتی ناڕەزایەتییە توندەکان بۆ ڕێژیم ئاسانتر و کەم هەزینەترە لە سەرکوتی ناڕەزایەتییە مەدەنییەکان. ڕێبەرانی ڕێژیم تێگەیشتوون کە بزووتنەوە توندوتیژەکانی خەڵک، بوارێکی گونجاو بۆ بەرەوڕووبوونەوەی توندوتیژ و ئەمنییەتی لەگەڵ چالاکان و دەورگێڕانی بزووتنەوە دەڕەخسێنێ.

ڕووداوەکانی ڕۆژی عاشووڕا و ناڕەزایەتییە بەربڵاوەکانی خەڵک و ئەو ڕووداوە توندوتیژ و خوێناوییانەی لە لایەن گرووپە لیباس شەخسی و خاوەن بڕشتەکان لە نێو خەڵکی ناڕازیدا ڕوویدا، شەپۆلێکی بەربڵاوی لە گرتن و قۆڵبەستکردنەکان لە عاشووڕا و ڕۆژەکانی دواتردا لێکەوتەوە کە بێ شک فازێکی نوێی لە سەرکوتی دژبەراندا کردۆتەوە. وتارە توند و گەرم و گوڕەکانی ئیمام جومعەکانی شارە گەورەکان لە پێوەندی لەگەڵ خۆش نەبوون لە دژبەران و کوژاندنەوەی ئاگری فیتنە و هەڕەشەکانی فەرماندەکانی سپا، سەرۆکی مەجلیس، سەرۆکی دەزگای قەزایی و بەرپرسانی باڵای نیزام و پشتیوانیی بەیتی ڕێبەری لەم تێڕوانینە، لە پێناوی بەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتە دایە. قۆڵبەستکردنی لە گۆترەی خوێندکاران، چالاکانی سیاسی و مەدەنی و دەرکردنی حوکمی قورس و گوشارەکان بۆ سەر هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا نیشانەی قووڵ بوونی قەیرانی ئێستای ئێرانە و هێمای بەرچاوی نەمانی هێزی مانۆڕی حکوومەت لە بەرامبەر خەڵک دایە. چاوخشاندنێک بەسەر ڕەوتی ڕووخانی حکوومەتە سەرەڕۆیەکان و ملکەچ کردنیان لە بەرامبەر داوا مافخوازانەکانی خەڵک نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە قۆناغی گوشار و تۆقاندن لەگەڵ بەهێزتر بوونی بزووتنەوە جەماوەرییەکان و لاوازبوونی دەسەڵات پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە، یا بە واتایەکی دیکە هەتا یەکڕیزی و گەشەی بزووتنەوە زیاتر دەبێ، توندوتیژیی ئاشکرای حکوومەت زیاتر دەبینرێ. ئەم ڕەوتە تا ئەوجێیە درێژەی دەبێ کە هێزی بزووتنەوە لە بەرامبەر دەسەڵات زیاتر دەبێ و دەبێتە هۆی هەڵوەرینی چینەکانی نێوخۆی هێزەکانی ڕێژیم بەرەو خەڵک، چونکە بەرژەوەندییەکانیان لە ڕیزەکانی خەڵکدا زیاتر دەبێ لە بەرژەوەندییەکانیان لە خزمەت دەسەڵاتدا. لەم هەلومەرجەدا بەرەبەرە شاهیدی ڕەوتی بەرەو نەمانی حکوومەت دەبین.

کەوابوو گوشار و سەرکوتە ڕوولە زیادبوونەکانی هاووڵاتیان، دەبێتە هۆی زیاتر بوونی کەلێنەکانی نێو دەسەڵات، پاکانەحیسابەکانی نێو حکوومەت، دەست لە کارکێشانەوەکان و وەلانرانی بەرپرسان، وەستانی بەرنامە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و، لە ئاکامدا شێواوی لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای لێدەکەوێتەوە و ئەگەر قەیران لە لایەن بیناتەکانی سەر بە دەسەڵاتەوە بە شێوەیەکی دروست بەڕێوەبەری نەکرێ کە هەمان پاشەکشە لە پاوانخوازی و مل ڕاکێشان بۆ داخوازەکانی خەڵکە، تەواوەتیی سیستەمی سیاسی وەلادەنرێ و نەزمێکی نوێ لە جێی دادەمەزرێتەوە.

دیارە نابێ ئەم خاڵە لەبیرکەین کە ئەگەر بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەکانی ئێران لە کۆسپەکانی سەرڕێگەی تێنەپەڕێ و نەبێتە بزووتنەوەیەکی گشتگیری خاوەن بەرنامەیەکی ڕوون و دریاریکراو و شێواز و میکانیزمی نوێ بۆ درێژەی خەباتەکەی نەگرێتەبەر و لە خۆپێشاندانی پڕژو بڵاو لە بۆنە تایبەتەکاندا بەرتەسک بکرێتەوە، لە بەرامبەر سەرکوتی دەسەڵاتدا خۆڕاناگرێ و دەبێتە مایەی بێهیوایی سیاسیی هێزە چالاکەکانی کۆمەڵگا.

ئەگەر داخواز و دروشمە ڕادیکاڵەکانی بزووتنەوە لە داخوازە لانیکەمەکانەوە دەست پێنەکا و ببێتە هۆی سەرهەڵدانی هیوای پووچ و بێ بنەما و حەرەکەتی ئیحساسی و هێندێک جاریش توندوتیژی لێبکەوێتەوە، ئاگری نەبوونی تێگەیشتنێکی لۆژیکی و تێنەگەیشتن لە هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا داوێنی خودی بزووتنەوەکەش دەگرێتەوە کە ئەوکات کۆنترۆڵکردنی دژوارتر دێتە بەرچاو. لەوانەیە ئەگەر ئەمڕۆ بەشێک لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی ئازادیخوازانە باس لە لانیکەمی داخوازەکان و وەرچەرخان لە چوارچێوەی نەزمی مەوجوودا دەکەن و هەوڵ دەدەن خەڵک لە دروشمی ڕادیکاڵ دوور بکەنەوە نیشانەی ئەوەیە کە لەم ڕاستییە دەگەن کە گەیشتن بە خواستە زۆرەکان پێویستیی بە تێپەڕین لە قۆناغی گەیشتن بە داخوازە لانیکەمەکانەوەیە و جگە لەوە بزووتنەوە یا بە هیچکام لە خواستەکانی ناگا یا گەشەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگا ڕەوتی سروشتیی خۆی نابڕێ و بەردەوام لە بەردەم هەڕەشە و گۆڕانی بنەڕەتی و تەنانەت دواکەوتوانەشدا دەبێ.

لەم حاڵەتەدا ڕادەی سەرکوتەکان کەمتر دەبێتەوە و تێچووی خەبات دێتەخوار و خوازیارانی ئاڵوگۆڕی دێموکراتیک لە پێناوی ئامانجەکانیاندا شێلگیرتر دەبن. لە هەلومەرجی ئێستادا کە بزووتنەوەی گۆڕانخوازانەی خەڵک لە بەشێکی بەرچاو لە ڕیفۆرمخوازانی نێو سیستەمەوە بگرە هەتا خوازیارانی ڕووخانی ڕێژیمی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە، کۆکراوەیەک لە داخوازەکان کە بکرێ بە شێوەی نووسراو و ڕێکوپێک بخرێتەڕوو، دەتوانێ دوورەدیمەنی داهاتووی بزووتنەوەکە بەرەو ئاسۆیەکی ڕوونتر بەرێ.

# بزووتنەوەی سەوز و زەروورەتی ئاڵوگۆڕ لە گوتاردا

ماديح ئەحمەدی
madehahmadi@gmail.com

بمانهەوێ و نەمانهەوێ ئەمڕۆ لە ئێران بزووتنەوەیەکی جەماوەری بە ناوی "بزووتنەوەی سەوز" لە گۆڕێ دایە. هەر وەك دەیان جار باس کراوە ئەم بزووتنەوەیە بەرهەمی سێ دەیە سەرکوت و چەوساندنەوەیە. ئەو کودەتایە کە لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماریدا دژی دەنگی خەڵك کرا، بووە هۆی ئەوەی بە شێوەیەکی بەربڵاو خەڵك بێنە سەر شەقام و ناڕەزایەتیی خۆیان بەرانبەر بە زەوت کردنی مافەکانیان لە ماوەی سێ دەیەی رابردوودا دەربڕن. بێ گومان ئەم بزووتنەوەیە خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی و خاڵی بەهێز و لاوازیشی هەیە. زۆر بابەت هەبوون کە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا لە ئێرانی ژێر دەسەلاتی کۆماری ئیسلامیدا هێڵی سوور و بڤە بوون، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە توانی ئەو تابۆیانە بشکێنێ و قەیرانێکی جیددی بۆ دەسەڵاتی ئەو وڵاتە پێك بێنێ و خودی "ویلایەتی فەقیە"و هێما پیرۆزەکان بکا بە ئامانج و بیپێکێ. یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم بزووتنەوەیە ئەوەیە کە چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگە وەك خوێندکاران، رووناکبیران، ژنان و... تێیدا بەشدارن. لەم رووەوە دەکرێ بڵێین بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە کە توانیویەتی ریشە لە نێو لایەنە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەدا داکوتێ یا بە واتایەکی دیکە ئەو دەرفەتەی پێك هێناوە کە ئەو لایەنانەی کۆمەڵگە تێیدا بەشدار بن. ئەم دوو خاڵە و چەند تایبەتمەندیی دیکە، دەکرێ وەك لایەنە بە هێزەکانی ئەم بزووتنەوەیە باسیان لێ بکرێ.

لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا یەکێك لەو بابەتانەی کە بەردەوام رەخنەی لێ گیراوە، ئەوە بووە کە بۆ ئەم بزووتنەوەیە تەنیا لە ناوەند و چەند شارێکی گەورەی ئێران ماوەتەوەو بۆ شار و ناوچەکانی دیکە پەل و پۆی نەهاوێشتوە. لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا روانگەی ئەمنیەتیی دەسەڵات لە ئێران زیاتر لە سەر ئەو ناوچانە چڕ ببووەوە کە لە پەراوێز دا بوون. ئەم ناوچانە کە کوردستان نموونە زەقەکەیانە لە روانگەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە وەك ناوچە قەیراناوییەکان سەیر دەکران. هاوکات زیاترین ناڕەزایەتییەکان لەم ناچانەوە بوون. واتە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا قەراخ(ئەو ناوچانەی لە پەراوێز دان) دژی دەسەلات چالاك بوون و ناوەند و شارەکانی دیکە بەانبەر بەم بابەتە بەو شێوەیە کە پێویست بوو نەدەهاتنە نێو کێشەکان و کەمترین ناڕەزایەتییان لە خۆیان نیشان دەدا. هۆکاری سەرەکیی ئەمەش ئەوە بوو کە دەسەڵات بتوانێ هێزی خۆی لەم ناوچانە چڕ بکاتەوەو



خەڵکی ناڕازی سەرکوت بکا. بەڵام ئەگەر ئێستا چاو لە بابەتەکە بکەین دەبینین بە پێچەوانەیەو شارە گەورەکان و ناوەند بوونەتە مەیدانی سەرەکیی کێشە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و بەڕێوەبەرانی. ئەمەش لە راستیدا یەکێك لە خاڵە لاوازەکانی بزووتنەوەی سەوزەو بۆتە هۆی ئەوەی دامودەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی زیاترین هێزی خۆیان لە ناوەند و شارە گەورەکان بۆ سەرکوتی خەڵکی ناڕازی چڕ بکەنەوە. رەنگە زۆر کەس کێشەکە لەوەدا ببینن کە ئەو ناڕەزایەتییە ئەمڕۆ لە تاران و شارە گەورەکان لە گۆڕێدایە، کێشەی ناوچەکانی دیکە نیە بۆیە ئەم بزووتنەوەیە نەیتوانیوە لە هەموو ناوچەکان ریشە داکوتێ.

ئەگەر لە لایەنی جۆاوجۆرە خوێندنەوە بۆ ئەم بابەتە بکەین دەردەکەوێ کە کێشەکە وا نییە، چونکە خەڵکی ئەو ناوچانەش نەمانی ئەو سیستمەیان پێ خۆشەو هەر چەشنە دژایەتی کردنێکی ئەو سیستمە لە بەژەوەندیان دایە.

لە راستیدا کێشەی ئەوەی کە بۆ بزووتنەوەی سەوز نەیتوانیوە هەموو شارو ناوچەکان بگرێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ گوتاری ئەو بزووتنەوەیە. لێرەدا رەنگە زۆر کەس وا چاو لە بابەتەکە بکەن و بڵێن کە بزووتنەوەی سەوز "بزووتنەوەیەکی هەمە رەنگە"، بۆیە گوتارێکی دیاری کراوی نییە. چونکە هەر وەك ئاماژەی پێدرا چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگا وەك خوێندکاران، رووناکبیران، ژنان و... تێیدا بەشدارن. لە راستیدا ئەم چین و توێژانە هەر کام تەعبیر لە ویست و داخوازییەکانی خۆیان دەکەن، بۆیە زۆر سروشتییە لە ئاست خۆیان بێنە نێو کێشەکە، بەڵام ئەوەی لە هەموومان گرنگترە کێشەی نەتەوەکانی ئێرانە لەم بازنەیەدا.

ئەگەر بێین خەسارناسیی بابەتەکە بکەین دەردەکەوێ کە بزووتنەوەی سەوز بە شێوەیەکی فرە رەهەند گەشەی نەکردوە. واتە هاوکات نەیتوانیوە لە هەموو روویەکەوە خۆی پێش بخا. بۆ نموونە ئەگەر ئەم بزووتنەوەیە هەر لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ هەڵبسەنگێنین، دەبینین رۆژ بە رۆژ ئەو دروشمانەی کە خەڵك لە ناڕەزایەتییەکاندا وتوویانەتەوە رادیکاڵتر بۆتەوە، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەم لایەنە نەهاتوە داخوازییەکانی پەرە پێ بدا و گرفتە سەرەکی یەکانی بەردەم پرۆسەی دیموکراتیزاسیۆنی ئێران کەزیاتر خۆی لە مافی نەتەوە بندەستەکانی ئەو وڵاتەدا دەبینێتەوە بخاتە بەر باس. لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا دیتمان کە ئاوڕدانەوە لە لانی کەمی مافی نەتەوە بندەستەکان لە لایەن "مێهدی کەڕوبی" و بە پلەی دووهەمیش لە لایەن "میر حوسێن موسەوی"یەوە بووە هۆی ئەوەی کە خەڵکێکی زۆر بێنە مەیدان و بەشداری لە هەڵبژاردنەکانیشدا بکەن. واتە گرفتی سەرەکی لێرە لەوەدایە کە ئەو کەسایەتی و لایەنانەی کە رێبەریی بزووتنەوەی سەوز دەکەن بۆ ئەوەی ئەم بزووتنەوەیە پەل و پۆ بهاوێ و لە هەموو ناوچە جیاجیاکان ریشە داکوتێ، نەهاتوون پەرە بەم گوتارە بدەن و رۆژ بە رۆژ چوارچێوەیەکی بەرینتر بدەن بە باس کردنی مافی نەتەوە بندەستەکان و کەمایەتییەکانی دیکە لە ئێران. ئەمە لە راستیدا دەیتوانی و دەشتوانێ کۆڵەکەیەکی سەرەکیی ئەو بزووتنەوەیە بێ و ببێ. ئێستاشی لەگەڵدا بێ کەسانێك یان هەندێ لایەن لە ناو بزووتنەوەی سەوزدا لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵێك بیانوو و لێکدانەوەی سواوی وەك "پاراستنی یەکپارچەیی ئێران" خۆیان لەم بابەتانە نادەن کە مەرجی سەرەکیی دەستەبەر بوونی ئێرانێکی دیموکراتیك و یەکپارچەیە. بە پێچەوانەوە باس نەکردن لە مافی نەتەوە بندەستەکان و کەمایەتییەکانی دیکە هەر ئێستا بۆتە هۆی دروست بوونی سنوورێك لە نێوان ناوەند و شارە گەورەکانی ئێران و ناوچەکانی دیکە. ئەو کەسایەتی و لایەنانەش کە خەمی یەکپارچەیی ئێران دەخۆن، دەبێ ئەم سنوورە بە مەترسی یەك بۆ سەر یەکپارچەیی ئێران بزانن، نەك هێنانە گۆڕی مافی نەتەوەبندەستەکان. چونکە ئەزموونی ئەو ماوەیە دەریخست کە ئەم خوێندنەوەیە هەڵەیەو گەورەترین خەسارە بۆ بزووتنەوەی سەوز.

بۆ نموونە لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا لە کوردستان دامودەزگا ئەمنیەتییەکانی دەسەڵات گوشارەکانی خۆی بۆ سەر چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد چڕتر کردۆتەوە. ئێستا زیاتر لە ٢١ کەس کە زۆربەیان لە چالاکانی مەدەنی و سیاسیی کوردن لە لایەن بێدادگاکانی کۆماری ئیسلامییەوە بڕیاری ئێعدامیان بۆ دەرکراوە و لە چاوەڕوانیی جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارەدان و دوایین ساتەکانی ژیانیان دەژمێرن. لە ماوەی چەند مانگی رابردووشدا دوو چالاکی سیاسیی دیکەی کورد بە ناوەکانی "ئێحسان فەتاحیان"و "فەسیح یاسەمەنی" لە بەندیخانەکانی "سنە" و "خۆی" بوونەتە قوربانیی ئەم سیاسەتەی کۆماری ئێسلامی. لە بەرانبەر ئەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامیدا و ئەو گۆشارانەی کە رۆژانە بۆ سەر چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد پەرەدەستێنن، دەبینین ئەو کەسایەتی و لایەنانەی کە رێبەریی بزووتنەوەی سەوز دەکەن هیچ هەڵوێستێکیان نەبووە و بێدەنگ بوون. ئەم بێدەنگیەش دەکرێ ئەو تەعبیرەی لێ بکرێ کە ئەو کەسایەتی و لایەنانە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامییان بەرانبەر بە کوردستان لا پەسندە، بۆیە هیچ هەڵوێستێکیان نییە. مادام ئەم زێهنیەتە لای خەڵکی کوردستان دروست بووە، زۆر سروشتییە کە خەڵکی کورد تێکەڵ بەو ناڕەزایەتییە نەبن و بزووتنەوەی سەوزیش نەتوانێ لە کوردستان ریشە داکوتێ. ئەو بارودۆخەی ئێستا لە کوردستان زاڵە باشترین دەروازەیە بۆ ئەوەی بزووتنەوەی سەوز بتوانێ لە ئاستێکی بەربڵاودا خەڵکی کورد بێنێتە نێو حەرەکەتەکە.

بۆیە لە کۆتاییدا پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ئەم بزووتنەوەیە دەبێ لە خۆیدا ئاڵوگۆڕێکی گوتاری پێك بێنێ و بۆ ئەوەی بتوانێ لە هەموو شار و ناوچەکان خەڵك بێنێتە سەر شەقام و ئاوڕ لە مافی نەتەوە بندەستەکان و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بداتەوەو نابێ بهێڵین ئەم دەرفەتە لە دەست بچێ.

**ئەو بارودۆخەی ئێستا لە کوردستان زاڵە باشترین دەروازەیە بۆ ئەوەی بزووتنەوەی سەوز بتوانێ لە ئاستێکی بەربڵاودا خەڵکی کورد بێنێتە نێو حەرەکەتەکە**

# ئیرادەی خۆمانە کە دەتوانێ گیانی زیندانیانی سیاسیمان بپارێزێ

سمایل شەرەفی

**زیاتر لە ٢٠ چالاکی سیاسی و مەدەنیی کورد لە لایەن دامودەزگا ئەمنییەتییەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە حوکمی ئێعدامیان بە سەردا سەپاوە.**

**لە ماوەی ٣ مانگی رابردوودا دوو چالاکی سیاسیی کورد بە ناوەکانی ئێحسان فەتاحیان و فەسیح یاسەمەنی ئێعدام کران.**

**لە یەك مانگی رابردوودا فشار بۆ سەر چالاکانی خوێندکاریی کورد لە زانکۆکانی ئێران بەتایبەت لە سێ زانکۆی "رازیی کرماشان"، "ئەمیر کەبیر" و "زانکۆی تاران" پەرەی ئەستاندوە.**

**چالاکانی کرێکاری تەنیا بە تاوانی پێداگری لە سەر مافە سنفیەکانیان هەڕەشەی بێکار کردنیان لێ دەکرێ و بەشێکی بەرچاویان لە گرتووخانەکان دا چاوەڕوانی حوکم دەکەن.**

**کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی رۆژ نیە لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی رێژیمەوە هێرشیان نەکرێتە سەرو لە ئاکامی تەقەی ئەم هێزە سەرکووتکەرانە دا تووشی زیانی گیانی و ماڵی نەبنەوە.**

****

ئەو چەند دێرەی سەرەوەو بە دەیان سەردێری لەو بابەتە رۆژانە لە رێگای کاناڵەکانی راگەیاندنی کوردییەوە بەرگوێمان دەکەون. بە جۆرێك کە رووخسارێکی تەواو دووپاتەو چەند پاتەکراوی بە بەشی هەواڵ و زانیاریی ئەم کاناڵانە بەخشیوە. بەڵام ئەمە واقعیەتی بارودۆخی مافی مرۆڤە لە رۆژهەڵاتی کوردستان. ئەمە واقعیەتێکە کە گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا بە تاوانی پێداگری لەسەر ویست داخوازییە سەرەتایی‌یەکانی خۆی هەم وکوو ئینسان و هەم وەکوو نەتەوە، تیایدا دەژی.

رێژیمی کۆماری ئێسلامیی ئێران کە سەبەبکاری سەرەکیی ئەم پێشێلکاریانەیە و لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا جیا لە رەچاو کردنی سیاسەتی سەرکوت و پەراوێز خستن و بە چاوی ئەمنییەتی روانینە کوردستان، تەنیا بۆ جارێکیش بیری لە چارەسەر کردنی کێشەی کوردستان لە رێگای ئاشتیخوازانە نەکردۆتەوە، لە بەرانبەر هیچ سکاڵاو داواکردنێکی — تەنانەت نێونەتەوییش دا — وڵامدەر نیە. لە جەریانی ئێعدامی ئێحسان و فەسیح یاسەمەنی دا و چەند رۆژ پێش لە ئێعدامی هەر کام لە ناوبراوان بە چەندین رێکخراوی مافی مرۆڤی ناوچەیی و نێونەتەوەیی داوایان لە رێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەزگای قەزایی ئەم وڵاتە کرد کە حوکمی ئێعدامەکانیان هەڵوەشاوە رابگەیەنن. بەڵام راست بە پێچەوانەی ئەم داواکارییانە، هەڵویست گیراو، ئێحسان و فەسیح گیانیان لێ ئەستێندرا. هەر چەند زۆرێك لە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە رێگای نوێنەرانیانەوە بە دانیشتن لە گەڵ کۆڕو ناوەندە جیهانییە مرڤدۆستەکان و وەزارەتی دەرەوەی وڵاتان، پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤی کوردستان لە لایەن رێژیمی تارانەوە دێننە گۆڕی و داوای یارمەتی لەم کۆڕو ناوەندو وڵاتانە دەکەن کە لە رێگای جۆراوجۆرەوە فشارەکانیان بۆ سەر رێژیم چڕتر بکەنەوەو ئەوانیش هەوڵی خۆیان دەدەن، بەڵام بە کردەوە نەتەنیا هیچ گۆڕانێکی ئەرێنی لە وەزعییەتی مافی مرۆڤ لە کوردستان دا نەهاتۆتە پێشێ، بەڵکوو هەر وەك دەبینین هەر دێ و بەرەو خراپتر بوون دەچێ.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێش: بەراستی لە وەها حاڵەتێك دا کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ رێزێك بۆ داواکارییەکانی کۆڕو ناوەندە جیهانییەکان و دەوڵەتان دانانێ و هەوڵی دیپلۆماتیکی حیزبەکان لەم پێوەندییەدا ئاکامێکی ئەوتۆی لێ ناکەوێتەوە، چار چیە؟! ئایا دەکرێ هەر رۆژەو چاوەڕوانی ئێعدامی یەکێك لە تێکۆشەران و چالاکانی نەتەوەکەمان بین؟!

لێرەدایە کە خەڵکی کوردستان پێویستە بێ ئەوەی دەست بەرداتەوەو چاوەڕوان بێ، پشت بە ئێرادەی خۆی ببەستێ و خۆی هەوڵی پێش گرتن لە ئێعدامی رۆڵەکانی بدات. هەوڵێك کە دەبێ قبولی بکەین کە لە بە ئەنجام گەیاندنی دا — وەك خەڵکی کوردستان — تیایدا کەمتەر خەم بووین.

شکاندنی فەزای بێ دەنگی و بێ هەڵوێستی لە بەرانبەر ئێعدامی تێکۆشەران و چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورددا، دەتوانێ رێژیم ناچار بە لانیکەم وەدواخستنی ئەو حوکمانە بکات و مەجال بۆ هەنگاوەکانی دیکەمان برەخسێنێ. لە هەمان کات دا ئەرکی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردە کە لە رێگای دەزگاکانی راگەیاندنی خۆیانەوە، هاوکات لە گەڵ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری لە سەر گیراوانی کورد، هەوڵ بدەن بە وەپێشگرتنی مێتۆدو شێوازی مەدەنیانە کار لە سەر هەماهەنگ کردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکەن بۆ پێکهێنانی حەرەکەتی نارەزایەتی بە شێوەی گشتی.

بۆ ئەم کارەش وەك زۆر جار باسکراوە لە سەر لایەنە سیاسییەکانە کە لانی کەم بۆ وەها ئامانجێك — کە رزگار کردنی گیانی چالاکانی بە مەرگ مەحکووم کراوی کوردە — ناکۆکییەکانیان وەلا بنێن و بە هەڵوێستێکی هاوبەش یارمەتی بە یەکگرتوویی خەڵکی کوردستان بکەن.

بێگومان ئەگەر لە حەرەکەتێکی گشتی داو هاوکات لە هەموو شارەکانی کوردستان و بە بەدەستەوەگرتنی وێنەی چالاکانی بە مەرگ مەحکوومکراوی کورد، داوای هەڵوەشانەوەی حوکمی ئێعدامیان بکەین، کاریگەریی ئەرێنی لێ دەکەوێتەوەو هەر هیچ نەبێ دەستی رێژیم لە بەرێوەبردنی بە پەلەی ئێعدامی رۆڵەکانی نەتەوەکەمان کورت دەکاتەوە.

# دەرفەتێك بۆ خەڵكی كوردستان لە ٢٢ی ڕێبەندان دا

✍ حوسێن ئەحمەدپوور

> **بۆ ئێمە گرینگ پێش خستنی بزووتنەوەی کوردستانە و لە دەرفەت دەگەڕێین بۆ هێنانە ئاراو پێش خستنی پرسی نەتەوەکەمان. کەواتە ئێستا و ڕۆژانی داهاتوو بە هۆی ئەو بارودۆخەی لە ئێران هاتۆتە کایەوە، ئەو دەرفەتەمان بۆ خوڵقاوەو نابێ لە کیسی خۆمانی بدەین. هەر بۆیە و لەو ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ ئەو دەرفەتەیە کە دەتوانین کەڵکی لێ وەربگرین**

ماوەیەکە لە نێو ڕاگەیەنە گشتییەکان و کۆڕ و کۆبوونەوە جۆراوجۆرەکاندا باس لەوە دەکرێ کە خەڵکی ناڕازیی ئێران بە تایبەت لە شاری تاران لە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان دا خۆپیشاندانی گەورەی دژە حکوومەتی بەڕێوە دەبەن. لە بەرامبەریشدا ڕێبەران و کاربەدەستانی ڕێژیم بە هەمان شێوەی بۆنەکانی ١٣ی خەزەڵوەر، ڕۆژی قودس، ١٦ی سەرماوەز، ڕۆژی عاشورا، هەڕەشە لە خەڵك دەکەن و لە چەند ڕۆژی ڕابردووشدا هەندێك لە کاربەدەستانی ئەمنییەتیی و ئینتزامی بە هەر هۆکارێك بووبێ ( وەك بێ هیوا کردنی خەڵك یان هێور کردنەوەی تووڕەیی و نیگەرانیی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی) بە دڵنیاییەوە ڕایاندەگەیەنن کە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان هیچ حەرەکەتێکی ئێعترازی ڕوو نادا. بەڵام بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی ئەو بەشە لە کاربەدەستان هەواڵ و زانیارییەکان باس لە گەرم و گوڕیی ئامادەکارییەکانی خەڵك بۆ ٢٢ی ڕێبەندان دەکەن و دوایین لێدوانی هەر دوو کاندیدای ناڕازی لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانیش گەرم و گوڕییەکی زیاتری بە ئامادەکارییەکانی خەڵك بەخشیوە. میرحوسێنی مووسەوی و مێهدی کەڕووبی لە دوایین لێدوانیاندا وێڕای ناڕەزایەتی دەربڕین لە ئێعدامی ئارەش ڕەحمانی پوور و محەمەد عەلی زەمانی، ئێعدامی ئەو دوو کەسەیان وەکوو سیاسەتی حکوومەت بۆ ترساندن و تۆقاندنی خەڵك لێك دایەوە تا نەوێرن لە ڕۆژانی داهاتوودا خۆپیشاندان بەڕیوە ببەن. هەر بۆیە داوایان لە خەڵك کرد لە خۆپیشاندانی ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان دا چالاکانە بەشداری بکەن و داوای ماف و داخوازییەکانی خۆیان بکەن.

بەم چەشنە ئێستا بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران گەیشتۆتە ئاستێك کە ڕەنگە سادەترین پێش بینی بۆ ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان ئەوە بێ کە لەو ڕۆژەدا لە شاری تاران و هەندێك لە شارە گەورەکانی دیکەی ئێران خەڵك دەڕژێنە سەر شەقام و دژی ڕێژیم خۆپیشاندان دەکەن. بەڵام لێرەدا ئەوەی مەبەستمانە ئەوەیە کە ئاخۆ ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان لە کوردستان چۆن تێپەڕ دەبێ.

لە ماوەی ١٠ مانگی ڕابردوودا بە چەندین جار لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە و بە تایبەتیش لەلایەن بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی ئەو حیزبەوە ڕاگەیەنراوە کە خەڵکی کوردستان و حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دەبێ لە هەموو دەفەتەکان بۆ هێنانە ئارای داخوازییەکانی خۆیان کەڵك وەربگرن. ئەم هەڵوێستە وەکوو لۆژیکی سیاسی پێم وانیە هیچ کەس و لایەنێك قەبووڵیان نەبێ، بەڵام ژیریی سیاسی لەوەدایە کە بتوانی دەرفەتەکان ببینی و یان بتوانی دەرفەت بۆ خۆت بخوڵقێنی و بە شێوەیەکی ژیرانە و بە پێی بەرنامەیەکی گونجاو لە پێناو هینانە ئارا و بردنە پێشی داخوازییەکانی خۆت کەڵکیان لێ وەربگری. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە چوارچێوەی ئەو ڕوانگەیەدا بوو کە بە گرتنە بەری سیاسەتێکی ژیرانە بە پێچەوانەی ڕابردوو هەڵبژاردنەکانی خوولی دەیەمی سەرکۆماریی تەحریم نەکردو هەروەها خەڵکی کوردستانیش بە پێچەوانەی دەورەکانی پێشوو ـ کە هەمیشە کەمترین ڕێژەی بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا لە سەر ئاستی ئێران دا هەبوو بەشدارییەکی بەرچاویان لە هەڵبژاردن دا کرد و دەنگیان بەو دوو کاندیدایە دا کە بۆ یەکەم جار لانیکەمی داخوازییەکانی نەتەوەکان و خەڵکی کوردستانیان لە بەرنامەکانیاندا گونجاندبوو. بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی هەندێك کەس و لایەن چ لە نێو حکوومەت و چ لە نێو ریزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی و ئێرانی دا کە تا دوایین ڕۆژەکان پێیان وابوو کە هەر وەك ڕابردوو کەشو هەوای هەڵبژاردن لە کوردستان سارد و سڕ دەبێ، ئەم هەڵوێستە تاکتیکی و ژیرانەیەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەڵکی کوردستان بە هەموو چین و توێژەکانیەوە بووە هۆی ئەوەکە بە تایبەت لە ئاستی میدیایی دا گرینگییەکی تایبەت بە هەڵوێستی گەلی کورد و، داخوازییەکانیان بدرێ. بە واتایەکی دیکە هەموو کەس بۆی دەرکەوت کە بۆ خەڵکی کورد بە پێچەوانەی ڕابردوو بەشدارییان کرد و داخوازییان چیە؟

خەڵکی کوردستان لێرە بە دواش دەتوانن و پێویستە لە دەرفەتەکان و بۆنەکان بە قازانجی خۆیان کەڵك وەربگرن. هەر لەم چوارچێوەیەش دا دەکرێ بڵێین کە ٢٢ی ڕێبەندان دەرفەتێکی گونجاوە کە خەڵکی کورد بە شێوازی جۆراوجۆر کەڵکی لێ وەربگرن. لە کاتێکدا کە خەڵکی ناڕازی لە تاران و ناوچەکانی دیکەی ئێران دژی ڕێژیم ڕادەپەڕن، خەڵکی کوردستان نابێ ئەم دەرفەتانە لە کیسی خۆیان بدەن، بەڵکوو پێویستە ئیبتکاری عەمەل بە دەستەوە بگرن و وێڕای هێنانە ئارای داخوازە هاوبەشەکانیان لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران وەکوو دێموکراسی، مافی مرۆڤ، هەڵبژاردنی ئازاد و...، داخوازە نەتەوەیی و داخوازە تایبەتەکانی دیکەی خۆشیان بێننە گۆڕێ.

من هەرچەند بیری لێ دەکەمەوە دەبینم بۆ کورد لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا هیچ کاتێك وەکوو ئێستا دەرفەتی ئەوەی بۆ پێك نەهاتوە کە بە خەبات و لە مەیدان دا بوونی خۆی دا دەنگی خۆی بە گوێی خەڵکی دیکە بگەیەنێ. هیچ کاتێك وەکوو ئێستا خەڵکانی دیکەی ئێران ئامادەیی ئەوەیان تێدا نەبووە کە لە داخوازی و مافەکانی خەڵکی کوردسان تێ بگەن. لە ڕابردوودا هیچ کاتێك وەکوو ئێستا دەرفەتی ئەوە نەبووە کە دەنگی ناڕەزایەتی و مافخوازی خەڵکی کوردستان لە ئاستی دەرەوەدا ببینرێ و ببیسترێ. ڕەنگە ئێستاش هەر وەك ڕابردوو و بگرە زیاتریش لایەنی خەباتی چەکداریی خەڵکی کورد نە لە دنیای دەرەوە و نە لە نێو خەڵکانی دیکەی ئێران دا پێشوازیی لێ نەکرێ، بەڵام لایەنی مەدەنی و جەماوەریی خەباتی خەڵکی کوردستان بە هیچ بیانوویەك ناکرێ لەلایەن هیچ کەسێکەوە پشت گوێ بخرێ. کە واتە ئێستا لە بارترین دەرفەتە بۆ ئەوەی دەنگی خۆمان لە شێوازێکی هێمانە و جەماوەری دا هەڵبڕین.

من پێشتر واتە نزیك بە ٤ مانگ لەمەوبەر لە وتارێکدا لە ژێر ناوی " کورد و بزووتنەوەی سەوز" باسی ئەوەم کردبوو کە ئەگەر تەنانەت بزووتنەوەی سەوز هیچی بۆ کورد تێدا نەبێ، ئەوەی هەیە کە ئەو بزووتنەوەیە هیچ کەس ناتوانێ تەنیا بە قازانجی خۆی پێناسەی بکا و خەڵکی دیکەی لێ هەڵبوێرێ. ئەم بزووتنەوەیە ئەوەندەی کە من تێیدا بەدی بکەم دەتوانم بڵێم دەرفەتێکە کە بۆ گۆڕپەخشین و یان ژیانەوە و درێژەی هەموو ئەو بزووتنەوانەی کە ساڵانی ڕابردووەوە تا ئێستا هەبوون. بە واتایەکی دیکە ئەو بزووتنەوەیە هی هیچ کەس نیە و هی هەموو کەسێکە. هەر بۆیە بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەو کەسانەی کە بە لایەنگرانی ئەم بۆچوونە دەڵێن کە بە کەوچکێك ئاو کەوتوونەتە مەلەوە، بوونی وەها بزووتنەیەك بەو تایبەتمەندیانەوە باشترین دەرفەتە تا ئێمەی کورد بتوانین بە شێوەی گونجاو داخوازییەکانی خۆمان بێنینە ئاراوە. ئێمە دەبێ لە عەینی پاراستنی تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی کوردستان، ڕەنگ و بۆنی خۆمان لەو بزووتنەوەیە بدەین و لە خۆڕا و لە ڕووی بیرکردنەوەی هەڵە و نەزانی کاریی خۆمانەوە با خەڵکی دیکە نەکەینە خاوەنی ئەو بزوتنەوەیە و خۆمانی لێ بە دوور نەگرین. بۆ ئەمەش پێویستە بەشداریی چالاکانەمان هەبێ.

هەر لە چوارچێوەی ئەم ڕوانگەیەدا ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان بە دەرفەتێکی باش دەبینم. ڕەنگە وەك زۆر جاران هەندێك کەسی سیاسەت نەزان لە ڕووی غیرەتی لە خۆڕا زێدەی خۆیانەوە هێرش بکەنە سەر ئەم بۆچوونە و بڵێن " هەر ئەوەمان مابوو کە ئێمەی کوردیش وەکوو جەماعەتی ئیسلاح تەڵەب و مووسەوی و کەڕووبی نەتوانین هێڵی سووری خومەینی ببەزێنین و وێنەی خومەینی با یەکجاری لە ماڵەکانمان دا هەڵواسین." بەڵام بۆ ئەو بەڕێزانەی کە بەو شێوەیە بیر دەکەنەوە پێویستە بڵێین کە:

یەکەم: ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان ڕۆژێکە بۆ هەموو خەڵکی ئێران، ساڵڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی خەڵکی ئێرانە بە کورد و فارس و ئازەری و بە مەزهەبی و کۆمونیست و بیر و باوەری جۆراوجۆرەوە بە دژی ستەمی پاشایەتی. خەڵکی کورد کاتی خۆی کەمی هەزینە نەدا بۆ سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە. ئەو شۆڕشەش وەکوو ئەو بزووتنەوەیەی ئێستا هی هیچ کەس نەبوو و لە هەمانکاتیشدا هی هەموو کەسیش بوو بەڵام بە داخەوە دواتر بە هۆی ناوشیاریی خەڵکی ئێرانەوە و هەروەها بە هۆی نیازخراپی و ئایدۆلۆژیی چەوتی ڕێبەرانی مەزهەبی شیعەوە ئەم شۆڕشە لە بار برا.

دووهەم: تا ئێستا هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش شۆڕشی ٢٢ی ڕێبەندانیان بە سەرکەوتنی ئیرادەی گەلانی ئێران دژی ستەم پێناسە کردووە.

سێهەم: لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا سیاسەتی ڕێبەرانی ڕێژیم ئەوە بووە کە هەموو شانازییەکانی ئەو شۆڕشە بۆ خۆی قۆرخ بکا و خەڵکی دیکەی لێ بێبەری بکا. بەشداریی ئەمساڵی خەڵکی ئێران بە کوردستانیشەوە لە خۆپیشاندانی ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان دا بە تەواوی بە واتای لێسەندنەوەی هەموو ئەو شانازیانە لە ڕێژیم و گەڕاندنەوەی بایەخەکانی ئەو شۆڕشە( وەکوو عەدالەت، دژایەتی کردنی ستەم، ئازادی لە چنگی دیکتاتۆری و...) بۆ خاوەنەکانی ڕاستەقینەی خۆی کە هەموو خەڵکی ئێرانن و هەروەها لێ زیاد کردنی هەندێك بایەخی نوێ بە خەباتی ڕابردوویان وەکوو دێموکراسی، مافی مرۆڤ، ئازادیی هەڵبژاردن و ئازادیی ڕادەربڕین و...کە ئەو چەمکانە لە خەباتی ڕابردووی خەڵکی ئێران دا لە ژێر سێبەری ئایدۆلۆژییە جۆراوجۆرەکاندا ون ببوون.

چوارەم: ئێمەی کوردیش هەموو ئەو داخوازییانەی سەرەوەی خەڵکی ئێرانمان هەیە و هەندێك داخوازی تایبەت بە خۆشمان هەیە.

پێنجەم و لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە ئێمە چ باوەڕمان بە شۆڕشی ٥٧ هەبێ و چ باوەڕمان پێی نەبێ، چ باوەڕمان بە بزووتنەوەی سەوز هەبێ و چ باوەڕمان پێی نەبێ، چ پێمان وابێ کە مووسەوی و کەڕووبی و خاتەمی ڕێبەرانی ئەو بزووتنەوەیەن کە ڕابردوویەکی باشیان لای ئێمە نیە و چ پێمان وانەبێ، هەروەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا بۆ ئێمە گرینگ پێش خستنی بزووتنەوەی کوردستانە و لە دەرفەت دەگەڕێین بۆ هێنانە ئاراو پێش خستنی پرسی نەتەوەکەمان. کەواتە ئێستا و ڕۆژانی داهاتوو بە هۆی ئەو بارودۆخەی لە ئێران هاتۆتە کایەوە، ئەو دەرفەتەمان بۆ خوڵقاوەو نابێ لە کیسی خۆمانی بدەین. هەر بۆیە و لەو ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ ئەو دەرفەتەیە کە دەتوانین کەڵکی لێ وەربگرین.

هەر لەم پێناوەدا پێم وایە دەتوانین و پێشنیار دەکەم کە خەڵکی کوردستان بە حەماسەتێکی تەواوە بەشداری لە خۆپیشاندانەکەی ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان دا بکەن.

١ـ ئەگەر ناڕازیان لە تاران و شوێنەکانی دیکە وێنەی مووسەوی و کەڕووبی بەرز دەکەنەوە، ئەوا خەڵکی کوردستان دەتوانن لەو ڕۆژەدا بە بەرز کردنەوەی وێنەی شەهیدانێکی وەکوو ئێحسان فەتاحیان و فەسیح یاسەمەنی و ئیبراهیم لوتفوڵڵاهی و شەهیدانی دیکەی گەلەکەمان هەم ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی ئەو شەهیدانە بگرن و خۆیان لە شەهیدەکانیان بە خاوەن دەرخەن و هەمیش لەو ڕیگەیەوە سیاسەتی سەرکوت و ئێعدام لە کوردستاندا مەحکووم و ڕیسوا بکەن. ئەگەر لەو ڕۆژەدا کارێکی ئاوا بکەین ئەوا بە دڵنیاییەوە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ لە داهاتوودا هەروا بە ئاسانی زیندانیانی کورد ئێعدام بکا.

٢ـ خەڵکی کوردستان دەتوانن بە بەرز کردنەوەی وێنەی زیندانیانی سیاسی و مەدەنیی کورد وەکوو عەدنان حەسەن پوور، فەرزاد کەمانگەر، محەمەد سەدیق کەبوودوەند، کەماڵ شەریفی و... داوای ئازادیی ئەوان و دەیان و سەدان تێکۆشەری دیکە بکەن.

٣ـ خەڵکی کوردستان دەتوانن تەنانەت بێ ئەوەکە وەکوو تاران دژی کەسێك دروشم بدەن بە شێوەیەکی هێمنانە بە پلاکاردی جۆراوجۆر داوای مافە نەتەوەییەکانی خۆیان لە شکڵی فیدرالیزم دا بکەن. بۆ نموونە بنووسن:" **تنها راه دمکراتیزه کردن ایران، فدرالیزه کردن ایران می‌باشد**" ئەم کارە بەهاری ڕابردوو خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئەمیرکەبیری تاران و ڕازیی کرماشاندا کردیان، بەڵام ئەگەر بێتو خەڵك ئەم درووشمانە بەرز بکەنەوە، ئەوا کاریگەریی زیاتری دەبێ و ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران دوای چەند جار بەو شێوە دەرکەوتنەی خەڵکی کورد ناچار دەبن کە بە ئاشکرا باس لە مافی گەلی کورد بکەن و دان بە داخوازییەکانیاندا بنێن. هەروەها ئەم شێوە حەرەکەتە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە توانای دیپلۆماسیی حیزبە سیاسییەکانیش چ لە دانیشتن لەگەڵ ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆن و چ لە دەرەوەی وڵات بەرز دەکاتەوە.

٤ـ پێویستە ئەوەش زیاد بکەین ئەگەر تەنانەت لە تاران خەڵك دروشمی توند دژی دەسەڵات دەدەن و لەگەڵ هێزە ئەمنییەتییەکاندا دەرگیر دەبن، ئەوا لە کوردستان بە پێی ئەزموونێك کە هەمانە دەبێ خۆ لەو شتانە بپارێزین. ئەمجارەیان با تەنیا یەك شت بە لای ئێمەوە گرینگ بێ ئەویش ئەوەیە بۆ چەند دەقیقەك لە چەند شاری کوردستان ئاپۆرای خەڵك داوای مافەکانیان بکەن، گرینگ ئەوەیە کە خۆپیشاندەران لە هەر شارێك بتوانن لەو چەند دەقیقەك فیلم بگرن و لە ڕاگەیەنەکاندا بڵاو بکرێنەوە. ئەگەر هاتوو بە توند و تیژی کێشرا وا باشە خەڵکەکە پاش چەند دەقیقەك بڵاوەی پێ بکەن.

بۆ بەرەو پێش بردنی ئەم شێوازە خەباتە پێویستە ئەوە وەبیر بهێنینەوە کە ئەرکی حیزبە سیاسییەکان، چالاکانی سیاسی و خوێندکارانی کوردە کە ڕۆڵی پێشڕەویی خۆیان لەم ڕۆژانەدا ببینن و بە ئاگادار کردنەوەی خەڵك و بە هاندانی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان ئەم شێوازە خەباتە بەرەو پێش ببەن و بەم شێوەیە چیتر نەهێڵین دەرفەتەکان لەوە زیاتر لە کیسی خەڵکی کوردستان بچن.

# پارادۆکسی گوتاری رێبەرانی رێفۆرمخواز

حەسەن شێخانی

ئەگەر سەرنجی ئاخافتن و بەیاننامەکانی میرحوسێن مووسەوی و مێهدی کەڕوبی وهەروەها ئاخافتنەکانی محەممەدی خاتەمی بدەین لەگەڵ پارادۆکسێکی گوتاری و فەلسەفی بەرەورووو دەبین کە لەم نووسینەدا هەوڵ دەدرێ چییەتی و لایەنەکانی ئەم پارادۆکسە شی بکرێتەوە.

کەسایەتییەکانی ناوبراو بە خوێندنەوەیەکی نوێ لەیاسای بنەڕەتی کە لەگەڵ مافەکانی خەڵکدا تەبایی هەبێ (بە وتەی ئەوان) قەناعەت دەکەن و هەر چەشنە رادیکالیزمێک بە زیانی بزووتنەوە لە قەڵەم دەدەن. ئەوان هەموو هەوڵی خۆیان دەخەنە گەڕ تا گوتاری ئیسلاح خوازی لەچوارچێوەی یاسای بنەرەتیدا ببێتە گوتاری زاڵی بزووتنەوە.

مێهدی کەڕوبی و میرحوسێن مووسەوی وێڕای پێداگری لەسەر هێنانە ئارای خواستەکان لە چوارچێوەی یاسای بنەرەتیدا، ئاماژە بەوە دەکەن کە شۆڕشی ئیسلامی لەم ساڵانەی دواییدا بە لاڕێدا چووە و دەبێ کارێک بکەین کە کۆماری ئیسلامی بگەرێتەوە دۆخی ساڵەکانی سەرەتای شۆڕش و سەردەمی رێبەریی خومەینی .

محەممەدی خاتەمی هەمان قسەکانی سەردەمی ٨ ساڵ سەرکۆماریی خۆی دووپات دەکاتەوەو باس لە خەڵک سالاریی دینی دەکا وپێی وایە کە سکۆلاریزم لەگەڵ ئیسلام و فەرهەنگی خەڵکی ئێران ناتەبایی هەیەو، ئەوە فاکتەری دەرەکییە کە دەیەوێ سکولاریزم لە کۆمەڵگەدا پەرەپێ بدا.

محەممەدی خاتەمییش وەکوو کەروبی و مووسەوی پێی وایە تەنیا کەسانێکی کەم لەهەر دوو رەوتدا بەنیەتێکی خراپەوە دەیانەوێ فەزاکە رادیکالیزە بکەن و دروشمی پێکهاتەشکێن بدەن. تەنانەت خاتەمی تا ئەو جێگەیە دەڕواتە پێش کە هەر دروشمێک بێجگە لە دروشمی" سەربەخۆیی، ئازادی، کۆماری ئیسلامی" بە دروشمی لادەرانە وەسف دەکا.

مێهدی کەروبی وەک یەکێک لە رادیکاڵترین رێبەرانی ئیسلاحخواز وێڕای بەرەسمی ناسینی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد رادەگەیەنێ ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە مەترسی بکەوێ هێزەکانی دووباڵ کە خوازیاری نیزامی ئیسلامین یەک دەگرنەوە ئەویش وەک هاوبیرەکانی پێی وایە باشترین کەسێک کە دەتوانێ کۆماری ئیسلامی لە قەیرانی ئارایی رزگار بکا وەلی فەقیهە.

تەنانەت کەروبی دەڵێ لە بەرئەوەی وەلی فەقیهـ حوکمی سەرکۆماریی ئەحمەدی نژادی ئیمزا کردوە ئەحمەدی نژاد وەک سەرکۆمار بەرەسمی دەناسێ! بە واتایەکی دیکە لەلایەک کەروبی باس لە دێموکراسی و مافەکانی خەڵک دەکاو لەلایەکی دیکەش حوکمی وەلی فەقیهـ بەسەر دەنگی خەڵک دا"ترجیح" دەدا.

هەموو ئەو کەسانەی لەگەڵ پێکهاتەی سیاسیی ئێران و یاسای بنەڕەتیی ئەم وڵاتە ئاشناییان هەیە دەزانن کە ئیسلاحخوازی لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی دا ئیمکانی نیە و چەمکی خەڵک سالاریی دینیش چەمکێکی پارادۆکسیکاڵە. ئەزموونی ٨ ساڵ سەرکۆماریی محەممەدی خاتەمی سەلمێنەری ئەم راستیيەیە.

باس کردن لە دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ پابەندبوون بە ئەسڵی ویلایەتی فەقیهـ کە دڵی ئیستبدادی ئێرانە، تەبایی نیە و لە راستیدا ئەم مەسەلەیە کە لەلایەن کەروبی، مووسەوی و خاتەمییەوە پێداگریی لەسەر دەکرێ چەشنێک پارادۆکسی فەلسەفی و دیماگۆژی بە ئەژمار دێ.

ئەگەر وەلایەتی فەقیهـ دەیتوانی لەگەڵ مافەکانی خەڵک کە بنەمای دێموکراسییە تەبایی هەبێ بۆ چی لەماوەی سی ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامی دا هیچ چەشنە دێموکراسییەک بە دی ناکرێ.

ئەزمونی سی ساڵ دەسەڵاتی

**باس کردن لە دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ پابەند بوون بە ئەسڵی وەلایەتی فەقیە کە دڵی ئیستبدادی ئێرانە تەبایی نیەو ئەم مەسەلەیە چەشنێك پارادۆکسی فەلسەفی و دیماگۆژی بە ئەژمار دێ**

کۆماریی ئیسلامی سەلماندوویەتی کە کاریگەریی ئەسڵی ویلایەتی فەقیهـ لە یاسای بنەرەتی دا هەموو ئەو ماددانەی بێ واتا کردوە کە باس لە ئازادی و مافەکانی خەڵک دەکەن و خەڵکی خێرخواز لەم یاسایە دا گونجاندوویانن.

بۆ تێپەڕین بەرەو دێموکراسی دەبێ دڵ و مێشکی ئیستبداد کە وەلی فەقیهە بدرێتە بەر هێرش. بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی نە بە پشتیوانی لە ئەسڵی ویلایەتی فەقیهـ بەڵکو بە دژایەتی کردن لەگەڵ ئەو ئەسڵە بەرەو پێش دەروا. هەر بانگەوازیک بۆ ریفۆرم لە چوارچێوەی یاسای بنەرەتی دا تەنیا دەبێتە هۆی سەقامگیرتر بوونی زیاتری رێژیم.

ئەگەر گوتاری ئیسلاحخوازی لە چوارچێوەی فۆرمە حقووقییەکانی هەنووکەیی ئێران دا بێتە گوتاری زاڵی بزووتنەوە و ریفۆرمخوازان لەسەر بنەمای قانوونی بنەڕەتی لەگەڵ هێزی دەسەڵاتدار بە سازش بگەن رەوایی حقووقیی خۆیان لە دەست دەدەن. چونکە ئەم کاتە بۆ جارێکی دیکە ریفۆرمخوازان هەمان رۆلی پێشووی خۆیان دەگێڕن و بەم شێوەیە تێکەڵ بە دەسەلات دەبنەوە. ئەو کاتە هیچ ئەنجامێکی باش لە نارەزایەتیەکانی خەڵکی ئێران ناکەوێتەوە.

بە وتەی پرۆفیسۆر عەباس وەلی ئەگەر قەرار بێ ئۆپۆزیسیۆنی ریفۆرم خواز بانگەشەی رەوایی حقووقی بۆ داواکەی بکا دەبێ لەسەر ریفۆرمی قانوونی بنەڕەتی ئیش بکا. لە حاڵەتی پێچەوانەدا هەر شێوە بانگەوازێک بۆ ریفۆرم خۆی لە ئاشتەوایی یان تەنانەت هاوکاری کردن لەگەڵ هێزی دەسەڵاتدار دا دەبینێتەوە. ئەم جۆرە ئاشتەوایی یان سازشە، هیچ شتیک نیە بێجگە لە یارمەتیدان و هاوکاری کردنی دەسەلاتی سیاسیی هەنووکەیی بۆ بەردەوامی دان بە دەسەڵاتی کودتا.

بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵکی ئێران بە قۆناغێکی هەستیار دا تیدەپەڕێ. هێشتا نەبۆتە خاوەن گوتار و شوناسێکی دیاریکراو. بۆیە ئەرکی هەموو لایەنەکان بە تایبەت لایەنە سکولار و دیموکراتەکانی بەشدار لە بزووتنەوە دایە کە رێگە نەدەن گوتارێک زاڵ بێ کە ئاکامەکەی تێکەڵ بوونەوەی ریفۆرمخوازان بە دەسەڵات و بەردەوامیدان بە فۆرمی حقووقی – قانوونیی هەنووکەیی ئێران بێ.

دۆخی ساڵەکانی سەرەتای شۆڕش و سەردەمی خومەینی کە کەروبی و مووسەوی وەک سەردەمی زێرین و ئایدیالی شۆڕشی ئیسلامی لە قەڵەمی دەدەن ئەو سەردەمەیە کە سیستەمی هەنووکەیی ئێران دادەمەزرێ و سەقامگیر ەبێ. رادەی جینایەتەکان و پێشێلکرانی مافی خەڵک لەو سەردەمە دا ئەگەر لە هی ئێستا زیاتر نەبێ کەمتر نیە. بۆیە ئەرکی هەموو کەس و لایەنەکانی بەشدار لە بزووتنەوە دا ئەوەیە کە بە شێوەیەکی عەقڵانی و وردبینانە بەیاننامە و قسەکانی رێبەرانی ئیسلاح خواز یان کەسایەتییە کاریگەرەکانی بزووتنەوە لێک بدەنەوە و لەهەر چەشنە "توهم" ێک بە نسبەت ئەوان خۆ بپارێزن.

بزووتنەوەی گۆرانخوازی ئێران پێویستی بە رێبەرایەتییەکی لێهاتوویە کە ئەم بزووتنەوەیە بەرەو ئامانجی دێموکراسیخوازی و سکۆلاریزم کە لەیەکتر جیا ناکرێنەوە رێبەریی بکەن نە کەسانێک کە بانگەشەی دێموکراسی لە چوارچێوەی قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا دەکەن و حوکمی وەلی فەقیە بەسەر دەنگی میلیۆنان خەڵک دا "ترجیح" دەدەن.

# ئێعدام و توندوتیژی دەرگایەك بەرووی کۆماری ئیسلامیدا ناکەنەوە

مستەفا مەعرووفی

رۆژی ٨ی رێبەندان دوو زینـدانیی سیاسی بە ناوەکانی ئارەشی رەحمانیو محەممەد عەلیی زەمانی لە زینـدانی ئێوین لە تاران ئێعدام کران. لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگی رابردوو دا دوو زینـدانیی سیاسیی کوردیش، لە سنە ئیحسانی فەتاحیان، لە کۆتاییـیەکانی سەرمازە داو فەسیح یاسەمەنی لە ورمێ ئێعدام کران. ئێعدام کرانی ئەو چەند کەسە لەم ماوەیە دا لە حالێك دایە کە دەیان کەس لەلایەن دادگاکانی کۆماری ئیسلامییەوە بە ئێعدام مەحکووم کراون. کۆمیتەی نێونەتەوەیی دژی ئێعدام لیستی ٦٣ زینـدانیی سیاسیی بە ئێعدام مەحکووم کراوی بڵاو کردۆتەوە. لەو ٦٣ کەسە ٢٨ کەسیان لە کوردستانن، ١٢ کەس لە ئەهوازو ١٢ کەسیش لە سیستانو بەلووچستانو ٩ کەسییش لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانن. دیارە ئامادە کردنی لیستێکی وا کارێکی ئاسان نیە، چونکە کۆماری ئیسلامی ئێستاش حاشا لە بوونی زینـدانیی سیاسی لە وڵات دا دەکا! کەوابوو لیستی زینـدانیانی سیاسیی مەحکووم کراو بە ئێعدام دەبێ لەوەش زیاتر بێ. لە لایەکی دیکەش بێدادگاکانی کۆماری ئیسلامی بێکار نین، بە تایبەتی دوای ئەو راپەڕینانەی لە سەرانسەری ئێران لە دژی کۆماری ئیسلامی کراون، ئاماری مەحکووم کراوان بە ئێعدام زیاتر دەچێتە سەر.

ئێعدامی ئەو چەند کەسە لەم ماوەیە دا بۆتە هۆی نیگەرانیی خەڵکی ئێرانو کۆڕو کۆمەڵە بەشەردۆستەکانو لایەنگرانی مافی مرۆڤ لە سەرانسەری جیهان. چونکە جگە لەوەی کە دەیان کەسی دیکە حوکمی ئێعدامیان لەسەرە، بڕیاردەرانو رێبەرانی پلە یەکی رێژیم لە تریبوونەکانی نوێژی هەینیو لێدوانەکانیان دا بەردەوام هەڕەشەی کوشتنو ئێعدام لە خەڵکی ناڕازیو ئازادیخوازان دەکەن. تەنانەت ئەحمەدی جەننەتی دەبیری شوورای نیگاهبانو لە بەرپرسانی دەستڕۆیشتووی کۆماری ئیسلامی رۆژێك دوای ئێعدامی ئارەشی رەحمانیو محەممەد عەلیی زەمانی لە نوێژ هەینیی تاران دەسخۆشانەی لە سەرۆکی دەگای قەزایی کردو پێی لەسەر توندو تیژی لە بەرامبەر خەڵکی ناڕازی دا گرتەوە. مەترسیی وەڕێکەوتنی شەپۆلێکی نوێی ئێعدام لەوەش را زیاتر دەردەکەوێ کە بزانین ئەو دوو کەسەی دوایی پێش لە هەڵبژاردنی دەورەی دەیەمی سەرۆك کۆماری رووداوەکانی دوای ئەو هەڵبژاردنە گیرابوون بەڵام لە بڕیاری دادگای شۆڕش دا تاوانی ئەم دوو کەسە بە رووداوەکانی دوای هەڵبژاردنەوە گرێ دراوە. ئەمەش لەلایەك نیشانەی ئێعدامی لە گۆترەو بێ هۆی زینـدانیانی سیاسییە کە بۆ هێندێك ئامانجی دیکە ئەنجام دەدرێنو پێوەندیان بە تاوانی زینـدانیی سیاسییەوە نیەو، لەلایەکی دیکەش ئێعدامی بێ سەرەوبەرەو بە دوور لە هەرچەشنە پرەنسیپێکی قانووی-یە وەك ئەوەی لە لە کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە خەرمانانی ١٣٦٧ دا بە دەستووری ئایەتوڵڵا خومەینی کرا.

ئەو چەند ئێعدامەی دوایی تۆزقاڵێك عەداڵەتو قانوون - تەنانەت قانوونە سەقەتەکانی خودی کۆماری ئیسلامییش - یان تێدا وەبەر چاو نەگیراوەو تەنیا بڕیاری سیاسیی رێبەرانی پلە یەکی کۆماری ئیسلامین کە بۆ هێندێك مەبەست ئەنجام دراون. هەر بۆیەش ترسی ئەوە هەیە زیاتر درێژە بکێشێ.

مەبەستی سەرەکیی کاربەدەستانی رێژیم لەو ئێعدامانە وەڕێ خستنی شەپۆلی ترسو خۆف لە نێو خەڵکی ناڕازیو خۆپێشاندەران دایە، بە تایبەتی



لە بەرەبەری ٣١ ەکەمین ساڵڕۆژی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ٢٢ی رێبەندان دا. چونکە ئێستا ئیدی رۆژو بۆنە مێژووییەکانی خودی رێژیم لە لایەن خەڵکی ئازادیخوازی ئێرانەوە گۆڕاون بۆ رۆژانی پڕ لە رووداو لە دژی رێژیم.

هۆیەکی دیکەی ئەو ئێعدامانە رەنگە نیشاندانی تواناو دەسەڵاتی لایەنگرانی توندو تیژی لە نێو کاربەدەستاندا بێ، چونکە ژمارەیەك لەمانە بە پێچەوانەی هێندێکیان پێیان وایە نابێ تۆزقاڵێك روحمو بەزەیی لە بەرامبەر ناڕازییان دا نیشان بدەنو دەبێ بە توندی سەرکوت بکرێن. ئەو کێشەیە لە قسەکانی کەسانی وەك جەننەتیو میسباحی یەزدیو - تەنانەت خامنەیی لەم دواییانەدا - بە روونی دەردەکەوێ. ئەو کەسانە تەنانەت بەداخبوونی خۆیان لە بە کارنەهێنانی هێزی نیزامیو کوشتو کوشتار لە رووداوەکانی ١٠ ساڵ لەوەپێشەوە - واتە رووداوی کووی زانستگە لە ١٨ی پووشپەڕی ١٣٧٨دا - تا ئەمڕۆ دەردەبڕن بەڵام بەقسەیان نەکراوەو کوشتاری نزیکەی ١٠٨ کەس لەم چەند مانگەی دوای هەڵبژاردندا (کە لیستەکەیان هەیە) بە کەم دەزانن.

ئێعدامی ئەو چەند کەسە لەم ماوەیە داو هەڕەشەی دەسەڵاتدارانی ئەسڵیی رێژیم لە خەڵك ئەوە دەسەلمێنن کە کوژرانی ٧٢ کەس لە یەکەم حەوتووی راپەڕینی دوای هەڵبژاردن(رەنگە زیاتریش)، ٣٦ کەس لە رووداوەکانی عاشوورا داو کارەساتی شەرماویی زینـدانی کەهریزەکیش بە بڕیاری کاربەدەستانی پایە بەرزی رێژیم بووەو درۆیەکانیانو ئیدیعاکانیان کە گۆیا دەستی بێگانەو دوژمنانی ئێرانیان تێدابووە پووچەڵ دەکاتەوە.

نیگەرانیی رێبەرانی رێژیم لەوە دا کە ئەگەر لە بەرامبەر حەرەکەتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران دا نەرمی نیشان بدرێو توندوتیژی بەکار نەیە، خۆپێشاندانەکان زیاتر پەرەدەگرن، نیگەرانییەکی بەجێیە. چونکە خەڵك ویستو داخوازی خۆیان هەیە کە پێوەندییان بە هەلسوکەوتو شێوەی دژکردوەی رێژیمەوە نیەو تاگەیشتن بەو ویستو داخوازانە راناوەستن. بەڵام ئەگەر رێبەرانی رێژیم پێیان وایە بە ئێعدامی رۆڵەکانی خەڵكو بەکارهێنانی توندو تیژی پێش بە حەرەکەتی ئەوان دەگرن بە هەڵە چوون، چونکە نە لە رابردوو داو نەئێستا، نە لە ئێران داو نەلە هیچ وڵاتێکی دیکە رێژیمەکان نەیان توانیوە تاسەر بە توندو تیژیو ئێعدام لەسەر کار بمێننەوە. ئەزموونی ئێرانو خودی کۆماری ئیسلامییش نیشانی داوە ئێعدامو توندو تیژی میللەتێك لە رێگەی گەیشتن بە ویستو داخوازەکانی ناگێڕێتەوەو بە تایبەتی میللەتێك کە ئامادە بێ نرخی بۆ بدا، هەر ئەمەش نوختەی بنبەستی کۆماری ئیسلامییە.

# بەرپرسیارانی سەرەکیی تاوان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دا

کوێستان فتووحی

**بەڕێوەبەرانی سەرەکیی جینایەتەکانی نێو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی، ڕێبەرانی ئەو نیزامەن. ئەو جینایەتانەی لە لایەن شکەنجەگەرەکانی نێو زیندانەکانەوە دەکرێن نابێ ببنە هۆی ئەوە نەخشی سەرەکیی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بکەوێتە ژێر پەردەی بێدەنگییەوە.**

دوای بڵاوبوونەوەی نامەکەی مەهدی کەڕووبی سەبارەت بە دەستدرێژیی جینسی بۆ سەر گیراوەکانی ناڕەزایەتییەکانی دوای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری بۆ ئەکبەری هاشمی ڕەفسەنجانی، ئاشکراکردنی ئەو جینایەتە شەرماوییە تیشکی زیاتری خستە سەر تاوانەکانی ئەم ڕێژیمە لە بەندیخانەکانداو بوو بە هۆی ئەوە شکەنجە و دەستدرێژیی جینسی لە نێو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا، لە لایەن ڕاگەیەنەکان و ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ بایەخی پێ بدرێ. بەڵام پێش ئەم لەقاودانانەی ئەمساڵی مەهدی کەڕوبی، نەک هەر لە لایەن کاربەدەستان و بەڕێوەبەرانی ئەم نیزامە، بەڵکوو لەلایەن زۆر لە ڕۆژنامەنووسان وچالاکانی سیاسیی ئێرانیشەوە ئەم مەسەلەیە پشت گوێ خرابوو و باسکردنیشی ببووە تابۆیەک.

کەڕووبی لە نامەکەی دا بۆ هاشمی دەنووسێ: " هێندێک لەو کەسانەی دوای ناڕەزایەتیی دەربرینەکان لە ئاکامی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری دەستگیر کراون، ئاشکرایان کردوە کە لە نێو زیندانەکاندا هێندێک کەس دەستدرێژیی جینسییان کردۆتە سەر ئەو کچانەی گیراون. کردەوی دەستدرێژی بە شێوەیەک بووە کە بۆتە هۆی ئەوەی هێندێکیان تووشی برین و ئازارێکی زۆر بوون. هەروەها بەشێوەیەکی وەحشیانە دەستدرێژییش کراوەتە سەر ئەو کوڕە لاوانەی کە لە بازداشت دابوون. بە جۆرێک کە ئەوان تووشی خەمۆکی (افسردگی) و گیروگرفتی جیددیی ڕووحی و جیسمی بوون و ئێستا بەم ئازارەوە خزاونەتە قوژبنی ماڵەکانیان." کەڕووبی لە بەشێکی دیکەی نامەکەیدا دەنووسێ "ئەگەر ئەو ڕەفتارە دڕندانەیەی لەگەڵیان کراوە و لەزمان هێندێک کەسەوە کە دواتر ئازاد کراون، نەمبیستایە، باوەڕکردنیان بۆ من زۆر سەخت بوو." هەروەها دەڵێ:" کەسانێک ئەم مەسەلەیان لەگەڵ من دا باس کردوە کە ڕۆژانێک لە پۆستی حەساس دا لەم وڵاتە کاریان کردوە. ئەو کەسانە گوتوویانە کردەوەی ئەوتۆ لە زیندانەکاندا روویان داوە کە ئەگەر تەنانەت یەک نموونەشیان ڕاست بێ، کارەساتێکە بۆ کۆماری ئیسلامی کە ڕووی زۆر لە حکوومەتە دیکتاتۆرەکان و بۆ نموونە ڕێژیمی شای سپی کردۆتەوە".

**ئایا ئەم مەسەلەیەی کە کەڕووبی ئەمڕۆ وەک کارەساتێک بۆ کۆماری ئیسلامی ناوی دەبا، تەنیا پێوەندی هەیە بەم دەورانەی ژیانی کۆماری ئیسلامییەوە؟**

بێگومان وڵامی ئەو پرسیارە بۆ هەموو کەس روون و ئاشکرایە، تەنانەت بۆ خودی مەهدی کەڕووبییش.

لە بیرمانە کە لە سەرەتای دەیەی ٦٠ی هەتاویدا حکوومەتی کۆماری ئیسلامی کە تازە دەسەڵاتی ڕەشی خۆی بەسەر گەلانی ئێراندا سەپاندبوو، چۆن کەوتە گیانی موخالیفان و ناڕازییان لە سیاسەتەکانی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو. زیندانەکان پڕ کران لەو کەسانەی بەجۆرێک لە جۆرەکان موخالیفەتیان لەگەڵ ئەو حکوومەتەدا هەبوو. بەهەزاران ئینسان کەوتنە زیندانەکان و لەناو چوون، تەنانەت خەباتکارانێک کە لە خەباتی ئازادیخوازی و ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیدا بەشدار بوون، دواتر کەوتنە زیندانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە و بەدڕندانەترین شێوە لە لایەن زیندانوان و بازجووە جینایەتکارەکانەوە کەوتنەبەر ئازار و ئەشکەنجە و ئێعدام. دڕندەیی شکەنجەگەرەکان و قازی و بازجووەکان وای کرد کە کەسێکی وەک ئایەتوڵڵا مونتەزیری کە جێگری خومەینی بوو هاتەدەنگ و ساڵی ١٣٦٧ لە نامەیەک دا بۆ خومەینیی نووسی ئایا دەزانی چی لە زیندانەکاندا ڕادەبرێ؟

کەم کەس هەیە کە نەزانێ لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا چی ڕووی داوە. شکەنجەی زیندانیان و دەستدرێژی کردنەسەریان، یەکێک بووە لەو تاوانانەی کە بەڕێوەبەرانی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی بەردەوام بەڕێوەیان بردوە. زۆرن ئەو کەسانەی کە دوای لێکۆڵینەوە و زیندانیی درێژماوە ئازاد بوون و، هەر یەکێکیان دەیان چیرۆک و بەسەرهاتی تاڵیان لە ئازار و شکەنجە و دەستدرێژییەکانی نێو زیندان هەیە. کێ بێ و نەیبیستبێ کاتێک دەیانویست کچێک ئێعدام بکەن، پێش ئەوەی ئێعدام بکرێ دەبوو پاسدارێکی جینایەتکار دەستدرێژیی بکاتەسەر، چونکە بە پێی باوەڕی دواکەوتووانەی دەسەڵاتدارانی ئەم ڕێژیمە، کچ ئەگەر بەکچی گیانی لێ بستێندرێ، دەچێتە بەهەشت! بۆئەوەی ئەو کچانە نەچنە بەهەشت، دەبوو بکرێنە ژن. هەر بۆیە پێش ئێعدام بە هۆی پاسدارێکەوە سیغە دەکران و دەستدرێژییان دەکرایە سەر. ئەمانەش هەر قسەیەکی بێ بەڵگە نەبوون. زۆرن ئەو بنەماڵانەی کە بۆ وەرگرتنەوەی تەرمی کچەکانیان دەچوون بۆ زیندانەکان، ئەو کەسەی کچەکەیانی سیغە کردوە مەبلەغێکی دەنا بەردەستی بنەماڵەکە و دەیگوت ئەوە مارەیی کچەکەتانە!

مەسەلەی دەستدرێژیی بۆ سەر زیندانیانی سیاسی و بەتایبەت بۆ سەر کچان و ژنانی زیندانی لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا سەرەڕای ئاشکراکرانی ئەو جینایەتە شەرماوییانە لەلایەن هێندێک لە قوربانییەکان و بڵاوبوونەوەی بیرەوەرییە تاڵەکانیان، تا ئەم دواییانە بەم جۆرەی پێویستە لە لایەن دنیای دەرەوە و کۆڕو کۆمەڵە بەشەردۆستەکان بایەخی پێ نەدرا. کەسانێکی وەک مەهدی کەڕووبییش کە وا دەنوێنن ئەم جۆرە تاوانانە یەکەمجارە لە بەندیخانەکانی ئەم ڕێژیمەدا روو دەدەن، پێویستە وەبیریان بخرێتەوە کە ٣٠ ساڵە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا ئەم جۆرە جینایەتە شەرماوییانە روو دەدەن. ئەوان ئەگەر لە بەر هەر بەرژەوەندێک لە کاتی خۆیاندا، چاویان لەم جۆرە تاوانانە نوقاندوە، ئێستا دەبێ قەرەبووی ئەم جۆرە چاونوقاندن و بێدەنگیانە بکەنەوە. نەک وا نیشان بدەن کە ئەوە یەکەم جارە شتی لەم چەشنە روو دەدا.

بەهەرحاڵ ئەوە کە مەهدی کەڕووبی ئەگەرچی بە درنگیشەوە، کەوتۆتە پەردەلادان لە سەر تاوانەکانی ئەم ڕێژیمە لە بەندیخانەکاندا، هەر باشە و هەنگاوێکی بوێرانە و ئەرکێکی ئینسانییە. جێگای خۆیەتی هەموو ئەو کەسانەی سەردەمێک لەم نیزامە دا کاربەدەست بوون و ئێستا بەرەی خەڵکی وەزاڵەهاتوو لەم ڕێژیمەیان هەڵبژاردوە، بە لەقاودانی تاوانەکانی ئەم ڕێژیمەو وەدەنگهاتن لە پیلان و تاوانەکانی ئێستای دەسەڵاتداران، چارەنووسی خۆیان هەرچی زیاتر لە بەڕێوەبەران و بڕیاربەدەستانی جینایەت پیشەی ئەم ڕێژیمە جیا بکەنەوە.

ئەوە کە لەقاودانەکانی مەهدی کەڕووبی کەوتە بەر سرنجی هەموو لایەک، دەگەڕێتەوە بۆ مەوقعیەتی ئێستا و ڕابردووی ناوبراو لە کۆماری ئیسلامی دا. ئەو کەسێک لە دەرەوەی ئەم نیزامە نەبووە تا بیروڕای گشتی و کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان، بە گومانەوە سەیری ئیددیعاکانی لە دژی ئەم نیزامە بکەن. هەر سەبارەت بە کاردانەوەکانی ئەم لەقاودانانەی ناوبراویش بوو کە خامەنەیی ڕێبەری ڕێژیم لە هەنگاوێکی فریودەرانەدا بڕیاری دا زیندانی کەهریزەک( ئەو زیندانەی دەستدرێژی و تاوانەکانی ئەم دواییانەی لێ ڕوودا) دا بخرێت. بەڵام خامەنەیی بۆ شاردنەوەی ئەو تاوانانە و دامرکاندنی ڕق و توورەیی خەڵکی ئێران و ڕەخنە و ناڕەزایەتیی بیروڕای گشتیی دنیا بوو کە دەستووری داخستنی ئەم زیندانەی دا. بەم کارە، ئەو هەمووە جینایەتانەی لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا بەسەر زیندانیانی سیاسییان هێناون ناشاردرێتەوە و پاک نابنەوە. ئەم کارەی خامەنەیی بۆ ئەوە نەبووە دڵی بۆ قوربانییەکان بسووتێ، بەڵکوو لە نیگەرانی لەو مەترسیانەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە ئاکامی ئەنجامدانی ئەم جۆرە تاوانانەدا رووی لەنیزامەکەیان کردوە.

ئەو باش دەزانێ ئێستا ئێتر وەک سەرەتاکانی دەسەڵاتەکەیان نیە کە بتوانن جینایەتەکانیان بە ئاسانی بشارنەوە و بە دنیا بڵێن نیزامەکەمان پاکەو ئەوەی دەگوترێ درۆیە. ئەگەر تاوانیان لە نێو زیندانەکان دا بە لاوە گرنگ بوو بۆچی تا ئێستا گوێیان بەوکەسانە نەدەدا کە لە زیندانەکاندا دەستدرێژیی جینسیان دەکرایە سەر؟ خۆ مەسەلەی ئازار و شکەنجەی زیندانیان بەردەوام بەگوێی سەرانی ئەم ڕێژیمە گەیشتوە، لانی کەم ئەگەر لە نێوسەرانی ڕێژیمیشدا کەس جورئەتی نەکردوە باسی لێوە بکا، ڕێکخراوەکانی وەک چاوەدێری مافی مرۆڤ و لێبووردنی نێونەتەوەیی بە نامە دەسەڵاتدارانیان لە جینایەتەکانی نێو زیندانەکان ئاگادار کردۆتەوە، یان خودی ئەو کەسانەی کە لە زیندانەکاندا لەلایەن جەللادەکانی زیندانەوە دەستدرێژییان کراوەتەسەر، سەران و بەڕێوەبەرانی ڕێژیمیان لە چارەنووسی خۆیان ئاگادار کردۆتەوە! بەڵام قەت گوێیان پێ نەداون وهەمووکات لە وڵامدا گوتوویانە ئەوە تۆمەت و بوختانی ئیستکباری جیهانیە.

گومان لەوەدا نیە ئازار و دەستدرێژیی جینسی بۆ سەر زیندانییان و قەلاچۆکردنیان، لە دەرەوەی ویست و بڕیاراتی سەرانی ئەم ڕێژیمە و یاسا و تەعلیماتی ئەم ڕێژیمە نەبووە. سووکایەتی بە ناڕازییان و لە نێوبردنی موخالیفان و ئازار و ئەشکەنجەدانیان، بەشێک بووە لە ماهییەتی ئەم نیزامە. هەر بۆیە تەنانەت کەسێکی وەک ئایەتوڵڵا مونتەزیرییش کە کاتی خۆی دژی ئەم جۆرە تاوانانە دەنگی هەڵبڕی، بە هەڵگەرانەوە و لادان لە خەتی نیزام تاوانبار کرا. بێگومان شکەنجەگەرانی دەستدرێژیکەر و جەللادەکانی نێو زیندانەکان تاوانباری سەرەکی نین. ئەوان بەڕێوەبەرانی سیاسەتەکان و بڕیارەکان و ئامۆژگارییەکانی وەلیی فەقیهـ و باقی ڕێبەرانی ڕێژیمەکەن. ئەوان هەر بۆیە ئەم جۆرە کار و پۆستانەیان پێ سپێردراوە، چونکە ئەمر و فەرمان و ڕێنوێنی سەرەوەتری خۆیان لە پێوەندی لە گەڵ ناڕازییان و موخالیفانی ئەم ڕێژیمەدا بێ هیچ دوودڵییەک و بێبەزەییانە بەڕێوە دەبەن. هەر بۆیە ڕێبەرانی حکوومەتی ئیسلامی بۆ خۆیان ئامران و عامیلانی سەرەکیی تاوان لە بەندیخانەکان دان.

## ڕۆژنە

# حاشا لە گۆشتی کەروێشک و ....

عەلی بداغی

لایحەی ئامانجدارکردنی یارانەکان دوای پەسەندکرانی لەلایەن مەجلیسی شووڕای ئیسلامی و شووڕای نیگابانەوە لە ساڵی نوێی هەتاوییەوە دەخرێتە ڕۆژەڤی کاری دەوڵەتەوە، بەڵام هێشتا کێشەی سەرەکیی نێوان دەوڵەت و مەجلیس لەسەر بڕی داهاتی دەوڵەت لە شوێنی ئامانجدار کردنی یارانەکان نەبڕاوەتەوە. هەرچی مەجلیسە بڕی ٢٠ هەزار میلیارد تمەنی بۆ ئەو مەبەستە لەبەر دەستی دەوڵەت داناوە، بەڵام دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد دەڵێ بە کەمترلە ٤٠هەزار میلیارد تمەن ناتوانێ ئەو پرۆژەیەی بخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە. ئەو بڕە پووڵەش لە شوێنی بردنە سەری نرخەکان و ئازاد کردنی قیمەتەکان دابین دەکرێ، هەر بۆیەش لەوانەیە لە ئاکامی ڕێکنەکەوتنی مەجلیس و دەوڵەت دا، دەوڵەت لە درێژەدانی جێبەجێ کردنی ئەولایحەیە پاشگەز بێتەوە.

بەڵام جیا لە ناکۆکی‌یەکانی مەجلیس و دەوڵەت لەسەر ئاراستە قانوونی و سیاسی‌یەکانی ئەو لایحەیە، کۆمەڵە لایەنێکی شاراوەی ئەو پرۆژەیە سەر لێشێواوی و خاڵی جێی پرسیاری لەلای کۆمەڵانی خەڵک دروست کردوە.

ئەوە کە ئەو خووشە بەندییە بە پێی چ پێوەرو پێودانگێک کراوە کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵک لە خوشەی سێ دا جێیان گرتوە کە تایبەت بەو کەس و بنەماڵانەیە کە دەوڵەمەند و خۆش بژێون؟ ئەو بڕە پەرداختی‌یە نەغدییە چەندەیە و لە کەیەوە یارانەکان لەسەر شمەک و خزمەتگوزارییەکان هەڵ دەگیرێ؟

ڕاگەیاندنی خووشە بەندییەکان لە زۆر لاوە نیگەرانی و سەرسووڕمانی لەلای خەڵک و کارناسە ئابوورییەکان دروست کردوە. دەوڵەت لە حاڵێک دا ئیدعا دەکا زۆرترین کاری کارناسیی لەسەر ئەو لایحەیە کردوە، بەڵام دەرنجام و دەرکەوتەکان شتێکی جیاواز و ناتەبا لەگەڵ ئەوەیان دەرخستوە. ئەوەی لەو نێوەدا دیارو ئاشکرایە کە جێ گرتنی خەڵک لە خشتەی خووشەبەندییەکان دا بە پێی ڕادەی حەقدەست و مووچەی مانگانە دیاری کراوە، نەک بە لەبەرچاو گرتنی تێچووەکانی ژیان و پێوەر گەلێکی گرینگی وەک کرێی خانوو و گەڕاندنەوەی قیستە بانکی‌یەکان. لێرە دا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە چەند لە سەدی خەڵک لە خووشەکانی یەک و دوو دا جێ دەگرن کە دەبێ یارمەتیی نەغدییان پێ بدرێ؟ دەوڵەت ئیدعا دەکا کە دەمێک ساڵە کاری کارناسی لەسەر ئەو لایحەیە دەکا، کە چی ئێستاش روون نیە لە یارانەی نەغدی بە هەر کام لە خووشەکان چەندە دەدرێ؟ یان ئەوەی وەک باس دەکرێ هیچ بڕە پارەیەک بە بنەماڵەکانی نێو خووشەی ٣ش دەدرێ یا نا؟ یان ئەوەی کە نرخەکان ئازاد دەکرێن، چۆن و بە چ شێوەیەک یارانەیان لە سەر هەڵ دەگیرێ و لە یەکەم ساڵی جێ خستنی ئەو پرۆژە بڕیارەدا نرخی بەرق، گاز، بێنزین و کاڵاکانی وەک ئارد و قەند و ڕۆن و شەکر دەگاتە چەندە و لە سۆنگەی چەند هێندە بوونی نرخی بێنزین نرخی شمەک و کاڵاکانی بازار چی لێ بەسەر دێ؟

بانکی ناوەندی، هێڵی هەژاریی بنەماڵەیەکی ٦ کەسیی ژێر ٧٨٠ هەزار تمەن ڕاگەیاندوە. بە پێی ئەو ئامارە ٣٠ میلیۆن کەس لە خووشەی یەک دا جێیان گرتوە کە بریتین لە ئەندامانی ئەو بنەماڵەیەی کە لە خێزانێکی ٦ کەسی دا لە مانگ دا کەمتر لە ٤٧٠هەزار تمەن داهاتیان هەیە. ١٧ میلیۆن کەسیش ئەندامانی ئەو بنەماڵانەن کە لە خێزانێکی ٦ کەسی لە مانگ دا لەنێوان ٤٧٠ هەزار تا ٧٨٠ هەزار تمەن داهاتیان هەیە. بەو پێیە ٤٧ میلیون کەس لە خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاری دا دەژین و لە خوشەی یەک و دوو دا جێ دەگرن.

بەڵام خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە جێگری ئەحمەدی نژاد ڕایگەیاندوە کە لەوانەیە مانگێ ١٥هەزار تمەن یارانەکان نەغدی لەمانگ دا بەو کەسانە بدا کە لە خوشەی یەک دا دانراون و ئەو بڕە پارەیە بۆ کەسانی نێو خووشەی دوو لەوە کەمتر دەبێ. کارناسانی ئابووری پێیان وایە تەنانەت هەر ئەوەندە پووڵەش کە دیاری کراوە لەوانەیە دەوڵەت تووشی کەسریی بودجە بکا. ئەوە لەحاڵێک دایە کە ئەحمەدی نژاد لە کاتی پڕوپاگەندەکانی هەلبژاردن دا ڕایگەیاندبوو کە لە ئەگەری پەسندکرانی لایحەی ئامانجدارکردنی یارانەکان دا بڕی ٧٠ هەزار تمەن لە مانگێک دا ئەویش بۆ تاک تاکی خەڵکی ئێران دەبڕدرێتەوە. ئەوەی کە چۆنە لە ماوەی تەنیا ٧مانگ دا ٧٠ هەزار تمەن بۆ خوار ١٥ هەار تمەن دابەزیوەو هەر لە بنەڕەت دا چەندە ئەو لایحەی لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئێران دایە، با لە جێی خۆی بمێنێ! خاڵێکی دیکەی جێی سەرنج لە پێوەندی لەگەڵ ڕاگەیاندنی خووشە بەندییەکانی ئەو لایحەیە ئەوەیە کە زۆربەی خەڵکی کوردستان کە هەژارو کەم داهات و لە دواکەوتوویی ئابووری دا ڕاگیراون، لە خووشەی سێ دا دانراون، واتە ئەو کەسانەی خۆش بژێوو دەوڵەمەندن. ئەوەش لەگەڵ ئەوەی ناڕەزایەتیی زۆری خەڵکی لێ کەوتۆتەوە، پەرەی بەو نیگەرانیەش داوە کە لە کاتی ئازاد کردنی قیمەتەکان دا و چوونە سەرێی زیاتری نرخی"تورم" و گرانی تر بوونی نرخی شمەک و کاڵاکان، خەڵکی هەژارو بێ داهات و کەم داهاتی کوردستان چۆن بەرگەی ئەوشەپۆلە نوێیەی گرانی دەگرن کە لەوانەیە سۆنامی‌یەکی لێ بکەوێتەوە. هەر بۆیەش وای کردوە کە خەڵک لەنێو خۆیان دا بڵێن "حاشا لە گۆشتی کەروێشک و ......!

# مژگێنی

دەچمە ســەر بەرزە چیای دالاهۆ
بانگ دەکەم کوچک و زناری شاهۆ
نامەیـــەک هاتوە لە قەندیلەوەیە
ئاهـــی ساردە و لە دڵی دیلەوەیە
خەم و فرمێسکی چیای سەر بەتەمن
ئێستە شێواوو هەموو دڵ بە خەمــن
تەرەغە جەرگی هەموو توێ توێیە
مۆڵگە پاســـــداری دزێوی لێیە
لە رقی دەنگی سمــی چاوشۆڕان
چاوی کانیاوی هەموو هەڵچۆڕان
کەژی چی؟ باخی بە پیت و بەر بوون
ئەودەمەی بۆ کوڕی کورد سەنگەر بوون
بۆیە هەر بەرزە سەری زمزیــران
باوەشی کردەوە بۆ جیـــا بیــران
راپەڕین رۆڵەیی کورد شێـــرانە
قەت لەبیر ناچێ شەڕی رێی بانە
دڵی پێشمەرگە لە دوژمن پڕ بوو
شڕ بوو داگیرکەر و گشتی قڕ بوو
کوڕی کورد تا لە چیا و سەرڕاو بوو
باوکەڕۆی جاشی ژیاندۆڕاو بوو
کاک هەژار نەیکردبا گیانبـــازی
چیی دەکرد لەشکرەکەی شیرازی؟
کە دەسی دایە تفەنگ شیوەسەڵی
راپەڕین دەشت و کەژ و کۆ لەگەڵی
جاف و هەورامی لە لای کامیاران
نەدەترسـان لـە تـەقـەی تیرباران
گەنجی خۆڕاگری نێو شاری سنە
راپەڕی و لەشکری لێ دابوو دنە
مینبەری خۆرە، لە سەر بستوویە
خاکی پێی تاجی سەری مێژوویە

کێ گەرەکیانە بەرەو خۆر بفـڕن
بێـن و تیتـۆڵێ لـەوان دابـدڕن
لاوی خوێنگەرمی سنە و کرماشان
سەری پاسداری دەبرد بۆ ئاشان
هەر لە تۆڵەی کوڕی کورد بوو شاپوور
مۆڵگە پاسداری دەکردن خاپوور
کە چەک و رەختی لە خۆیدا وەستا
ئاسمان دەست و نەزەر راوەستا
رۆژی شەڕ کاتێ تەقەی بوو کێوگەرد
خۆی پەنای بۆ وی دەبرد داروبەرد
کە لە ئاسمانی دەسوون شاخ سەریان
خدرە سوور غیرەتی نابووە بەریان
سـەنگەرێکی کـە ئـەوی تێـدا بـوو
دەنگی بۆمباشی لە لای وەک با بوو
بازیار یاری خـدر بـوو لـە شـەڕێ
ئێستەش ئەو عیشقە بە لەشیا دەگەڕێ
هەر لەسەر پێیە چەکی بـۆ تـۆڵە
با نەڵێن سەنگەری عەولا* چۆڵە
دەچمە گوندی قەرەگۆل دووراودوور
هەر لە گوێم دایە تەقەی عەولا سوور
هاتبوون جاش و بەسیج وەک کوللە
جێـژنی بـوو تا نەبـڕابوو گوللە
چرچە تا نێـرە هەڵۆی شامات بوو
زۆڵە کورد خۆشی لە دڵیا قات بوو
کە پەلاماری دەبردن هەمزە
کێوی قەندیلی دەهێنا لەرزە
لەشەڕی گورگ و چەقەڵ دامەنگیر
رەوە پاســداری دەکردن نێچیـر
حەمە ئەسپۆغە لە شەڕدا جارێ
لوولە تیـرباری دەهێنا خـوارێ
باڵەکی کاتێ دەسی دایە تفـەنگ
رەوەز و کێوی دەهێنایەوە دەنگ
راپەڕین وەک هەڵۆ مامە* و سەقزی
جاش هەڵات غیرەتی دابووی لە کزی
تاوەکوو گوێی لە گوڕەی ئەفشین بوو

بەشی جاش ترس و لەجێ تۆپین بوو
کە پەلاماری دەبرد قۆیتاســـی
زەندەقی چووبوو ئەوی دەیناسی
چووکەڵی دێتەوە نێو گوند و شار
دەنگی موزیکە لە گوێدا رەگبار
پەڕشەیی ماوە وەفاداری شەهید
هەر لەمەیدانە لەگەڵ خاڵە سەعید
هێزی پێشمەرگە لە پێدەشت و چیا
بە ورە و عیشق و ئەوینێ دەژیا
جاش نەبوو هێز و ورەی بۆ شەڕگە
زەندەقی چووبوو لە بەر پێشمـەرگە
نیشتمان رۆڵەیی وای زۆر ماوە
دوژمنی بـۆیە وەهـا داماوە
دەبێ شانازی بکا، چون لاوی
ناترووکێنێ لە فیشەک، چاوی
چۆن نەکەم بەو گەلەوە شانـازی
لاوی هەر سوورە لەسەر گیانبازی
هەر لەسەر پێیە لە رێی کوردستان
چەکی سەرشانی خەیاڵ و کوێستان
شەوچرای رێگەیی عیشقی پێیە
ئەوکەسەی دەنگی خەجی گوێ لێیە
خەم مەخۆ خاکی ئەسیری کوردان
عیشقی تۆ ناچێ لە بیری کوردان
رۆڵە کورد زۆرە لە رێتا گیانی
زۆر بەخۆشییەوە بکا قوربانی
پێشەوا رێگەیەکی کێشاوە
پڕ لە رێبوارە هەتا کورد ماوە
رووڕەشیی پێدەبڕێ ئاخری قەل
دێتە دی خەونی شەهیدانی گەل

✍ رەسووڵ سوڵتانی

# لە بیرت بێ

لە بیرت بێ!
ئەوە تۆ بووی
هەناسەی منت خستە وەستان
لە پێچی کۆچی ئەم ئەستێرە دا
کە تەنیا شەقامێکی مابوو بۆ ماڵەکەتان

ناغافڵ خەڵتانی خوێن بوو
چاوە کانم
گەرچی چەقۆکێشی هیچ کۆڵانێ نەبووم بیجگەلە عەشق!

لە بیرت بێ!
من دوورترین ئە ستێرە کانم ئاگر دا
وەک سیگارێک دەمنا بە لێوی
بەرزترین بورج و منارە کانی شاروە
بەڵکوو تۆ حەز بکەی لە پیاسە کردن لەگەڵ شاعێرێک دا

لە بیرت بێ!
من ناوی ساڵۆنە کانی چاوەروانیم گۆری
بە ساڵۆنی عاشقانی جیهان.
لە بیرت بێ! تەنیا چاوەروانیی منە
کە یەخە کراسی عەشق دەدڕێت و
ترمیناڵ وەڕەس دە کات!

لە بیرت بێ!
کورسی و نیمکەت نە ماوە لەم شارە دا
لەگەڵ خۆت یان خەیاڵی کراسە بەنەوشە کەت دا
دانەنیشم

لە بیرت بێ!
من یەکەم کەس بووم لە دونیادا
کە لەب تاپم کرد بە دەفتەری شێعر

✍ شەهابەدین شێخی

# دوو کورتە شێعر

شەهید
شەهید
هەتا ئێرە...

مێژووت کردوە بە لانک و
بەرماڵێشت
بە شلێرە....

***

هاکا وتیان:
سەرنچ بدەن:
سەرنچ بدەن:
دەن دەدەن دەن دەن!
مەرگ مەرگ!!!
مەرگی ...
ئەهریمەن...

✍ سیابەخت
١٣٨٨/١٠/٢

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

No. 528  4 Feb 2010

مالپەڕی  ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org   info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 -  MHZ: 11604 -
Polarization: Horizental  -  S R: 27500 - FEC: 5/6

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


بەر لەمالاوایی

## بەرەو
## ٢٢ی ڕێبەندانێکی جیاواز

ب. هیوا

سالانی رابردوو، لە بۆنە حکوومەتی و گشتی‌یەکاندا، گرفتی سەرەکیی بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی، هێنانی خەڵك بۆ سەر شەقامەکان بوو. ئەوان لە رێگەی جۆراوجۆرەوە، فشاریان بۆ خەڵك دێنا بۆ ئەوی لە رۆژێکی وەك رۆژی جیهانیی "قودس" یا "٢٢ی رێبەندان"دا، بێنە سەر شەقامەکان. بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکانیان رادەسپارد بۆ ئەوەی مامۆستایان و قوتابیان ناچار بکەن لە رێپێوانی تایبەت بەم رۆژەدا بەشدار بن، دەیانکردە سەر هەموو ئیدارە دەوڵەتییەکان کە دەبێ هەموو کارمەندەکانیان بۆ رێوڕەسمی ئەم رۆژە بێنن. شووراکانی گوندەکان، بنکەکانی بەسیج و پێشنوێژی مزگەوتەکانیان بەرعۆدە دەکرد لەم بارەیەوە لە ئەرکی خۆیان غافڵ نەبن. ئەگەر خۆ بواردنێکیان لە کاربەدەستێك، کارمەندێك وبەڕێوەبەرێك دیتبایە، ئەم کردەوەیەیان وەك دژایەتیی نیزام لە پەروەندەیدا تۆمار دەکردو لە رۆژی خۆیدا حیسێبیان لەگەڵ دەکرد. دیارە بەشداری کردنیش لەم رێوڕەسمانەدا بۆ کەسەکان بە ئەرکی شەرعی و ئیسلامی و نیشتمانی و بە خاڵی موسبەت دادەنراو - درەنگ یا زوو - بێ پاداش نەدەمایەوە.

سەرهەڵدانی بزووتنەوەی جەماوەریی دوای کودیتای ٢٣ی جۆزەردان و کەڵکوەرگرتنی لایەنگرانی ئەم بزووتنەوەیە لە بۆنە حکوومەتی و مەزهەبی و گشتی‌یەکان بۆ خۆپیشاندان و هێزنواندن، وای کردوە کە گرفتی سەرەکیی ئێستای رێژیم ببێتە چونیەتیی پێشگیری لە هاتنی خەڵك بۆ سەر شەقامەکان لەم بۆنە جۆراوجۆرانەدا. رۆژی جیهانیی قودس، رۆژی خوێندکار، رۆژەکانی تاسوعاو عاشوورا، سەرەڕای هەموو هەڕەشەو ئولتیماتۆمەکانی سوپای پاسداران و ئەو سەرکوتە درندانەیەش کە لەم ماوەیەدا لە سوپاو بەسیج و هێزی ئینتزامی دیترابوو، خەڵك رژانەوە سەر شەقامەکان و، بە دروشم دژی سەرکۆماری کودەتاییش قەناعەتیان نەکرد، بەڵکوو ترۆپکی ئەم نیزامەیان پێکاو وێنەی وەلیی فەقیه و رێبەری رێژیمیان لە نێو زایەڵەی دروشمی مەرگ بۆ دیکتاتۆردا، خستە بن پێی خۆیان.

سەرکوتی بێبەزەییانەو بێ وێنەی نارازییان لە رۆژی عاشووڕادا، ئەگەر لە لایەکەوە نیشانەی داماویی سەرانی ئەم رێژیمە لە رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ خەڵکی نارازی و لێبڕاودا بوو، لە لایەکی دیکەوە هەڵگری ئەم پەیامە بوو کە ئێمە بۆ مانەوەی دەسەڵاتی خۆمان و سەرکوت و چاوترساندنی نارازییانمان، سنوورێك ناناسین. ئێعدامی محەممەد رەزا عەلی رەمەزانی و ئارەشی رەحمانی پوور کە هیچ پێوەندییان بە رووداوەکانی دوای کودیتاوە نەبوو، هیچ واتاو مەبەستێکی تێدا نەبوو جگە لە دووپاتکردنەوەی راشکاوانەی ئەم پەیامە کە ئێمە لە بەرامبەر ئەم بزووتنەوەیەدا پاشەکشە ناکەین و رێگەی پێ نادەین ٢٢ی رێبەندانیشمان لێ بکاتەوە بۆنەکانی دیکەو لە رۆژی هاتنە سەرکاری نیزامەکەماندا، لێبڕاوبوونی خۆی لە سەر کۆتایی هێنان بە دیکتاتۆریی ویلایەت فەقیهی بە دنیا نیشان بداتەوە.

بەڵام رێبەرانی بزووتنەوەی سەوزو خەڵکی کودیتالێکراو، لە سەر هاتنەوە بۆ سەر شەقامەکان لە ٢٢ی رێبەنداندا و هێنانەوە گۆڕی داخوازییەکانیان، سوورن. بەم جۆرە ٢٢ی رێبەندانی داهاتوو جارێکی دیکە شەپۆلی میلیۆنی خەڵکی خوازیاری ئازادی و، سوپای پارێزەری دیکتاتۆری، بەرەو رووی یەك دەبنەوە. بەرەوڕووبوونەوەیەك کە ئەگەر هەڕەشەی سەرانی رێژیم و فەرماندەرانی سوپای پاسدارنیش جێبەجێ ببێ و دەست لە کوشتنی خەڵك نەپارێزن، دیسانەکە، پێشی بڵاوبوونەوەی ئەم پەیامە بەگوڕو راشکاوەی لە رۆژی ٢٢ی رێبەندان‌دا پێ ناگیرێ کە خەڵکی ئێران چی دیکە ئەم رێژیمە تەحەممول ناکەن.

## وێنەیەکی مێژوویی حەزرەتی عیسا لە باکووری کوردستان دۆزرایەوە



بە پێی هەواڵی تلویزیۆنی "TRT"ی خەبەریی تورکیە، شوێنەوار ناسان لە کاتی نوێژەن کردنەوەی کەنیسەی "ئایاڤوکلا"دا کە دەکەوێتە شاری ئزمیری باکووری کوردستان، لەژێر رەنگی دیواری کەنیسەکەدا وێنەی حەزرەتی عیسا، حەزرەتی جوبرەئیل و حەزرەتی میکائیلیان دۆزیوەتەوە کە زۆر لەمێژین دەنوێنن.

بە پێی ئەم هەواڵە وێنەکان لەسەر شێوازی وێنەی کەنیسەی ئۆرتۆدۆکس کێشراونەتەوە. کەنیسەی ئایاڤوکلا، ساڵی ١٨٨٧ بەدەستی یۆنانییەکان بینا کراوە کە لە کاتی شەڕی "کورتوکس" (شەڕی رزگاریخوازی دژی یۆنانییەکان)دا جبەخانەی یۆنانییەکان بووە و ساڵی ١٩٢٤ نۆژەن کراوەتەوە و ساڵی ١٩٥١ بۆتە موزەخانە.

## یادی یازدە ساڵەی ماڵاوایی مامڵێ



بە بۆنەی یازدەمین ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی "محەمەد مامڵێ" گۆرانیبێژی مەزنی کورد لە لایەن بەڕێوەبەری پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێرو کۆمەڵێك قوتابی و موزیکژەنی پەیمانگە لە شاری هەولێر  رێورەسمێك بەڕێوەچوو.

لەم کۆڕە یادەدا وێڕای خولەکێك وەستان بۆ گیانی پاکی گۆرانیبێژی کۆچکردوو، چەند پارچە موزیکی گۆرانییەکانی مامڵێ، کورتە باسێکی شیکاریی دەنگی مامڵێ و باس لەسەر بنەماڵەکەی و خزمەتەکانی پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

پێویستە بوترێ نەمر مامڵێ ٤٠٠ گۆرانیی تۆمارکراوی بۆ نەتەوەکەی جێهێشتوە کە دەکرێ نەوەی نوێ لە بوارە جیاجیاکاندا سوودیان لێ وەرگیرێ و شیکاریی زانستی و ئاکادیمییان لەسەر بکا.

## باشترینی باشترین فیلمەکانی دەیەی دووهەزار



رەنگە کەم کەس هەبێ لە کوردستان "بەهمەن قوبادی" و هونەرە بەرزەکەی بەلایەوە نامۆ بێ. قۆبادی دەردو ئازاری کوردی گوازتەوە نێومێشکی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی دنیاو رووماى کوردو ژیانی پڕ لە مەینەتی کوردی لەسەر پەردەی سینەماکانی جیهان کێشاوەو شاشەی زۆربەی کاناڵەکانی جیهان بە بەرهەمەکانی ئاشنا بوون.

ئەم جارەش قوبادی شانازییەکی دیکەی لە ئاستی جیهان دا بۆ گەلەکەی بە دیاری هێنایەوە ئەویش ئەوەیە کە یەکێك لە فیلمەکانی وەك یەکەمین باشترینەکانی فیلمەکانی دەیەی دووهەزار هەڵبژێردرا.

کاتێك بۆ مەستیی ئەسپەکان، کە براوەی کامێرای زێڕینی "کان"ی ٢٠٠٠و بەشداریی ٥٠ فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی کردووە زیاتر لە ١٢ خەڵاتی بەدەست هێناوە لە لایەن وێب سایتی ئینتێرنێتی:

New-yorkification franch

ەوە، بە باشترین فیلمی دەیەی دووهەزار دەسنیشان کرا.

## موزیك کاریگەری ئەرێنی لەسەر شێوازی پەروەردەیی منداڵان هەیە



ئاکامی دوایین لێکۆڵینەوەکان لە بریتانیا ئەم راستییە دەردەخەن کە فێرکردنی موزیك، کاریگەری ئەرێنی لەسەر شێوازی هەلسوکەوت و پەروەردەیی منداڵان دەبێ. ئەنجامی تاقیکارییەکان لە زانکۆی هونەری بریتانیا ئەم ئاکامە نیشان دەدەن کە، بە بەشدار بوونی منداڵان لە گرووپەکانی موزیك دا دەبێتە هۆی ئەوەی قوتابییەکان باشتر فێری کلتووری کاری بەکۆمەڵ بن و هەستی هاوکارییان لە دەروون دا بەهێزتر بێ.

هەروەها ئەو منداڵانەی کە لە قۆناخە سەرەتاییەکاندا هەوڵی فێربوونی موزیك دەدەن روانگەیەکی ئەرێنییان لەبارەی وانەکانی دیکەوە هەیەو توانای خوێندنەوەشیان بەهێزترە. زانایان لەسەر ئەم بروایەن، فێربوونی موزیك دەبێتە هۆی چالاك بوونی بەشی مێشك کە بە بەرپرسی سەرەکیی "هۆشی"مرۆڤ دەناسرێ.

## باشترین ئەستێرەی سینەمای جیهان، کلینیت ئیستوود




بە پێی هەواڵی "هۆلیوود ریپۆرتەر" لە ئاکامی راپرسییەکی ساڵانەدا کە لە رێگەی رێکخراوی "هەریس ئیتێر ئەکتیڤ"ەوە بەرێوەدەچێ کلینیت ئیستوود ئەکتەرو دەرهێنەری ناوداری هۆلیوود وەك باشترین ئەستێرەی سینەمای جیهان لە ساڵی ٢٠٠٩دا دەسنیشان کراوە.

هەروەها هەر بە گوێرەی ئەم راپرسییە "ئوپێرا وینفری" پێشکەشکاری ناسراوی تلۆیزیۆنی وەك باشترین کەسایەتیی تیڤی و "جانی دێپ" بەدوای ئیستوود دا لە پلەی دوویەمی ئەستێرەکانی سینەما دا جێ دەگرێ.

## زۆربەی هونەرمەندان فیستیڤالی فەجریان بایکۆت کرد





زۆربەی هەرە زۆری هونەرمەندانی ناسراوی جیهان و ئێران فیستیڤاڵی فەجریان بایکۆت کرد.

فیستیڤاڵی فەجر کە هەموو ساڵێك هاوکات لەگەڵ جەژنی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ داو لە لایەن دەسەڵاتەوە بەڕێوەدەچێ ئەم ساڵ بە بێ بەشداریی زۆربەی هەرە زۆری سینەماکارانی ناوداری جیهان و نێوخۆی ئێرانیش بەڕێوەچوو.

پێتەر بروك دەرهێنەری ناوداری بریتانیا لە بواری شانۆ، لە دایکبووی لەندەن کە لە رێگەی نوێخوازی و بەکارهێنانی رەگەزەکانی شانۆی رۆژهەڵاتەوە لە شانۆ رۆژئاواییەکاندا توانیویە کاریگەریی بەرچاوی لەسەر شانۆی سەدەی بیستی جیهان هەبێ.

کەن لووچ دەرهێنەری ناوداری بریتانیا، ئەریك کانتۆنا ئەستێرەی تۆپی پێو ئەکتەری سینەما، تئۆئینگلۆپۆلس دەرهێنەری ناسراوی یۆنانی، فیلیپ لۆرە دەرهێنەری فەڕەنسی، ئالیا سلێمان دەرهێنەری فەلەستینی و هەروەها دەرهێنەرە بەناوبانگەکانی بواری شانۆی نێوخۆی وڵات وەك بەهرام بەیزایی، عەلی رەفیعی، حەمید سەمەندەریان و هەروەها بەشێکی زۆری نووسەران و دەرهێنەرانی دیکەی ئێران بۆ دەربڕینی دژایەتیی خۆیان بەرانبەر بە رووداوەکانی دوای هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری، ئامادە نەبوون لەم خولەی فیستیڤاڵی فەجر دا بەشداری بکەن.

